

# سەرەتانی پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا ئەقڵییەتی سیاسیی مالیکییە نەک داعش

# هاوبیرەکانی مالیکی وەک باڵی سیاسیی داعش لە پرۆسەی سیاسیی کوردستاندا



**ئەگەر ئەو کێشە دروستکراوانە بۆ خەڵک ئاشکرا کران و پرۆسەی سیاسی کەوتەوە سەر سکەی خۆی، ئەوا هیچ کێشەیەکی سیاسی و ئابووری نییە لە ئیرادەی خەڵک و پرۆسەی سیاسیی کوردستان گەورەتر بێت**

**لایەنێکی دیکە کە گرنگە لەم قۆناخەدا پارتی و یەکێتی لەگەڵ خەڵکی کوردستان راستگۆیانەو راشکاوانە قسەی پێ بکەن، ئەوەیە کە خەڵکی کوردستان بگەیەننە قەناعەت کە بێجگە لە کێشەی دروستکراوی سیاسی و عینادیی سیاسی و تێکدانی پرۆسەی سیاسی لە کوردستان هیچ کێشەیەکی دیکە نییە**

**هەنگاوی یەکەمی ئەو هێزەی پێویستە پارتی و یەکێتی لەم قۆناخە بەرهەمی بهێنێن، سەرەتا بە لێکتێگەیشتنێکی تازەی نێوان پارتی و یەکێتی دەست پێدەکات، بەڵام هەنگاوی دووەمی دەبێت گوتاری هاوبەشی پارتی و یەکێتی بێت بۆ ئەوەی ئەو خەڵکانەی بە هەڵە کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی گۆڕان و رێکخەرەکەیەوە لەو وەهمە رزگار بکرێن و شوێنی خۆیان وەک تاکیکی دڵسۆز لەناو پرۆسەی سیاسیدا بدۆزنەوە**

## ● لە ئیشکالیەتی کۆتایی مودێرنەوە بۆ ئیشکالیەتی کۆتایی دیموکراتی

میشیل فۆکۆ لە پێشەکیی کتێبی (وشە و شتەکان) نووسیویەتی: شوێنی لەدایکبوونی ئەم کتێبە دەقێکی بۆرگیسە، کاتێك ئەم کتێبە دەخوێنیتەوە پێکەنینێك دروست دەبێت کە هەموو نەریتەکانی فیکر - فیکری ئێمە- دەهەژێنێت، فیکرێك کە خاوەنی تەمەن و جوگرافیای ئێمەیە، هەموو رووە رێکخراو و پلانەکان دەهەژێنێت، کە وادەکات شێوازی هەمەجۆری بوونەرەکان بێنە بازنەی ئەقڵمانەوە، هەروەها دەبێتە هۆکاری ئەوەی جۆری پیادەکردنی فیکری کۆن بۆ (خود و ئەوی دیکە) بۆ ماوەیەکی زۆر بلەرزێت و نیگەران بێت.

ئەگەر میشیل فۆکۆ لە میانەی ئەم دێڕانە و تەواوی کتێبی (وشە و شتەکان) بیەوێت پێمان بڵێت: کتێبەکەی بۆرگیس توانیویەتی شێوازی هەمەجۆری بوونەوەرەکان پێکەوە کۆبکاتەوە، ئەوا چیتر مۆدێرنە ناتوانێت بیربۆچوونە جیاوازەکانی پێکەوە لەسەر یەك مێز کۆبکاتەوەو لێکتێگەیشتن لە نێوانیاندا دروست بکاتەوە، ئەمەش بەو مانایەی ئەگەر مۆدێرنە لەبەرهەمی ئەقڵی مرۆڤایەتییەوە بگۆڕێت بۆ بەرهەمی ئەقڵی رۆژئاوا، ئەمە مانای ئەوەیە کاتێك ئەقڵی مرۆڤی غەیرە رۆژئاوایی دەیەوێت هەنگاو بەرەو مودێرنە هەڵبگرێت، ئەوا ناچار دەبێت ئەقڵی رۆژئاوا وەك سەنتەر سەیربکات و کوێرانە لاسایی بکاتەوە، بەمجۆرە ئەقڵی رۆژئاوا لە سەنتەردا وەك ئەقڵێکی باڵا دەمێنێتەوە و ئەقڵی مرۆڤەکانی دەرەوەی رۆژئاوا دەکەونە پەراوێزەوە، لەم حاڵەتەشدا لەبری ئەوەی مودێرنە پرۆسەی رۆشنگەری خۆی تەواو بکات، پێچەوانەکەی دروست دەبێت کە کۆتکردن و بەپەراوێزخستنی ئەقڵی مرۆڤ دەبێت. بۆیە فۆکۆ رایوایە مۆدێرنە کۆتایی هات و دەبێت قۆناخی پۆست مۆدێرنە دەست پێبکات.

لەبەرامبەر ئەم بۆچوونانە فیکری هابرماز جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە مودێرنە کۆتایی نەهاتووە، بەڵکو دەبێت مودێرنە بکرێتە گوتارێکی فەلسەفی و تەواسلی لەگەڵ قۆناخە جیاوازەکانی سەردەم هەبێت و وەڵامی پرسیارەکانی سەردەمی خۆی بداتەوە، بەڵام هابرمازیش ناتوانێت بڵێت، مودێرنە تووشی کێشە و ئیشکالیەتی گەورە نەبووە، هەر بۆیە لە کتێبی (مەعریفە و بەرژەوەندی) ددان بەو راستییەدا دەنێت، کە شۆڕشی پیشەسازی و پێشکەوتنی زانستی وایان کردووە کە مودێرنە لەبری ئەوەی مەعریفەیەکی ئازادیخوازانە بۆ ئازادی مرۆڤ بەرهەم بهێنێت، ئەوا لەزۆر حاڵەتەدا مەعریفەیەکی بەرژەوەندخوازی بۆ خزمەتی سەرمایەداری بەرهەمهێناوە و مرۆڤی کردۆتە کۆیلەی ئامێر، بۆیە ئەگەر ئامانجی مودێرنە لەبنەڕەتدا رزگارکردنی مرۆڤایەتی بووبێت لەکۆیلایەتی، ئەوا ئێستا مودێرنە جۆرێکی دیکەی کۆیلایەتیی مرۆڤی بۆ ئامێر دروستکردۆتەوە. هەتا ئێرە، ئەمە کێشەو ئیشکالیەتی فیکرە لە سەر کۆتایی مودێرنەو پۆست مودێرنە لە قۆناخی پێش رووخانی دیواری بەرلین، بەڵام کاتێك دیواری بەرلین دەڕووخێت، قۆناخێکی دیکە دەست پێدەکات کە ئەویش قۆناخی شۆڕشی تەکنەلۆژیا، شێوازی گۆڕانکاری لە جیهانی شۆڕشی تەکنەلۆژیادا بەپێی یاسای مۆر بەڕێوە دەچێت، ئەمەش بەو مانایەی ئەگەر لە قۆناخی پێش شۆڕشی تەکنەلۆژی لەماوەی ٧٠ ساڵدا جیهان جارێك دوو هێندەی خۆی گۆڕانکاری بەسەردا هاتبێت، ئەوا لەم قۆناخەدا هەر ٢٤ مانگ جارێك، جیهان دوو هێندەی خۆی گۆڕانکاری بەسەردا دێت، بۆیە ئەگەر بە شێوازێکی ماتماتیکی بەراوردی گۆڕانکارییەکانی قۆناخی شۆڕشی تەکنەلۆژی لەگەڵ قۆناخە جیاوازەکانی شۆڕشی پیشەسازی بکەین، ئەوا ئەو گۆڕانکارییەی تەنیا لەماوەی یەك ساڵدا جیهان بەخۆیەوە دەیبینێت، هاوتای ٣٥ ساڵی قۆناخی شۆڕشی پیشەسازییە، لەم حاڵەتەشدا ئەگەر شۆڕشی پیشەسازی لە ماوەی سەدەی هەژدەهەم تا ناوەڕاستەکانی سەدەی بیستەم کە دەکاتە نزیکەی ٢٠٠ ساڵ جارێ کۆتاییهاتنی مودێرنەی دابێت، ئەوا شۆڕشی تەکنەلۆژیا تەنیا لەماوەی ٦-٧ ساڵدا وەك فەرید زەکەریا لەساڵی ١٩٩٧ لەدیراسەتێکدا بەناونیشانی (دیموکراتی نالیبراڵی و ئایندەی ئازادی) ئاماژەی پێکردووە، پاشانیش لە ٢٠٠٣ لە کتێبێکدا بەناوی (ئایندەی ئازادی) بڵاوی کردووەتەوە، توانی پرسیاری گەورە لەسەر سیستمی لیبراڵ دیموکراتی دروست بکات و پێمان بڵێت، ئەگەر هەتا ئێستا تێگەیشتن لە سیستمی لیبراڵ دیموکراتی بەو مانایە بەکار هاتبێت کە تەنیا رێگەیە بۆ گەیشتن بە ئازادی و پاراستنی ئازادی، ئەوا سیستمی دیموکراتی نالیبراڵی (illiberaldemocracy) ئایندەی ئازادی

خستۆتە مەترسییەوە. زەکەریا سەبارەت بە کودەتای ژەنراڵ پەروێز موشەرەف بەسەر نەواز شەریف-ی سەرۆك وەزیرانی هەڵبژێردراوی پاکستان، پشتگیری خۆی بۆ کودەتاکەی موشەرەف پیشان دەدات و پێیوایە کودەتاکەی موشەرەف لە دیموکراتیەتەکەی نەواز شەریف بۆ ئایندەی ئازادی و سەقامگیریی پاکستان باشترە. بەڵام پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە ئایا ئەم گۆڕانکارییە خێرایانەی شۆڕشی تەکنەلۆژی توانی سیستمی دیموکراتی راست بکاتەوە؟ سەبارەت بە وەڵامی ئەم پرسیارە فرانسیس فۆکۆیاما جارێ ئەوەی داوە (دیموکراتی لەداکشانی تەواودایەو چیتر ناتوانێت وەك پێشان ئەدای ئەرکەکانی خۆی بکات.) بۆیە چار نییە دەبێت بەدوای بەدیلی دیموکراتیدا بگەڕێین، بەڵام رۆژنامەنووس و بیرمەندی جیهانی تۆماس فریدمان لە تازەترین کتێبی بەناونیشانی (سوپاس بۆ دواکەوتنت: دیدێکی گەشبینانە بۆ گەشەکردن لە سەردەمی خێراییدا) جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە ئێستا ئێمە لە فەزای ئەنتەرنێتدا (cy-berspace) ژیانی رۆژانەی خۆمان بەسەر دەبەین، لەم فەزا تازەیەدا هیچ یاسایەك، هیچ دامەزراوەیەك، هیچ سوپایەك، هیچ هێزێکی ئاسایش و پۆلیس نییە هەتا ئازادییەکانی تێدا رێکبخات، بۆیە پرسیار ئەوەیە ئایا لەفەزای ئەنتەرنێتدا هاوشێوەی بۆشایی ئاسمان، هێزێکی میتافیزکی هەیە یاسای بۆ دابێت و رێکی بخات؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە فریدمان پێمان دەڵێت: «باشترین رێگەچارە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم سەردەمە ئەوەیە ئێمە خۆمان وەك مرۆڤ لە ئاستی ئەو گۆڕانکارییە خێرایانەدا رابوەستین و جووڵە نەکەین، بۆ ئەوەی بتوانین دووبارە بیربکەینەوە، دووبارە مەزندە بکەین، دووبارە رەنگدانەوەی خۆمان لەسەر ئەو گۆڕانکارییە خێرایانە دروست بکەین، لەم حاڵەتەدا گرنگ نییە تۆ دیموکراتیت، یان ئایدیۆلۆژیستێکی چەپ، یان لیبراڵیت، بەڵکو گرنگ ئەوەیە بە بیرکردنەوەی تازە مامەڵە لەگەڵ ئەم واقیعە تازە بکەیت.»

## ● نەخۆشیی سیاسیی عێراق
## ئەقڵییەتی سیاسیی مالیکییە نەك داعش

کاتێك لە کۆتایی ٢٠١١ ئەمریکا بڕیاریدا هێزەکانی لە عێراق بکشێنێتەوە، تەنیا لەماوەی ٤ مانگی حوکمڕانیی عێراق لە غیابی هێزەکانی ئەمریکا و لە ژێر ئەقڵییەتی نوری مالیکی گەیشتە ئەوەی رۆژنامەنووس نید پارکەر بەرپرسی بیرۆی ئاسۆشیتد پریس لە بەغدا، توێژینەوەیەکی بەناونیشانی (ئەو عێراقەی بەجێمان هێشت: جیهان پێشوازی لەدەوڵەتێکی فاشیل دەکات- The Iraq We Left Behind :Welcome to the World's Next Failed State) کە لە ژمارەی مانگی مارت و نیسانی ٢٠١٢ی گۆڤاری فۆرین ئەفێرز بڵاو کراوەتەوە، نید پارکەر لەم توێژینەوە مەیدانییەدا ئەوەی بۆ جیهان ئاشکرا کردووە کە ئەو ئەقڵییەتەی نوری مالیکی سەرۆك وەزیرانی پێشووی عێراق حوکمڕانی پێدەکات، عێراق وەك دەوڵەتێکی فاشیل پێشکەشی جیهان دەکات.

لێرەدا پرسیاری گرنگ ئەوەیە ئایا ئەم توێژینەوەیەی رۆژنامەنووس نید پارکەر تەنیا مەزندەیەکی رۆژنامەنووسانە بوو، یان لەسەر ئەرزی واقیع بوونی هەبووەو ئەو وەك رۆژنامەنووسێکی راستگۆ ئەو واقیعەی پیشانی جیهان داوە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە کریستیان ئامانپور رۆژنامەنووسی بەناوبانگی کەناڵی CNN لە مانگی حوزەیرانی ٢٠١٣ دەیداتەوە کە لەمیانەی دیمانەیەکی راستەوخۆدا بۆ CNN لە وەزیری دەرەوەی ئەوکاتی عێراقی پرسی: ئایا عێراق لەبەریەك هەڵوەشاوەو کۆتایی هاتووە؟- is Iraq unraveling-، ئاراستەکردنی ئەم پرسیارە لەلایەن CNN ـەوە بۆ وەزیری دەرەوەی عێراق بەو مانایە نییە کە CNN گومانی هەیە عێراق کۆتایی هاتووە، یان نە، لەبەر ئەوەی بارودۆخی سیاسی و ئاسایشی عێراق لە ناوەڕاستی ساڵی ٢٠١٣ لەوە دەرچوو بوو کە هیچ کەسێك گومانی لەبەریەك هەڵوەشانی عێراق هەبێت، بەڵکو ئەو پرسیارە بەو مەبەستەیە ئاراستەی بەرپرسانی عێراق دەکرا، بەوەی ئایا کاربەدەستانی حکومەتی عێراق خۆیان دان بەو راستییەدا دەنێن کە عێراق لەبەریەك هەڵوەشاوەو کۆتایی هاتووە، یان نییەتی ئەوەیان هەیە سیاسەت و ئەقڵیەتی خۆیان بگۆڕن و بارودۆخەکە راست بکەنەوە؟ بێگومان وەڵامی کاربەدەستانی تیمەکەی مالیکی بۆ ئەو پرسیارانە ئەوە بوو، نەخێر عێراق لەبەریەك هەڵنەوەشاوە و ئەو ئاراستەی لەسەری دەڕۆین هەموو کێشەکان چارەسەر دەکات!

بەڵام تەنیا چەند مانگێگ دوای ئەم وەڵامەی کاربەدەستانی عێراق بۆ پرسیاری: ئایا عێراق لەبەریەك هەڵوەشاوە، یان نە؟ ئەوە بوو لەسەرەتای ٢٠١٤ داعش وەك رێکخراوێکی تیرۆریستی خۆی

**قۆناخی دوای نەمانی مەترسییەکانی داعش بەسەر واقیعی سیاسیی کوردستاندا فەرزی دەکات، کە پێویستە پارتی و یەکێتی بەهێز بن، یان پێکەوە هێزێکی گەورە دروست بکەن بۆ ئەوەی ئەو لوغمە سیاسییانە پوچەڵ بکرێنەوە کە لەناو پرۆسەی سیاسیی کوردستاندا چێنراون**

**ماوەی زیاتر لە١٠ ساڵە هەوڵی سەرەکیی نەوشیروان مستەفا و بزووتنەوەی گۆڕان بۆ دژایەتی رێککەوتنی نێوان پارتی و یەکێتی تەرخان کراوە بۆ ئەوەی هێزی پارتی و یەکێتی پێکەوە نەتوانن سەقامگیریی کوردستان بپارێزن و هەنگاوی گەورەتر بۆ ئایندە هەڵبگرن، ئاکامی ئەو هەوڵانەی نەوشیروان مستەفا و گۆڕان بۆ تێکدانی رێککەوتنی پارتی و یەکێتی، ئەو بارودۆخە ناسەقامگیر و شڵەژاوەی لێکەوتۆتەوە کە ئێستا لە کوردستان بەگشتی و لەدەڤەری سلێمانی بەتایبەتی بەچاوی خۆمان دەبینین**

**پارتی و یەکێتی پێکەوە لەناو هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا رێژەی ٩٠٪ی هێزی پێشمەرگەی کوردستان پێکدەهێنن، پێکەوە پشکی شێری گەورەترین سەرکەوتنیان پێبڕاوە کە ئەویش تێکشکاندنی سەربازییانەی تیرۆریستانی داعشە، بۆیە لە ئێستادا رێکخستنەوەی سیاسیی نێوماڵی کوردستان و راستکردنەوەی پرۆسەی سیاسیش پشکی گەورەی دەکەوێتە سەرشانی پارتی و یەکێتی**

**ئەم قۆناخە هەستیارو چارەنووسسازەی ئێستا کوردستانی پێدا تێپەڕدەبێت، پێویستی بە پاراستنی ئاسایش و سەقامگیری ناوخۆ، هەروەها سەقامگیری سیاسی لە پرۆسەی سیاسیی کوردستاندا هەیە**

**ئەگەر هەموو لایەنە سیاسییەکان هەوڵنەدەن، دیالۆگ و دانوستاندن و کۆمپرۆمایز جێگەی دۆڕاندن و بردنەوە بگرێتەوە، ئەوا بێگومان پرۆسەی سیاسی بەرەو هەڵدێر دەچێت و پاشانیش ئامانجی ئەو دوژمن و ناحەزانەی کوردستان سەردەکەوێت کە وەک مالیکی بیردەکەنەوە**

راگەیاند، شەش مانگ دوای ئەم راگەیاندنە موسڵی داگیرکردو خەلافەتی ئیسلامی لە سووریا و عێراق راگەیاند. کەواتە زنجیرەی رەفتار و سیاسەتەکانی نوری مالیکی لەماوەی ٢٠١٢ – ٢٠١٤ بووە هۆکاری ئەوەی داعش دروست بێت، بەڵام پرسیار ئەوەیە ئایا ئێمە وەك کورد کە کەیفمان بە ئەقڵییەتی سیاسیی نوری مالیکی نایەت، ئۆباڵی دروستبوونی داعش دەخەینە ئەستۆی مالیکی، یان ئەمە واقیعەو کەس ناتوانێت نکۆڵی لێ بکات؟ دیارە بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەبێت بگەڕێینەوە بۆ ئەو وتارەی فلیپ گۆردن راوێژکاری ئاسایشی سەرۆك ئۆباما تا ساڵی ٢٠١٥ کە لە ئۆکتۆبەری ٢٠١٦ بەناونیشانی (چۆن نەخۆشییەکە دەستنیشان بکەین، نەك دەرهاویشتەکانی وەك داعش)، گۆردن لەم وتارەیدا راشکاوانە دەستی خستۆتەسەر رەگی برینەکەو بە ئاشکرا دەڵێت هۆکاری دروستبوونی داعش ئەو ئەقڵییەتە سیاسییە بووە کە نوری مالیکی لە عێراقدا حوکمرانی پێکردووە، ئەمەش دوای سەرهەڵدانی داعش و داگیرکردنی موسڵ و راگەیاندنی خەلافەتی ئیسلامی لە ئیدارەی ئۆباما شاردراوە نەبووە، هەربۆیە ئیدارەی ئۆباما هیچ کاردانەوەیەکی نەبوو بەرامبەر داگیرکردنی موسڵ لەلایەن داعشەوەو مەرجی بەشداریکردنیشی بەوە گرێدایەوە کە دەبێت نوری مالیکی وەك سەرۆك وەزیرانی عێراق نەمێنێت و مافی ئەوەشی نەبێت خۆی کاندید بکاتەوە.

ئەم جەختکردنەوەی ئەمریکا کە بێگومان هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش بە حەیدەر عەبادی سەرۆك وەزیرانی ئێستای عێراقیشەوە قبوڵیان کردووە، ئاماژەیە بۆ ئەوەی هەتا نوری مالیکی لە ناو پرۆسەی سیاسیی عێراقدا بێت، ئەوجا چ وەك سەرۆك وەزیران، یان وەك سەرۆکی حزبی دەعوا کە ئێستا بەو ناوە چالاکیی سیاسی دەکات، ئەوا بەردەوام ژینگەی سیاسیی عێراق بەرەو ئەو ئاراستەیە دەروات کە ببێتە ژینگەیەکی بەپیت بۆ بەرهەمهێنانی فیکری توندڕۆیی رادیکاڵیی ئایدیۆلۆژی جیاواز کە هەر هەموویان وەك باڵی سیاسیی داعش هەمان ئەو ئامانجانە جێبەجێ دەکەن کە باڵی سەربازی داعشی دروست کردووە.

لە ماوەی شەڕی دژی داعشدا، مانای وشەی داعش تەنیا بریتی نییە لە کوتکراوەی (دەوڵەتی ئیسلامی لەعێراق و شام)، هەروەك نازی-یش تەنیا بریتی نییە لە سۆشیالیزمی نەتەوەیی (Nationalsozialismus) یان بۆ پارتی نەتەوەیی سۆشیالیزمی کریکارانی ئەڵمانیا، بەڵکو نازی لە ناو ئەدەبیاتی سیاسیی جیهاندا مانایەکی دیکەی وەرگرتووەو ئاماژەیە بۆ (رەگەزپەرستی، رێزنەگرتنی مافەکانی مرۆڤ، دڕندایەتی و وەحشیگەری و کۆمەڵکوژی و ژینۆساید) بۆیە هەر فیکرێکی سیاسی کە ئەو سیفەتانەی تێدا بێت، بە نازی هەژمار دەکرێت، لە ئێستاشدا داعش بۆتە هاوتای (مەزهەبگەرایی و توندڕەوی، تەکفیر و وەحشیگەری، بڵاوکردنەوەی رق و کینەو بڕوا نەبوون بە دیالۆگ و پێکەوەژیان)، هەر بۆیە ئێستا لە ناوەندەکانی فیکر و لێکۆڵینەوەی سیاسی هەر بزووتنەوەیەکی سیاسی بە هاوشێوەی داعش رەفتار بکات، ئەوا بەداعش ناودەبرێت، ئەم ئاماژەکردنە، ئاماژەکردن نییە بۆ ناوە ئەسڵییەکەی داعش، بەڵکو ئاماژەیە بۆ هاوشێوەیی رەفتارەکانی ئەو لایەنە لەگەڵ رەفتارەکانی داعشدا.

لەسەر ئەم بنەمایە ئەگەر داعش دەرهاویشتەی ئەقڵییەتی فیتنەی مەزهەبگەرایی مالیکی بێت دژی سوننە، ئەوا لە بنەڕەتدا سەرەتانی ئەم فیتنەیە ئەقڵییەت و فیکری مالیکییە نەك داعش، ئەوجا بۆ ئەوەی کاتێك داعش لە رووی سەربازییەوە تێکدەشکێندرێت و جارێکی دیکە لەسەر ئاستی سیاسی دروست نەبێتەوە، ئەوا دەبێت هەوڵبدرێت ئەم سەرەتانە (ئەقڵییەت و فیکری مالیکی) لەناو پرۆسەی سیاسیی عێراقدا لە ریشەوە هەڵبکێشێندرێت، ئەمەش لە پێناوی ئەوەیە دوای ئەوەی داعش لە رووی سەربازییەوە تێکدەشکێندرێت، ئەو تێکشکاندنە ببێتە سەرەتایەك بۆ پێکەوەژیان لەناو پێکهاتە جیاوازەکانی عێراق، نەك ببێتە سەرەتای فیتنەیەکی دیکە کە دروستبوونی شەڕێکی ناوخۆی خوێناوی شیعەو سوننەیە کە ئێستا هەموو چاودێران ئەم مەترسییە وەك مەترسی پلەیەك و سەرەکی بۆ دوای داعش لەبەرچاو دەگرن.

پرسیاری دیکە لێرەدا ئەوەیە ئایا ئەقڵییەتی سیاسیی نوری مالیکی تەنیا کاریگەری لەسەر بەشە عەرەبییەکەی عێراق هەیە، یان پەلیهاویشتووەو کوردستانیشی گرتۆتەوە؟ گومانی تێدا نییە نوری مالیکی هەوڵیداوە پەتا و سەرەتانی ئاژاوە و توندڕەوی بە شێوازی جۆراوجۆر هەناردەی کوردستان بکات و لەمەشدا توانیویەتی جۆرە هاوپەیمانییەك لەگەڵ

هەندێك لایەنی سیاسیی كوردستان دروست بكات كە زۆر راشكاوانە رۆڵی باڵی سیاسیی داعش لەناو پرۆسەی سیاسیی كوردستاندا بگێڕن. ئەم هەوڵەی مالیكی بۆ دروستكردنی باڵی سیاسیی داعش لەلای سەركردایەتی سیاسیی كوردستان شاراوە نییەو سەرۆك بارزانی لە وتارەكەی رۆژی ١٦ی ١١ی ٢٠١٦ لە باشیك زۆر راشكاوانە دەستی خستەر سەر ئەم مەترسییەو گوتی: «ئەو لوغمانەی داعش داینابوون، پێشمەرگە هەڵیگرتنەوەو كوردستانی پاك كردەوە، ئەو لوغمە سیاسییانەی ئێوەش لەسەر رێگای ئێمە داتاناوە، زۆرمان هەڵگرتنەوەو ئەوانی دیكەش هەڵدەگرینەوە.» ئەم گوتانەی سەرۆك بارزانی راشكاوانە ئاماژەیە بۆ بوونی باڵێكی سیاسیی داعش لەناو پرۆسەی سیاسیی كوردستان و ئێستا هەوڵێكی جددی لەسەر ئاستی پرۆسەی سیاسیی كوردستان لەئارادایە بۆ ئەوەی ئەو باڵە ناچاربێت لەگەڵ ئەمری واقیعی سیاسیی كوردستان مامەڵە بكات، بەپێچەوانەشەوە ئەوا ئەگەر هەر دوای ئەقلییەتی نوری مالیكی بكەون و بیانەوێت توندڕەویی ئایدیۆلۆژی سیاسی لەبری فیتنەی مەزهەبگەرایی لەكوردستان دروست بكەن، ئەوا بەجۆرێكی دیكە مامەڵەی لەگەڵ دەكرێت.

لە بەرامبەردا مەترسیی گەورە لەسەر بەشە عەرەبییەكەی عێراقە كە زۆر زەحمەتە بتوانرێت لە ژینگەی باڵادەستیی حەشدی شەعبی شیعەدا فیكرو ئەقلییەتی نوری مالیكی ریشەكێش بكرێت، لە بنەڕەتدا حەشدی شەعبی شیعە بۆ بەرگریكردن لە شیعە دروست بووە، نەك بۆ بەرگریكردن لە عێراق، هەروەها حەشدی شەعبی شیعە لەسەر هەمان ریتمی كاردانەوەی داعش ئاراستەی خۆی دیاری دەكات. هەروەك چۆن ئەبوئیزرائیل كە یەكێكە لە فەرماندەكانی حەشدی شەعبی شیعە، زۆر راشكاوانە لە موسڵەوە رایگەیاند، هەر كەسێك پەرداخێك ئاویشی دابێتە دەستی تیرۆریستانی داعش، ئەوا كوشتنی حەڵاڵ دەبێت، ئەمەش مانای ئەوەیە لەبەشە عەرەبییەكەی عێراقدا هەردوو باڵی سەربازی و سیاسیی فیكری داعش درێژەی دەبێت، بەڵام بە دوو شێوەی جیاواز، لای شیعەكان وەك حەشدی شەعبی شیعەو لای سوننەكانیش ئەگەر داعشیش كۆتایی بێت، وەك سەلەفی جیهادی قیتالی بەردەوامیی دەبێت.

## ● مەترسیی باڵی سیاسیی داعش لەناو پرۆسەی سیاسیی كوردستاندا

بەكارهێنانی وشەی داعش وەك كورتكراوەی (دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام) بەكارناهێنن، بەڵكو وەك ئیدیۆمێك بۆ رەفتارەكانی داعش هەروەك چۆن وشەی نازی و فاشیش بەهەمان شێوە بەكار دەهێنرێت، كەواتە ئەگەر هەموو لایەك گەیشتبێتە ئەو قەناعەتەی كە ئەقلییەتی سیاسیی نوری مالیكی نەخۆشیی سەرەكی و سەرەتانی پرۆسەی سیاسی بووە لە عێراقدا و داعش دەرهاویشتەی ئەو نەخۆشی و سەرەتانەیە، ئەوا ئەوانەشی لە كوردستان خۆیان بە هاوبیرو هاوپەیمانی نوری مالیكی دەزانن، دەبێت چاوەڕێی ئەوەیان لێبكرێت كە دەرهاویشتەی ئەم هاوپەیمانییە لەگەڵ مالیكی دروستبوونی باڵی سیاسیی داعشە لەناو پرۆسەی سیاسی كوردستاندا.

باڵی سەربازیی داعش كە ئێستا دوای میهرەبانی پەروەردگار لەسەر دەستی هێزی پێشمەرگەی كوردستان تێكشكێنراون و نزیكەی هەموو خاكی باشووری كوردستان لەو تیرۆریستانە پاك كراوەتەوە، ئامانجیان ئەوە بوو كە پرۆسەی سەربەخۆیی كوردستان پەك بخەن. لەساڵی ٢٠١٥ لەیەكێك لە كۆنفرانسەكانی ئامۆژگای برۆكینگز سەبارەت بە دیاردەی داعش، یەكێك لەو ئەكادیمییانەی وەك داعش بیری دەكردەوە، زۆر بێشەرمانە گوتی: «داعش بە هێرشكردنە سەر كوردستان توانی پرۆسەی سەربەخۆیی كوردستان تێكبشكێنێت و نەهێڵێت ئیسرائیلێكی دیكە لەناو دڵی نیشتمانی عەرەبیدا دروست بێت.»

ئەگەر لێرەدا بەراوردێك بكەین، ئایا هەر هێز و لایەنێكی سیاسی، ئەوجا عێراقی بێت، یان كوردستانی، ئیقلیمی بێت، یان جیهانی، ئەگەر هەمان تێڕوانین و بیروبۆچوونی بەرامبەر پرۆسەی سەربەخۆیی كوردستان هەبێت، ئایا بۆ كورد و كوردستان چ جیاوازییەكی لەگەڵ باڵی سەربازیی داعش هەیە؟ ئایا ئەو هێز و لایەنە سیاسییانە لە روانگەی هەر تاكێكی كورد، یان كوردستانییەوە نابنە باڵی سیاسیی داعش؟

سەبارەت بەناوی پێشمەرگە، دیارە مەلا شوانی تیرۆریست كە بەئاشكرا بووە داعش و پێوەندی بە باڵی سەربازیی داعشەوە كرد، ئەركی سەرەكی ئەو كە لەناو باڵی سەربازیی داعش پێیان سپاردبوو، ئەوە بوو كە بە زمانی كوردی بە رێگەی یۆتوب

جوانیی پرۆسەی سیاسی، یان دانوستاندن و كۆمپرۆمایز لەناو پرۆسەی سیاسیدا ئەوەیە كە هیچ لایەک لە لایەنەکان خۆی بە دۆڕاو، یان براوە نەزانێت، بەڵام ئێستا شێوازی بیرکردنەوەی سەرانی گۆڕان، یان ئەوەیە هەڵوێستێک وەربگریت، ئەوان خۆیان بە دۆڕاو بزانن، یان ئەوەیە دەبێت تەسلیمی ئەوان بیت

لە دوای دروستبوونی کۆمپانیای وشەو پاشانیش بزووتنەوەی گۆڕان، ئیدی لەناو پرۆسەی سیاسیی کوردستاندا شتێک نەماوە پێی بگوترێت دیالۆگ، یان دانوستاندنی سیاسی، لەبری ئەمە دۆڕاندن و بردنەوە جێگەی گرتۆتەوە

لەناو سیستمی دیموکراتیشدا کاتێک دەزگاکانی ئاسایش و هەواڵگری دەگەنە ئەو قەناعەتەی گروپێکی سیاسی دەیانەوێت یاری بەشکۆی دەوڵەت بکەن، یان دەیانەوێت بەرگی نیشتمانپەروەری بکەن بەبەری ئامانجی دوژمنان وداگیرکەرانی کوردستاندا، ئەوا پێش ئەوەی داگیرکەران بگێڕنەوە بۆ کوردستان، دەبێت ئەو لایەنە پێوەندیدارانە رێوشوێنی پێویست بگرنەبەر

بە پێشمەرگە بڵێ کافر و هەڵگەڕاوە لە ئایین، بەڵام ئایا لەناو کوردستان و ئەوانەی رۆڵی باڵی سیاسیی داعش لەناو پرۆسەی سیاسیی عێراقدا دەگێڕن، ئەوان چۆن باسی پێشمەرگە دەکەن؟ بێگومان هەڵسووڕاوانی دیاری بزووتنەوەی گۆڕان ئەگەر زۆر بەجوانی باسی پێشمەرگەیان کردبێت، گوتوویانە پێشمەرگە شەڕی بەوەکالەت دەکات، ئەگەر لەسەر ئەم وەسفەی بزووتنەوەی گۆڕان بۆ پێشمەرگە هەڵوەستە بکەین و بپرسین ئایا پێشمەرگە شەڕی بەوەکالەت بۆ کێ دەکات و مانای شەڕی بەوەکالەت چییە؟ بەپێی رای هەموو ئەوانەی شارەزان لە زانستی سەربازی، شەڕی بەوەکالەت واتە جاشایەتی کردن بو لایەنێك، یان بۆ دەوڵەتێك، لەمەش زیاتر جاشایەتی، یان ئەوەی ئەوان پێی دەڵێن شەڕی بەوەکالەت دەکەن، واتە هەستنەکردن بە ئینتیمای نیشتمانی، پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە ئەگەر یەکێك هەست و ئینتیمای نیشتمانی نەبێت و لە پێناوی شتێکی دیکە جگە لە خاکی خۆی شەڕ بکات، ئایا گومان ناکەوێتە سەر ئەو باوەڕە ئایینییەی کە هەیەتی؟ ئایا ئەمەش هەمان پێناسەی باڵی سەربازیی داعش نییە کە پێشمەرگە بە کافر و هەڵگەڕاوە وەسف دەکات؟!

■

**کاتێک لەئاکامی فیکری سیاسیی داعشی، یان مالیکی ژینگەیەکی سیاسیی ئەوتۆ دروست دەبێت، کە دیموکراتیەت نەتوانێت ئەدای ئەرکەکانی خۆی بکات، ئەوا سیستمی سیاسی دەکەوێتە دووڕیانێکەوە، ئەویش یان ئەوەیە تەسلیمی ئیرادەی شەڕخوازانەی فیکری هاوشێوەی داعش و مالیکی بێت، یان ئەوەیە دەبێت بیر لەوە بکاتەوە کە بەدیلێک بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی ئەو هەڕەشەیە لەسەر کۆمەڵگە دوروبخاتەوە**

سەبارەت بە تێڕوانینی باڵی سەربازیی داعش بۆ ئاشتی و سەقامگیری لە کوردستاندا، ئاشکرایە هەموو تاکێکی کوردستان لەو راستییە تێگەیشتووە، ئامانجی ئەوەل و ئەخیری باڵی سەربازیی داعش ئەوەیە، ئەو ئاسایش و سەقامگیرییەی لە کوردستاندا بوونی هەیە، بگۆڕێت بۆ ئاژاوەو پاشاگەردانی، هەموو خەڵکی کوردستان گوێیان لەقسەکانی مەلا شوانی تیرۆریست بووە کە لەکۆتایی ٢٠١٥ داعش هەوڵیدا کەرکووك داگیربکات، هەر ئەم قەناعەتەشە وایکردووە کاتێك داعش مەترسی لەسەر کوردستان دروستکرد، هەموو خەڵکی کوردستان بەجیاوازی نەتەوە و ئایین و بیروبۆچوونی سیاسییەوە چەکی کردەشانی و خۆبەخشانە رووبەڕووی ئەو مەترسییە بوونەوە، هەر ئەم قەناعەتە وایکرد، هێزی پێشمەرگەی کوردستان خۆی لە پرۆسەی سیاسی جیابکاتەوەو بەرگری لەخاکی کوردستان بکات.

لەبەرامبەر ئەم مەترسی و هەڕەشانەی باڵی سەربازیی داعش لەسەر کوردستان دروستی کردووە، ئایا لە رۆژانی ١٠-١٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٥ باڵی سیاسیی داعش هەمان مەترسی لەسەر ئاسایش و سەقامگیری لەناو کوردستان دروست نەکرد؟ بێگومان لەو کاتەی پێشمەرگەکانی کوردستان لەسەنگەرەکانی پێشەوەی شەڕی دژی داعش سنگی خۆیان کردبووە قەڵغان بۆ پاراستنی کوردستان، کەچی لە پشتەوە و لەناو کوردستانەوە بەشێکی زۆری کادیرانی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان لەناو بارەگاکانی خۆیاندا لەژێر مەترسیی کوشتن و سووتاندا بوون. پرسیار ئەوەیە ئەگەر داعش لە سەنگەرەکانی پێشەوەی شەڕ پێشمەرگە شەهید بکات و گەر بەردەستی بکەوێت بیسووتێنێت، ئایا ئەوانەی لەناو بارەگاکاندا هەوڵدەدەن کادری سیاسیی حزبەکان بسووتێنن، نابنە باڵی سیاسیی داعش لەناو پرۆسەی سیاسیی کوردستاندا؟

■

**کێشەی سەرەکیی سیستمی دیموکراتی رۆژئاوا لەگەڵ باڵی سیاسیی داعش ئەوەیە کە هەڵسووڕاوانی داعش لە ئەوروپا یاساو بەهاکانی لیبراڵیزم دەگۆڕن بۆ چەک و شەڕی سیستمە دیموکراتییەکەی پێدەکەن، راشکاوانەتر واتە ئەو بەها و یاسایانەی لە رۆژئاوا ژینگەی پێکەوەژیان و لێبووردەیی دروستکردووە، لەلایەن باڵی سیاسیی داعشەوە بە کاردەهێنرێت بۆ دروستکردنی ئاژاوەو ترس و تۆقاندن و راسیزم و یەکتری رەتکردنەوە**

لایەنێکی دیکە پێوەندیی نێوان کوردستان و عێراق، یان کێشەکانی هەولێرە لەگەڵ بەغدا، کە دیاترین کێشەکان بریتین لە پرسی نەوت و پێشمەرگە و ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان. سەبارەت بە پرسی نەوت، ئاشکرایە کاتێك لەساڵی ٢٠٠٧ حکومەتی هەرێمی کوردستان هەموو هەوڵی خۆی خستەگەڕ بۆ ئەوەی حکومەتی فیدراڵیی عێراق لەچوارچێوەی دەستووری عێراقدا یاسای نەوت و گازی حکومەتی فیدراڵی دابڕێژێت، بۆ ئەوە بوو کە کوردستان بتوانێت لەچوارچێوەی یاسای نەوت و گازی فیدراڵی وەبەرهێنان لەهەردوو کەرتی نەوت و گازی کوردستان بکات، بەڵام کاتێك حکومەتەکەی مالیکی لەترسی ئەوەی کوردستان نەبێتە خاوەنی ژێرخانی ئابووریی سەربەخۆی خۆی، ملی نەدا یاسای نەوت و گازی فیدراڵی دەربچێت، حکومەتی هەرێمی کوردستان دوای رەزامەندیی سەرۆك مام جەلال و سەرۆك بارزانی، سوودی لە دەسەڵاتەکانی خۆی لە دەستووری عێراقدا وەرگرت و یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان لەناو پەرلەمانی کوردستان پەسەندکرا، بەڵام لە ٢٠٠٧ـەوە تائێستا نوری مالیکی بە چ ئاستێك دژایەتی پرۆسەی وەبەرهێنانی لەکەرتی نەوت و گازی کوردستان کردووە، بەهەمان ئاست کۆمپانیای وشەو پاشان بزووتنەوەی گۆڕان دژایەتی ئەم پرۆسەیان کردووە، مالیکی چ قسەیەکی بەرامبەر ئەم پرۆسەیە هەبووبێت، بزووتنەوەی گۆڕان و هەندێك پەرلەمانتاری دیکەی تێنەگەیشتوو لەم پرسە لەلایەنەکانی دیکەش هەمان قسەو زیاتریشیان لەسەر ئەم پرۆسەیە کردووە.

با لێرەدا ئەو پرسیارە لە خۆمان بکەین، ئایا وەبەرهێنان لەکەرتی نەوت و گازی کوردستان پێوەندی بە پشکی کوردستان لە بودجەی عێراقەوە هەیە؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەگەڕێینەوە بۆ بڕیاری ٩٨٦ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی ناسراو بە بڕیاری (نەوت بەرامبەر بەخۆراك)، ئایا ئەو کاتەی ئەم بڕیارە دەرچوو، کوردستان هیچ پێوەندییەکی لەگەڵ عێراق هەبووە؟ بەڵام لەبەرامبەردا ڕێژەی ١٣٪ی تەواو لە داهاتی فرۆشتنی نەوتی عێراق لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بۆ هەرسێ پارێزگای (هەولێر و دهۆك و سلێمانی ) تەرخانکرابوو، ئەمەش مانای ئەوەیە هەتا ئەو کاتەی کوردستان تەنیا بەناو وەك بەشێك لەعێراق سەیربکرێت، ئەوا دەبێت حکومەتی بەغدا پابەند بێت کە پشکی کوردستان واتە ئەو پشکەی نەتەوە یەکگرتووەکان دایناوە لەکاتی خۆیدا ڕەوانەی کوردستان بکرێت. بێگومان ڕێژەی ١٧٪ پشکی کوردستان دوای جیاکردنەوەی خەرجییەکانی سەروەریی زۆر لە ریژەی ١٣٪ی تەواوی بودجەی عێراق کەمترەو ئاشکراشە دوای جیاکردنەوەی خەرجی سەروەریی هیچ ساڵێك کوردستان ریژەی نەگەیشتۆتە ١٣٪ بەڵکو لە نێوان ٩-١٠ ٪ بووە.

لایەنێکی دیکە کە هاوبیران و هاوپەیمانانی نوری مالیکی لە کوردستان داوادەکەن شەرعییەت بۆ قسەکانی نوری مالیکی دروست بکەن و لە شکۆی کوردستان کەم بکەنەوە، ئەوەیە داوادەکەن کە ئێمە نەوتەکەی خۆمان بدەینەوە بە بەغدا! پرسیار ئەوەیە ئایا داهاتەکەی رادەستی بەغدا بکەین یان تەواوی پرۆسەی وەبەرهێنان لە کەرتی نەوت و گاز لە کوردستاندا؟ دیارە نوری مالیکی بۆ ئەوەی پرۆسەی وەبەرهێنان لەهەردوو کەرتی نەوت و گاز لە کوردستان شکست بهێنێت و کوردستان ڕووبەڕووی قەرزێکی هێجگار گەورە بکاتەوە، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، پرۆسەی بونیادنانی ژێرخانی وەبەرهێنانی نەوتی کوردستان بکەوێتە دەرەوەی خەرجی سەروەریی عێراقەوە، راشکاوانەتر واتە کوردستان هەموو پارەی نەوتەکەی خۆی رادەستی بەغدا بکات، پاشانیش کوردستان لەپشکی خۆی دوای جیاکردنەوەی خەرجی سەروەریی، پارەی تێچووی بونیادنانی ژێرخانی نەوتی کوردستان خەرج بکات، ئەمە لە کاتیکدا بەپێی دەستووری عێراق، بونیادنانی ژێرخانی نەوت و گاز و کرێی کۆمپانیاکان دەکەونە چوارچێوەی خەرجی سەروەریی لە بودجەی عێراقدا.

هەموو ئامانجی مالیکی لە دژایەتیکردنی پرۆسەی وەبەرهێنانی نەوتی کوردستان ئەوەیە کە ئاستەنگ بۆ پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان دروست بکات، بەهەمان شێوە هەموو ئامانجی بزووتنەوەی گۆڕان و پەرلەمانتارانی هەڵخەڵەتاوی هەندێ لایەنی دیکەش ئەوەیە کە پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان شکست بهێنێت و پەکی بخرێت.

## ● دیالۆگ لەگەڵ ئەقڵییەتی مالیکی و هاوپەیمانەکانی کارێکی شێوە مەحاڵە گەرچی لە سیاسەتدا مەحاڵ نییە

کێشەی سەرەکی لەناو پرۆسەی سیاسیدا ئەو کاتە دروست دەبێت، کە سەرەتانی فیکری سیاسیی داعشی لەناو پرۆسەکەدا دیالۆگ دەگۆڕێت بۆ عینادی سیاسی. دیاردەی باڵی سیاسیی داعش لەناو دەوڵەتانی رۆژئاوا بەشێوەیەکی ئاشکرا دەبینرێت، کێشەی سەرەکیی سیستمی دیموکراتی رۆژئاوا لەگەڵ باڵی سیاسیی داعش ئەوەیە کە هەڵسووڕاوانی داعش لە ئەوروپا یاساو بەهاکانی لیبراڵیزم دەگۆڕن بۆ چەك و شەڕی سیستمە دیموکراتییەکەی پێدەکەن، راشکاوانەتر واتە ئەو بەها و یاسایانەی لە رۆژئاوا ژینگەی پێکەوەژیان و لێبوردەیی دروستکردووە، لەلایەن باڵی سیاسیی داعشەوە بە کاردەهێنرێت بۆ دروستکردنی ئاژاوەو ترس و تۆقاندن و راسیزم و یەکتری ڕەتکردنەوە.

لەم چوارچێوەیەدا ئەگەر سەیری شوێنکەوتووانی ئەقڵییەتی مالیکی وەك باڵی سیاسیی داعش لە پرۆسەی سیاسیی کوردستاندا بکەین، دەبینین ئەوانیش بەهەمان شێوەی داعشە سیاسییەکانی وڵاتانی رۆژئاوا هەموو بەهاو یاساکانی کوردستان دەکەن بەچەك و شەڕی حکومەتی کوردستانی پێدەکەن و هەوڵدەدەن پێکەوەژیان و فرەحزبی و ئازادی رادەربڕین بگۆڕن بۆ ئاژاوەو یەکتری سڕینەوە و خۆسەپاندن بەسەر ئەوی دیکەدا.

کاتێك لەئاکامی فیکری سیاسیی داعشی، یان مالیکی ژینگەیەکی سیاسیی ئەوتۆ دروست دەبێت، کە دیموکراتیەت نەتوانێت ئەدای ئەرکەکانی خۆی بکات، ئەوا سیستمی سیاسی دەکەوێتە دووڕیانێکەوە، ئەویش یان ئەوەیە تەسلیمی ئیرادەی شەڕخوازانەی فیکری هاوشێوەی داعش و مالیکی بێت، یان ئەوەیە دەبێت بیر لەوە بکاتەوە کە بەدیلێك بدۆزیتەوە بۆ ئەوەی ئەو هەڕەشەیە لەسەر کۆمەڵگە

**هەموو ئامانجی مالیکی لە دژایەتیکردنی پرۆسەی وەبەرهێنانی نەوتی کوردستان ئەوەیە کە ئاستەنگ بۆ پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان دروست بکات، بەهەمان شێوە هەموو ئامانجی بزووتنەوەی گۆڕان و پەرلەمانتارانی هەڵخەڵەتاوی هەندێ لایەنی دیکەش ئەوەیە کە پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان شکست بهێنێت و پەکی بخرێت**

**لە ٢٠٠٧ـەوە تائێستا نوری مالیکی بە چ ئاستێک دژایەتی پرۆسەی وەبەرهێنانی لەکەرتی نەوت و گازی کوردستان کردووە، بەهەمان ئاست کۆمپانیای وشەو پاشان بزووتنەوەی گۆڕان دژایەتی ئەم پرۆسەیان کردووە، مالیکی چ قسەیەکی بەرامبەر ئەم پرۆسەیە هەبووبێت، بزووتنەوەی گۆڕان و هەندێک پەرلەمانتاری دیکەی تێنەگەیشتوو لەم پرسە لەلایەنەکانی دیکەش هەمان قسەو زیاتریشیان لەسەر ئەم پرۆسەیە کردووە**

**ئەگەر داعش لەسەنگەرەکانی پێشەوەی شەڕ پێشمەرگە شەهید بکات و گەر بەردەستی بکەوێت بیسووتێنێت، ئایا ئەوانەی لەناو بارەگاکاندا هەوڵدەدەن کادری سیاسیی حزبەکان بسووتێنن، نابنە باڵی سیاسیی داعش لەناو پرۆسەی سیاسیی کوردستاندا؟**

**مەلا شوانی تیرۆریست کە بەئاشکرا بووە داعش و پێوەندی بە باڵی سەربازیی داعشەوە کرد، ئەرکی سەرەکی ئەو کە لەناو باڵی سەربازیی داعش پێیان سپاردبوو، ئەوە بوو کە بە زمانی کوردی بە رێگەی یۆتوب بە پێشمەرگە بڵێ کافر و هەڵگەڕاوە لە ئایین، بەڵام ئایا لەناو کوردستان و ئەوانەی رۆڵی باڵی سیاسیی داعش لەناو پرۆسەی سیاسیی عێراقدا دەگێڕن، ئەوان چۆن باسی پێشمەرگە دەکەن؟**

**نوری مالیکی هەوڵیداوە پەتا و سەرەتانی ئاژاوە و توندڕەوی بە شێوازی جۆراوجۆر هەناردەی کوردستان بکات و لەمەشدا توانیویەتی جۆرە هاوپەیمانییەک لەگەڵ هەندێک لایەنی سیاسیی کوردستان دروست بکات کە زۆر راشکاوانە رۆڵی باڵی سیاسیی داعش لەناو پرۆسەی سیاسیی کوردستاندا بگێڕن**

دوروبخاتـەوە. بـۆ دروورخسـتنەوەی ئـەم مەترسـییە ئێسـتا ئەمریـکاو بەشـی زۆری وڵاتانـی رۆژئـاوا بیـر لـە ئۆپەراسـیۆنی پێشـوەختە preemptive operation دەکەنەوە، ئەمـەش بـەو مانایـەی هـەر کـە هەسـتت بـە مەترسـی کـرد، دەبێـت پێشـوەختە حیسـابی بـۆ بکەیـت و رێگـە نەدەیـت ئـەو مەترسـییە دروسـت بێـت.

ئۆپەراسـیۆنی پێشـوەختە، یـان هەوڵـدان بـۆ روونەدانـی مەترسـی، وەك پرەنسـیپ نـە لەیاسـای نێودەوڵەتـی و نـە لەنـاو یاسـاکانی سیسـتمی دیموکراتـی جێگـەی نابێتـەوە، بـەڵام کاتێـك لەسـەر ئاسـتی نێودەوڵەتـی جیهـان بگاتـە ئـەو قەناعەتـەی کـە دەوڵەتێکـی وەك کۆریـای باکـوور بەنیـازە هێرشـی ئەتۆمـی بکاتـە سـەر وڵاتێـك، ئـەوا لـەو کاتـەدا و پێـش ئـەوەی کۆریـای باکـوور مەترسـییەکەی بکاتـە راسـتی، دەبێـت لێـی بدرێـت و تواناکانـی بەتـاڵ بکرێتـەوە، لەنـاو سیسـتمی دیموکراتیشـدا کاتێـك دەزگاکانـی ئاسـایش و هەواڵگـری دەگەنـە ئـەو قەناعەتـەی گروپێکـی سیاسـی دەیانەوێـت یـاری بەشـکۆی دەوڵـەت بکـەن، یـان دەیانەوێـت بەرگـی نیشـتمانپەروەری بکـەن بەبـەری ئامانجـی دوژمنـان وداگیرکەرانـی کوردسـتاندا، ئـەوا پێـش ئـەوەی داگیرکـەران بگێڕنـەوە بـۆ کوردسـتان، دەبێـت ئـەو لایەنـە پێوەندیدارانـە رێوشـوێنی پێویسـت بگرنەبـەر.

زۆر لـەو خەڵکـە بەڕێزانـەی کـە نامـۆن بەدیاردەی باڵـی سیاسـیی فیکـری داعشـی، یـان مالیکـی لەنـاو پرۆسـەی سیاسـیی کوردسـتاندا، پێداگیـری لەسـەر ئـەوە دەکـەن بـە دیالـۆگ کێشـەکان لەگـەڵ ئـەو گروپانـە، یـان ئـەو خەڵکانـەی بەوشـێوەیە بیردەکەنـەوە چارەسـەری بـۆ بدۆزرێتـەوە؟ لەوەڵامـی ئـەم پرسـیارە، پرسـیارێکی دیکـە سـەرهەڵدەدات، ئایـا ئـەو کێشـانە چیـن کـە لەنـاو پرۆسـەی سیاسـیی کوردسـتاندا بەدیالـۆگ چارەسـەر ناکرێـن، یـان بۆچـی لەگـەڵ ئـەو گـروپ و لایەنانـە دیالـۆگ دەگاتـە بندەسـت و بـێ ئـاکام دەبێـت؟ وەڵامـی ئـەم پرسـیارە زنجیـرەی ئـەو رووداوانـە دەیداتـەوە کـە لـەدوای دروسـتبوونی کۆمپانیـای وشـە لـە کوردسـتان هاتوونەتەئـاراوە. ئـەو رووداوانـە پێمـان دەڵێـن: لـەدوای دروسـتبوونی کۆمپانیـای وشـەو پاشـانیش بزووتنـەوەی گـۆڕان، ئیـدی لەنـاو پرۆسـەی سیاسـیی کوردسـتاندا شـتێك نەمـاوە پێـی بگوترێـت دیالـۆگ، یـان دانوسـتاندنی سیاسـی، لەبـری ئەمـە دۆڕانـدن و بردنـەوە جێگـەی گرتۆتـەوە. راشـکاوانەتر، یـان ئەوەیـە کاتێـك بتەوێـت مامەڵـەی سیاسـی لەگـەڵ بزووتنـەوەی گـۆڕان بکەیـت، دەبێـت بـەوە رازی بیـت تەسـلیمی عینادیـی ئـەو بزووتنەوەیـە بیـت، یـان دەبێـت هەڵوێسـتێك وەربگریـت و سـنوورێك بـۆ رەفتارەکانـی دابنێـت و بزووتنەوەکـە لەنـاو پرۆسـەکەدا خـۆی بەدۆڕاو بزانێـت. ئەمـە لەکاتێکـدا جوانیـی پرۆسـەی سیاسـی، یـان دانوسـتاندن و کۆمپرۆمایـز لەنـاو پرۆسـەی سیاسـیدا ئەوەیـە کـە هیـچ لایـەك لـە لایەنـەکان خـۆی بـە دۆڕاو، یـان بـراوە نەزانێـت، بـەڵام ئێسـتا شـێوازی بیرکردنـەوەی سـەرانی گـۆڕان، یـان ئەوەیـە هەڵوێسـتێك وەربگریـت، ئـەوان خۆیـان بـە دۆڕاو بزانـن، یـان ئەوەیـە دەبێـت تەسـلیمی ئـەوان بێـت، لەئاکامـی ئـەم سیاسـەتە ناتەندروسـتەشـدا ئەگـەر هەمـوو لایەنـە سیاسـییەکان هەوڵنـەدەن، دیالـۆگ و دانوسـتاندن و کۆمپرۆمایـز جێگـەی دۆڕانـدن و بردنـەوە بگرێتـەوە، ئـەوا بێگومـان پرۆسـەی سیاسـی بـەرەو هەڵدێـر دەچێـت و پاشـانیش ئامانجـی ئـەو دوژمـن و ناحەزانـەی کوردسـتان سـەردەکەوێت کـە وەك مالیکـی بیردەکەنـەوە.

### ● قۆناخێکی چارەنووسساز و بەرپرسیاریەتی پارتی و یەکێتی

ئـەم قۆناخـە هەسـتیارو چارەنووسـسازەی ئێسـتا کوردسـتانی پێـدا تێپەڕدەبێـت، پێویسـتی بـە پاراسـتنی ئاسـایش و سـەقامگیری ناوخـۆ هەروەهـا سـەقامگیری سیاسـی لـە پرۆسـەی سیاسـیی کوردسـتاندا هەیـە.

زۆر جـار گوێمـان لـە حزبـە بچووکەکانـی هاوشـێوەی یەکگرتـووی ئیسـلامی و کۆمەڵـی ئیسـلامی دەبێـت کـە دەڵێـن، ئێمـە هێنـدەی قـەوارەی خۆمـان بەرپرسـیاریەتی شکسـتی پرۆسـەی سیاسـی لەئەسـتۆ دەگریـن، ئەگـەر ئـەم قسـەیە بـۆ پێگـەی پارتـی و یەکێتـی تەرجەمـە بکەیـن، ئـەوا دەبێـت پارتـی و یەکێتـی پێکـەوە بـە قـەوارەی خۆیـان کـە ( ٥٠+١٪ ) زیاتـرن، بەرپرسـیاریەتی ئـەم قۆناخـە هەڵبگـرن، دیـارە کـە قەوارەیـەك، یـان دوو قـەوارە پێکـەوە رێژەی (٥٠+١٪) بکەوێتـە سەرشـان، ئەمـەش مانـای ئەوەیـە ١٠٠٪ی بەرپرسـیاریەتییەکە لەسـەر شـانی ئـەو دوو قەوارەیەیـە کـە ئێسـتا خـۆی لـە پارتـی و یەکێتیـدا بەرجەسـتە دەکات.

پارتـی و یەکێتـی پێکـەوە لەنـاو هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتاندا رێـژەی ٩٠٪ی هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتان پێکدەهێنـن، پێکـەوە پشـکی شـێری گەورەتریـن سـەرکەوتنیان پێبـڕاوە کـە ئەویـش تێکشـکاندنی سـەربازییانەی تیرۆریسـتانی داعشـە، بۆیـە لـە ئێسـتادا کـە رێکخسـتنەوەی سیاسـیی

نێوماڵی کوردستان و راستکردنەوەی پرۆسەی سیاسیش پشکی گەورەی دەکەوێتە سەرشانی پارتی و یەکێتی.

ماوەی زیاتر لە١٠ ساڵە هەوڵی سەرەکیی نەوشیروان مستەفا و بزووتنەوەی گۆڕان بۆ دژایەتیی ڕێککەوتنی نێوان پارتی و یەکێتی تەرخان کراوە بۆ ئەوەی هێزی پارتی و یەکێتی پێکەوە نەتوانن سەقامگیریی کوردستان بپارێزن و هەنگاوی گەورەتر بۆ ئایندە هەڵبگرن، ئاکامی ئەو هەولانەی نەوشیروان مستەفا و گۆڕان بۆ تێکدانی ڕێککەوتنی پارتی و یەکێتی، ئەو بارودۆخە ناسەقامگیر و شڵەژاوەی لێکەوتۆتەوە کە ئێستا لە کوردستان بەگشتی و لەدەڤەری سلێمانی بەتایبەتی بەچاوی خۆمان دەبینین و گەورەترین دەستکەوتی نەوشیروان مستەفا و گۆڕان ئەوەیە کە پرۆسەی خوێندن لە ئەمساڵدا لەو ناوچەیە پەکی کەوتووە و هەڕەشەی تێکدان و سووتاندنی بارەگای حزبەکانی دیکە بەردەوامە.

قۆناخی دوای نەمانی مەترسییەکانی داعش بەسەر واقیعی سیاسیی کوردستاندا فەرزی دەکات، کە پێویستە پارتی و یەکێتی بەهێز بن، یان پێکەوە هێزێکی گەورە دروست بکەن بۆ ئەوەی ئەو لوغمە سیاسییانە پوچەڵ بکرێنەوە کە لەناو پرۆسەی سیاسیی کوردستاندا چێنراون.

راستە هەنگاوی یەکەمی ئەو هێزەی پێویستە پارتی و یەکێتی لەم قۆناخە بەرهەمی بهێنن، سەرەتا بە لێکتێگەیشتنێکی تازەی نێوان پارتی و یەکێتی دەست پێدەکات، بەڵام هەنگاوی دووەمی دەبێت گوتاری هاوبەشی پارتی و یەکێتی بێت بۆ ئەوەی ئەو خەڵکانەی بە هەڵە کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی گۆڕان و ڕێکخەرەکەیەوە لەو وەهمە رزگار بکرێن و شوێنی خۆیان وەك تاکێکی دڵسۆز لەناو پرۆسەی سیاسیدا بدۆزنەوە.

لایەنێکی دیکە کە گرنگە لەم قۆناخەدا پارتی و یەکێتی لەگەڵ خەڵکی کوردستان راستگۆیانەوە راشکاوانە قسەی پێ بکەن، ئەوەیە کە خەڵکی کوردستان بگەیەننە قەناعەت کە بێجگە لە کێشەی دروستکراوی سیاسی و عینادیی سیاسی و تێکدانی پرۆسەی سیاسی لە کوردستان هیچ کێشەیەکی دیکە نییە، بۆیە ئەگەر ئەو کێشە دروستکراوانە بۆ خەڵك ئاشکرا کران و پرۆسەی سیاسی کەوتەوە سەر سکەی خۆی، ئەوا هیچ کێشەیەکی سیاسی و ئابووری نییە لە ئیرادەی خەڵك و پرۆسەی سیاسیی کوردستان گەورەتر بێت، هەروەك چۆن پێشمەرگە کاتێك خۆی لە کێشەی سیاسی دروستکراو ئاژاوەی ناو پرۆسەی سیاسی رزگارکرد، توانی گەورەترین و دڕندەترین دەوڵەتی تیرۆریستی لەم جیهانە کە داعشە تێکبشکێنێت، ئەوا بەهەمان شێوە لەسەر ئاستی پرۆسەی سیاسیی ناوخۆش ئەگەر ئەو کێشەیە نەمێنێت، ئەوا چەند باڵی سیاسیی داعش لەناو پرۆسەی سیاسیدا بوونی هەبێت، تێکدەشکێنرێت و چەند گەندەڵی لە داعش ترسناکتر بێت، بەسەریدا زاڵ دەبین.

ئەگەر پارتی و یەکێتی پێکەوە ئەو هێزە دروست بکەن، ئەوا هەموو حزبە سیاسییەکانی دیکەی کوردستان قەوارەی راستەقینەی خۆیان دەبیننەوەو چاو بەخۆیاندا دەخشێننەوەو هێندەی قەوارەی خۆیان گوتاریان دەبێت و چوارچێوەی پرۆسە سیاسییەکە یاسای گەمە دیاری دەکاتەوەو هەموو لایەنەکان بەپێی ئەو یاسایە لەناو پرۆسەی سیاسیدا ململانێ، یان بەشداریی گەمە سیاسییەکە دەکەن. ئەو زەمەنە جارێکی دیکە دووبارە نابێتەوە لە سلێمانییەوە هاوار بکرێت شاری هەڵمەت و قوربانی وەك پارێزگایەکی عێراق لەلایەن بەغداوە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت.

بۆ ئێستای کوردستان گەشبینی بۆ ئایندە لە لێکتێگەیشتنی نێوان (پارتی و یەکێتی) یەوە سەرچاوە دەگرێت، ماناداتنەوە بە دیموکراتی لەچوارچێوەی وەلامدانەوەی پارتی و یەکێتی بۆ پێداویستی ئەم قۆناخە سەرچاوە دەگرێت، لەئێستادا ئەم لێکتێگەیشتنە لەناو هێزی پێشمەرگەی کوردستان رەگ و ریشەی خۆی داکوتاوە، لەناو حکومەتیشدا تا رادەیەکی باش بوونی هەیە، لەسەر ئاستی سیاسیش ئێستا خەریکە ئەو زەمینەیە دروست دەبێت، کە ئەم زەمینەیەش دروست بوو بە هاوشێوەی هێزی پێشمەرگەو حکومەت، لێکتێگەیشتنی سیاسی لە نێوان هەردوولایان دروست بێت، زەمینەیەکی تازە لە کوردستان دێتەئاراوە و ئەوانەشتی دەیانەوێت وەك مالیکی بیربکەنەوە، یان رۆڵی باڵی سیاسیی داعش لەناو پرۆسەی سیاسیدا بگێرن، یان دەبێت خۆیان چاك بکەن و بەخۆیاندا بچنەوە، یان لەناو پرۆسەی سیاسیی کوردستاندا جێگەیان نابێتەوە.

**زۆر زەحمەتە بتوانرێت لە ژینگەی باڵادەستیی حەشدی شەعبی شیعەدا فیکرو ئەقڵییەتی نوری مالیکی ریشەکێش بکرێت، لەبنەڕەتدا حەشدی شەعبی شیعە بۆ بەرگریکردن لە شیعە دروست بووە، نەك بۆ بەرگریکردن لەعێراق، هەروەها حەشدی شەعبی شیعە لەسەر هەمان ریتمی کاردانەوەی داعش ئاراستەی خۆی دیاری دەکات**

**هەتا نوری مالیکی لە ناو پرۆسەی سیاسیی عێراقدا بێت، ئەوجا چ وەک سەرۆک وەزیران، یان وەک سەرۆکی حزبی دەعوا کە ئێستا بەو ناوە چالاکیی سیاسی دەکات، ئەوا بەردەوام ژینگەی سیاسیی عێراق بەرەو ئەو ئاراستەیە دەڕوات کە ببێتە ژینگەیەکی بەپیت بۆ بەرهەمهێنانی فیکری توندڕۆیی رادیکاڵیی ئایدیۆلۆژی جیاواز کە هەر هەموویان وەک باڵی سیاسیی داعش هەمان ئەو ئامانجانە جێبەجێ دەکەن کە باڵی سەربازی داعشی دروست کردووە.**

پاوڵ سالم

### شارەزای کاروباری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ گوڵان:

# جۆرێک لە دژیەکی لە سیاسەتی ئیدارەی داهاتووی ترەمپ هەستی پێدەکرێت

**پاوڵ سالم جێگری سەرۆکی بەشی سیاسەت و توێژینەوەیە لە ئامۆژگای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. لە کارەکانیدا تەرکیز لەسەر پرسەکانی پەیوەست بە گۆڕانکاریی سیاسی، قۆناخی ئینیتقالی و ناکۆکی دەدات، هەروەها بە پەیوەندییە ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. شرۆڤەکردنی دۆخی ئێستا و ئەگەرەکانی پەیوەست بە ئایندەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پێشبینییەکانی دەربارەی سیاسیەتی ئیدارەی داهاتووی ئەمەریکا لە ئاست ئەم ناوچەیەدا گوڵان، دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجامدا و ئەویش بەم شێوەیە هاتە ئاخافتن.**

*** هەروەك دەزانن لە ٢٠ی کانونی یەکەمی ئەم ساڵدا دۆناڵد ترەمپ وەك ٤٥ی سەرۆکی ئەمەریکا سوێند دەخوات، بەڵام تا ئێستا سیاسەتی ئیدارەی داهاتووی ئەمەریکا لە ئاست ئەم ناوچەیەدا ناڕوونە، پێشبینییەکانی ئێوە چییە لەم بارەیەوە و هەڵسەنگاندنی ئێوە چییە بۆ ئیدارەی داهاتووی ئەمەریکا؟**

- ئیدارەی داهاتوو لە ٢٠ی مانگدا دەست بەکار دەبێت کە لەگەڵ خۆیدا کۆمەڵێك دژبەیەکی چارەسەرنەکراوی هەڵگرتووە، بۆ نموونە، ئاشکرایە کە ترەمپ وەك کاندید و وەك سەرۆکێکی هەڵبژێردراو لێدوانی ئیجابی داوە لەبەرامبەر روسیا و پوتیندا، بەڵام کەسانێك هەن لە نێو تیمەکەیدا، وەك وەزیری بەرگری و راوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی و کەسانی دیکەی نێو پارتی کۆماریی کە زۆر دژی روسیان، کەواتە لەم ڕووەوە دژیەکی هەیە. هەروەها ئەوەی پەیوەندی بە ئێرانەوە هەبێت، ئەوا چەندین لێدوانی ئیجابی داوە لەبارەی هاوپەیمانەکانی ئێرانەوە لە سوریا و کارکردن لەگەڵ ئەسەد و رووسیا لە دژی داعش، لە هەمان کاتدا خۆی و کەسانی نێو تیمەکەی قسەی زۆر توندیان کردووە لەبارەی ئێرانەوە، ئەمەش دژیەکییە، کە لەگەڵ ئێراندا بێت لە سوریا و لە دژی ئێران بیت لە شوێنەکانی دیکە. نادڵنیاییەکی دیکە پەیوەستە بە

**ئاشکرایە کە ترەمپ وەک کاندید و وەک سەرۆکێکی هەڵبژێردراو لێدوانی ئیجابی داوە لەبەرامبەر روسیا و پوتیندا، بەڵام کەسانێک هەن لە نێو تیمەکەیدا، وەک وەزیری بەرگری و راوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی و کەسانی دیکەی نێو پارتی کۆمارییەکان کە زۆر دژی روسیان، کەواتە لەم ڕووەوە دژیەکی هەیە**



# پێشمەرگە هێزێكی دەستوورییە و وەک کاراکتەرێکی دەوڵەتی رێکخراو مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت

ڕێككەوتنی ئەتۆمییەوە لەگەڵ ئێران، چونكە هەندێ جار ڕایدەگەیەنێت كە ڕێككەوتنەكە هەڵدەوشێنێتەوە و هەندێ جاری باس لەوە دەكات كە كار لەسەر هەڵوەشاندنەوەی ناكات، بەڵكو كار لەسەر جێبەجێكردنی دەكات. كەواتە چەندین پرسیار هەن لەم ڕووەوە و ڕوون نییە كە ئایا كۆدەنگییەك هەیە تەنانەت لە نێو تیمەكەی خۆشیدا لەبارەی ئەوەی چۆن مامەڵە لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەكەن. ئێمە لە واشنتۆن لە نزیكەوە چاودێری ئەوە دەكەین كە چ ستراتیژیەت و تێڕوانینێك گەڵاڵە دەبن، بەڵام پێموایە دەتوانین سێ ئەگەر بخەینەڕوو. یەكەمیان ئەوەیە كە ترەمپ زۆر باسی لەبارەوە كردووە، كە ئەویش كاركردنە لەگەڵ رووسیا بۆ تێكشكاندنی داعش و بۆ سەقامگیركردنی سوریا و عێراق، بۆ جێبەجێكردنی ڕێككەوتنە ئەتۆمییەكە و بۆ بەرەوپێشبردنی پرۆسەی ئاشتی و بۆ ئیدارەدان یان مامەڵەكردن لەگەڵ كێشەی كورددا بە گشتی- هەرچەندە وردەكارییەكان ڕوون نیین-. بەڵام دەكرێت ئەمە ناوبنێین هاوكاری نێوان هێزە گەورەكان، ئەمە یەكێك دەبێت لە شێوازەكانی —كاركردن-. ئەگەرێكی دیكە ئەوەیە — كە هەروەك لە ئیدارەی جۆرج بوش و ئۆباماشدا بەدیمان كرد- ئەوەیە كە لە سەرەتادا هاوكاری لەگەڵ رووسیا بكرێت، بەڵام دواتر سەرۆك بۆی دەردەكەوێت كە چەندەها ناكۆكی هەن لەگەڵ رووسیا ولە ئەنجامدا هاوكاریكردنەكە لەباردەچێت، ئەگەر بێتو ئەم هاوكارییەش لە ئارادا نەمێنێت، ئەوا شێوازێكی دیكەی كاركردن جێی دەگرێتەوە كە بریتییە لە بوونی ئەمەریكا و روسیا بە ڕكابەر و ململانێ لەگەڵ یەكدا بكەن. روسیاش هاوپەیمانێتی بەهێزی هەیە لەگەڵ ئێران و سوریادا، هەروەها هەوڵی دروستكردنی هاوپەیمانێتی یاخود پەیوەندی باش لەگەڵ توركیادا دەدات، بە هەمان شێوە میسر و ئیسرائیلیش، لەبەر ئەوە دەبێت ئەمەریكا بە پەلە بكەوێتە خۆی بۆ بەدەستهێنانەوەی هاوپەیمانەكانی لە ناوچەكەدا، وەك توركیا و میسر و ئیسرائیل و وڵاتانی ئەنجومەنی هاریكاری كەنداو، كە ئەمەش هاوشێوەی ڕۆژگاری شەڕی سارد دەبێت و ئەمەش دەرئەنجامی باشی نابێت بۆ ناوچەكە. كەسانێكیش هەن لە نێو تیمەكەی ترەمپدا بەم ئاڕاستەیە بیر دەكەنەوە، وەك جەنەراڵ ماتیس كە باوەڕی وایە ناتوانرێت هاوكاری لەگەڵ روسیا بكرێت و دەبێت كار بۆ بەرهەڵستیكردنی

**دەبێت ئەمەریکا بە پەلە بکەوێتە خۆی بۆ بەدەستهێنانەوەی هاوپەیمانەکانی لە ناوچەکەدا، وەک تورکیا و میسر و ئیسرائیل و وڵاتانی ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو، کە ئەمەش هاوشێوەی رۆژگاری شەڕی سارد دەبێت و ئەمەش دەرئەنجامی باشی نابێت بۆ ناوچەکە. کەسانێکیش هەن لە نێو تیمەکەی ترەمپدا بەم ئاڕاستەیە بیر دەکەنەوە**

بکرێت. بژاردەی سێیەم کە بە زۆری ترەمپ یان پشتیوانەکانی گوزارشتی لێدەکەن یان نوێنەرایەتی دەکەن بریتییە لە ڕێگەچارەی کەنارگیری، کە دەڵێن با دیوارێك بە دەوری ئەمەریکادا دروست بکەین و ئەمەریکا لەو شوێنە پڕ لە کێشانەی جیهان بکشێتەوە و ئەمەریکاش لە پشت دیوارە مەزنەکان و لە پشت قەڵغانی ئاسایشی ناوخۆییەوە بپارێزین خۆمان لە کاروبارەکانی جیهان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە تێوەنەگلێنین. دەتوانم ئەوە بەدی بکەم کە کەسێکی وەك ترەمپ ئەم کارە بکات، سەرۆك ئۆباما نزیك بوو لەوەی ئەم کارە بکات، چونکە خوازیاری کشانەوە بوو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. کەواتە دەبێت ببینین ئایا بەڕێز ترەمپ کاردانەوەی چی دەبێت کاتێك ڕووداوەکان ڕوودەدەن، کەواتە نادڵنیاییەکی زۆر هەیە لەبارەی ئەوەی ڕەوتی ڕووداوەکان چۆن دەبێت. لەم هەفتەیەدا دانیشتنی کۆنگرێس ئەنجام دەدرێت بۆ گوێگرتن لە پاڵێوراوی وەزیری دەرەوە و وەزیری بەرگری و کەسانی دیکە و لەم هەفتەیەدا لێدوانی زیاترمان گوێ لێ دەبێت بە بەراورد بەوەی لە مانگەکانی ڕابردودا گوێمان لێ بوو. بەتایبەتی لە پەیوەندیدا بە وردەکارییەکانی پەیوەست بە سوریا و یەمەن و عێراق و داعش و پرسی کورد و ناکۆکی نێوان فەلەستین و ئیسرائیلەوە و ...هتد

*** ئایا پێت وانییە چیتر ئیدارەی ئەمەریکا لە داهاتوودا کار لەسەر پرۆسەی بنیاتنانی نەتەوە و پەرەپێدانی دیموکراسی نەکات؟**

- پێموایە سەرۆك ترەمپ هەوڵەکانی لە شەڕکردن لە دژی داعش و پرسی ئێران و ڕێککەوتنە ئەتۆمیەکە کورت دەکاتەوە، ئەمانە بایەخپێدانی سەرەکی ئەو دەبن. بە دڵنیاییەوە ئەو گرنگی بە پرسی پەرەپێدانی دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ نادات، هەروەها بە ڕاددەیەکی گەورە بایەخ بە پرسی بنیاتنانی نەتەوە نادات. کەواتە ئەو تێڕوانینێکی سنوورداری دەبێت لەبارەی ئەوەی کە پێویستە ئەمەریکا ئەنجامی بدات. بەڵام دەبێت ئەو ڕاستیەمان لەبیربێت کە ئەوە ڕووداوە نەبینراوەکان بوون کە سیاسەتی سەرۆکیان دارشتووە، چونکە جۆرج بوش لە ٢٠ی کانونی دووەمدا بووە سەرۆك، بەڵام دواتر ڕووداوەکانی ١١ی سێپتەمبەر ڕوویاندا و ئەوە بوو سیاسەتەکانی گۆڕی، سەرۆك ئۆباماش لە ٢٠ی کانونی دووەمدا بووە سەرۆك، بەڵام دوای چەند ساڵێکی کەم بەهاری عەرەبی ڕوویدا و تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گۆڕی و دواتر داعش سەریهەڵدا. لەبەر ئەوە کاتێك هەوڵ دەدەین پێشبینی ئەوە بکەین کە ئایا سەرۆك چی دەکات، ئەوا لە ڕاستیدا ئەوەی پێی دەوترێت توخمی پێشبینینەکراو کاریگەری زۆری دەبێت لەسەر سەرۆك، ڕاستە ئێمە نازانین ئەمە چۆن دەکەوێتەوە، ڕەنگە ڕووداوێکی تیرۆریستی بێت لە ناو خودی ئەمەریکادا، یان ڕووداوێکی تیرۆریستی بێت لە دژی بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا. ترەمپیش کەسێکی توندە و زۆر کاردانەوە دەنوێنێت، چونکە ئەگەر تۆ کارێکی لە بەرامبەردا بکەیت، ئەوا ڕاستەوخۆ کاردانەوەی دەبێت، لەبەر ئەوە دەبێت چاوەڕێ بکەین کە ئایا یەکەم کاردانەوەی چی دەبێت لە ئاست یەکەم ڕووداودا کە لە سەردەمی سەرۆکایەتیەکەیدا ڕوودەدات.

*** ئایا پێت وایە سەرۆکی داهاتوو پشت بە ستراتیژییەتی ڕاگرتنی باڵانس لە دوورەو "off-shore balancing" ببەستێت، هەروەك خۆشتان بەم دواییە لەووتارێکدا باستان کردووە؟**

- من ئەوەم نووسیوە سەرۆك ئۆباما و بەڕێز ترەمپ خوازیاری پیادەکردنی ستراتیژیەتی ڕاگرتنی باڵانسن لە دوورەوە "offshore balancing" هەروەها من لەو ووتارەمەدا باسم کردووە، ستراتیژییەتی ڕاگرتنی هاوسەنگی لە دوورەوە "offshore balancing" گریمانەی ئەوە دەکات کە هاوسەنگییەك هەیە و دەبێت ڕابگیرێت، هەروەها گریمانەی ئەوە دەکات کە تۆ مامەڵە لەگەڵ دەوڵەتدا دەکەیت، واتە دەوڵەتێك باڵانسی دەوڵەتێکی دیکە ڕابگرێت و بارودۆخەکە بە سەقامگیر بمێنێتەوە. بەڵام کێشەکە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئەوەیە زۆرێك لە دەوڵەتان داڕووخاون و چەندین دەوڵەتی شکستخواردوومان هەیە و چەندین کاراکتەری چەکداری غەیرە دەوڵەتی هەن، لەگەڵ چەندین گرووپی تیرۆریستیدا، کە ناکرێت باڵانس لەگەڵ ئەمانەدا ڕابگریت،

**لەم هەفتەیەدا دانیشتنی کۆنگرێس ئەنجام دەدرێت بۆ گوێگرتن لە پاڵێوراوی وەزیری دەرەوە و وەزیری بەرگری و کەسانی دیکە و لەم هەفتەیەدا لێدوانی زیاترمان گوێ لێ دەبێت بە بەراورد بەوەی لە مانگەکانی ڕابردودا گوێمان لێ بوو. بەتایبەتی لە پەیوەندیدا بە وردەکارییەکانی پەیوەست بە سوریا و یەمەن و عێراق و داعش و پرسی کورد و ناکۆکی نێوان فەلەستین و ئیسرائیلەوە**

**ئاشکرایە کە ترەمپ وەک کاندید و ترەمپ وەک سەرۆکێکی هەڵبژێردراو لێدوانی ئیجابی داوە لەبەرامبەر روسیا و پوتیندا، بەڵام کەسانێک هەن لە نێو تیمەکەیدا، وەک وەزیری بەرگری و راوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی و کەسانی دیکەی نێو پارتی کۆمارییەکان کە زۆر دژی روسیان، کەواتە لەم رووەوە دژیەکی هەیە**

چونکە ناتوانین بالانس لەگەڵ داعش یان ئەلقاعیدەدا ڕابگریت. دەوڵەتانی ناوچەکە، بەتایبەتی سعودیە و ئێران لە واقیعدا لە شەڕدان، کە بۆ ئەوەی بتوانیت بالانسیان ڕابگریت ئەوا دەبێت لە شەڕەوە بگوازنەوە بۆ ئاشتەوایی و دواتر دەتوانین بالانسیان بکەیت. کەواتە سەرکەوتنی ئەم ستراتیژیەتە "offshore balancing" کاری زۆری دەوێت. بەڵام لە ئێستادا سەرکەوتوو نابێت.

*** ئێوە باستان لە کاراکتەری غەیرە دەوڵەتی کرد، ئایا کورد دەچێتە چوارچێوەی ئەم خانەیەوە، کە ئێمە دەزانین کورد توانا و ئیرادە و پابەندبوونێکی بەرچاوی پیشاندا بۆ شەڕکردن لە دژی داعش؟**

- لە ڕاستیدا من هێزی پێشمەرگە بە کاراکتەرێکی غەیرە دەوڵەتی دانانێم، لەبەر ئەوەی بەشێکە لە دەستوری عێراق و سیستمی دەوڵەت، ئاشکرایە کە ئێمە دەزانین هەندێ جیاوازی و کێشە هەن، بەڵام پێشمەرگە بەشێکە لە سیستمێکی بە نامەرکەزیکراو و بەرپرسیارە لەبەردەم حکومەتی هەرێم — کە بارەگاکەی لە هەولێرە-، حکومەتی هەولێریش، یەکەیەکی فیدراڵییە لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا. لەبەر ئەوە بە پێوەری پێناسەکەی من پێشمەرگە کاراکتەرێکی غەیرە دەوڵەتی نییە، هەروەها زۆر کەسیش لە واشنتۆن بە کاراکتەرێکی غەیرە دەوڵەتیی نابینن. مەبەستیشم لە کاراکتەری غەیرە دەوڵەتی هەر هێزێکە کە بەشێك نەبێت لە سیستمێکی دەستوری، ئاشکرایە زۆرێك لەو گروپانەی ئێران پشتیوانیان دەکات، وەك حزبوڵا و زۆرێك لەو گروپانەی لە سوریا شان بە شانی ئەسەد شەڕ دەکەن، بزوتنەوەی حوسییەکان، ئەم پێناسەیەیان بەسەردا جێبەجێ دەبێت، بە هەمان شێوە حەشدی شەعبی لە عێراقدا-ئەگەرچی غیتائێکی یاساییش پێدراوە، ، بەڵام لە ڕاستیدا بەرپرس نین لەبەردەم حکومەتی بەغدا، بە چەشنی ئەوەی پێشمەرگە لەبەردەم حکومەتی هەولێردا بەرپرسیارە، هەروەها کاراکتەری تیرۆریستی ڕادیکاڵیش هەن، وەك ئەلقاعیدە، بە هەمان شێوە میلیشیاکانی لیبیا و سوریا و یەمەن ئەو شوێنانەی کە خەڵکی چەکیان هەڵگرتووە. کەواتە ئەمە کێشەیەکی ئیقلیمی گەورەیە و لەبەشێکیدا هۆکارەکە بۆ داڕووخانی دەوڵەت دەگەڕێتەوە و لە بەشێکیدا بۆ سیاسەتی ئێران دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە بە شێوەیەکی ڕەسمی هەڵبستێت بە دامەزراندن و پشتیوانیکردنی کاراکتەرە چەکدارییە غەیرە دەوڵەتییەکان لە وڵاتانی دیکە، وەك هێزی قودس و گاردی شۆڕشگێڕی، بەڵام پێشمەرگە ناچێتە ئەو خانەیەوە، پێم وایە هەرێمی کوردستان ناوبانگ و دۆستی زۆر باشی هەیە لێرە لە واشنتۆن و لە نێو هەردوو پارتەکەدا. کەواتە لەم ڕووەوە پرسێك لە ئارادانییە، لە ڕاستیدا پرسەکە پەیوەستە بە کوردی سوریاوە، بە پەیەگە و هێزە شەڕکەرەکانی ئەوێ، کە ڕەنگە بڕیاری جیاواز لەلایەن تورکیا و ڕوسیا و ئەمەریکا بدرێت لەوێدا و لە پەیوەندیدا بە کوردی ئەوێوە، واتە دەتوانن چەند خاك کۆنترۆڵ بکەن و ئایا ڕژێمی ئەسەد دژیان دەوەستێتەوە یاخود دەگاتە تەرتیباتێك لەگەڵیاندا، هەمموو ئەمانە نادیار و نەزانراون و دەبێت ببینین کە ئیدارەی ترەمپ چۆن مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات.

*** لە ئێستادا ئۆپەراسیۆنی ڕزگارکردنی موسڵ بەڕێوەدەچێت، ئایا ئەگەری ئەوە هەیە دوای ئەو ئۆپەراسیۆنە عێراق بتوانێت پرۆسەیەکی سیاسی تەبەنی بکات کە دەرفەت بۆ هەمووان بڕەخسێنێت. ئێوە باستان لە حەشدی شەعبی و ئەو گرووپانەی دیکە کرد کە لەلایەن ئێرانەوە پشتیوانی دەکرێن، ئایا پێت وایە ئەمانە دەبنە هێزێکی ناسەقامگیرکەر لە ئایندەدا؟**

- ئەمە بەندە بە عێراقییەکان و لایەنە عێراقییە جیاوازەکانەوە. پێم وایە ئەوەی پەیوەست بێت بە ئیدارەی ترەمپەوە، ئەوا جەنەراڵ ماتیس و ڕەنگە جەنەراڵی فلینیش درێژە بە هەمان سیاسەتی ئێستای ئۆباما بدەن، کە ئەویش بریتییە لە بەردەوامیدان بە هاوکارییەکان بۆ ئازادکردنەوەی موسڵ، بۆ بارودۆخی دوای ئۆپەراسیۆنەکەش، ئەوا ئەمەریکا هاوکارییەکی گەورە دەستەبەر ناکات، بەڵام هەوڵ دەدات لایەنەکانی دیکەی وەك چین و یەکێتی ئەوروپا هاوکاری دابین بکەن. بەڵام لەو باوەڕەدانیم ئەمەریکا بە ڕاددەیەکی گەورە تێوەبگلێت لە ئاکامە سیاسییەکانی ڕزگارکردنی موسڵەوە، چونکە پێم وانییە لە کۆشکی سپی

**هێشتا چەندین پرسیاری قووڵ لە بارەی ئێستا و ئایندەی عێراقەوە دەمێننەوە، کە پەیوەستن بەوەی حکومەتی بەغدا چۆن مامەڵە لەگەڵ هێزە فیدراڵییەکان و حەشدی شەعبی دەکات و ئایا حەشدی شەعبی چ ڕۆڵێکی دەبێت و چۆن لایەنی شیعەگەرایی لە سیاسەتی دوای موسڵدا ئیدارە دەکرێت، هەروەها پرسەکانی پەیوەست بە سەرکردایەتی سوننە و هەوڵی سوننە بۆ خۆڕێکخستنەوەی خۆیان و پرسی ئەوەی سوننەکان چ بڕیارێک دەدەن و تا چ ڕاددەیەک حکومەتی مەرکەزی شیعە داواکارییەکان لە خۆدەگرێت**

**خەڵکانێکی زۆر هاوسۆزن و بە تەواوەتی لە خواستی کورد بۆ سەربەخۆیی تێدەگەن، بەڵام پێم وایە کەسانێکی زۆریش لێرە لەو باوەڕەدان کە بارودۆخەکە دژوارە و تاوەکو تورکیا و سوریا و ئێران و هەروەها بەغداش — یاخود بەلای کەمەوە هەندێ لەو گەمەکارە گەورانە- ڕازی نەبن و پشتیوانی لە سەربەخۆیی نەکەن ئەوا زەحمەت دەبێت بۆ کورد کە سەربەخۆیی ڕابگەیەنێت و بکەوێتە سنورێکی داخراو بە هێزی دوژمنکار**

**هەرێمی کوردستان ناوبانگ و دۆستی زۆر باشی هەیە لێرە لە واشنتۆن و لە نێو هەردوو پارتەکەدا. کەواتە لەم ڕووەوە پرسێک لە ئارادانییە، لە ڕاستیدا پرسەکە پەیوەستە بە کوردی سوریاوە، بە یەپەگە و هێزە شەڕکەرەکانی ئەوێ، کە ڕەنگە بڕیاری جیاواز لەلایەن تورکیا و روسیا و ئەمەریکا بدرێت لەوێدا**

**هێزی پێشمەرگە بە کاراکتەرێکی غەیرە دەوڵەتی دانانێم، لەبەر ئەوەی بەشێکە لە دەستوری عێراق و سیستمی دەوڵەت، ئاشکرایە کە ئێمە دەزانین هەندێ جیاوازی و کێشە هەن، بەڵام پێشمەرگە بەشێکە لە سیستمێکی بە نامەرکەزیکراو و بەرپرسیارە لەبەردەم حکومەتی هەرێم – کە بارەگاکەی لە هەولێرە-، حکومەتی هەولێریش، یەکەیەکی فیدراڵییە لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا**

گەمەکارێکی سەرەکی هەبێت و بایەخ بەم پرسە بدات، لە سایەی ئیدارەی ئۆباما بەلای کەمەوە کەسێکی وەك جۆ بایدن هەبوو، کە زۆر باش شارەزای عێراق بوو و بایەخ بەم پرسە دەدات، بەڵام کەسێك نابێت بە چەشنی ئەو بایەخ بەم پرس بدات، تاکە کەسێك کە ڕەنگە گرنگی بەم بابەتە بدات کە باش شارەزای عێراقە، وەزیری دەرەوە تیلێرسۆنە، ئەگەرچی پێم وایە دەستڕۆیشتوویی ئەویش سنووردارە. کەواتە هێشتا چەندین پرسیاری قووڵ لە بارەی ئێستا و ئایندەی عێراقەوە دەمێننەوە، کە پەیوەستن بەوەی حکومەتی بەغدا چۆن مامەڵە لەگەڵ هێزە فیدراڵییەکان و حەشدی شەعبی دەکات و ئایا حەشدی شەعبی چ ڕۆڵێکی دەبێت و چۆن لایەنی شیعەگەرایی لە سیاسەتی دوای موسڵدا ئیدارە دەکرێت، هەروەها پرسەکانی پەیوەست بە سەرکردایەتی سوننە و هەوڵی سوننە بۆ خۆڕێکخستنەوەی خۆیان و پرسی ئەوەی سوننەکان چ بڕیارێك دەدەن و تا چ ڕاددەیەك حکومەتی مەرکەزی شیعە داواکارییەکان لە خۆدەگرێت، هەروەها ئەو کێشە ئاڵۆزانەی لە نێوان هەولێر و بەغدا هەن، کە تەنها پەیوەست نین بە بودجەوە، بەڵکو بە ناوچەی جوگرافی و بە دەشتی نەینەوا و موسڵ و هتد، بەڵام پێم وانییە ئەمەریکا زۆر تێوەبگلێت لەم پرسانە.

*** تێڕوانینت چییە لەبارەی هەوڵی کورد بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی؟**

- لە ڕاستیدا تێڕوانینەکە لە دەرەوە و خوێندنەوەکە لێرە ئەوەیە کە خەڵکانێکی زۆر هاوسۆزن و بە تەواوەتی لە خواستی کورد بۆ سەربەخۆیی تێدەگەن، بەڵام پێم وایە کەسانێکی زۆریش لێرە لەو باوەڕەدان کە بارودۆخەکە دژوارە و تاوەکو تورکیا و سوریا و ئێران، هەروەها بەغداش – یاخود بەلای کەمەوە هەندێ لەو گەمەکارە گەورانە- ڕازی نەبن و پشتیوانی لە سەربەخۆیی نەکەن ئەوا زەحمەت دەبێت بۆ کورد کە سەربەخۆیی ڕابگەیەنێت و بکەوێتە سنورێکی داخراو بە هێزی دوژمنکار، ئەمە سەرکەوتو نابێت. چونکە خەڵکی ئەمە بۆ کورد ناخوازێت، دوای ئەوەی ئەمەریکا ڕۆڵی بینی لە دەستەبەرکردنی نەوای ئارام و ئێستاش خۆشحاڵە کە کورد بۆتە بەشێك لەم سیستمە فیدراڵیە، هەروەها ڕاستە ئێستا هەندێ کێشەی ئابووری و ئەمنیان هەیە، بەڵام ئەوان خاوەن خاکی خۆیان و حکومەت و هێزی چەکدار خۆیانن، زۆر کەس لێرە خوازیاری ئەوە نین هەرێمی کوردستان دووچاری قەیرانێکی دیکە ببێتەوە و هیوای دۆخێکی باش بۆ کورد دەخوازن، بەڵام پێیان وایە کە بارودۆخەکە لەبار نییە بۆ سەربەخۆییەکی ڕاستەقینە بەهۆی دۆخی ئیقلیمییەوە.

*** پێشبینینەکانت بۆ ئایندەی ئەم ناوچەیە چین؟**

من نهێنییەك ئاشکرا ناکام ئەگەر بڵێم ئەم ناوچەیە بە ناسەقامگیرییەکی زۆر قوڵدا تێدەپەڕێت کە پەیوەستە بە ناسنامەی دەوڵەت و داڕووخانی نەتەوە و شەڕی نێو خودی ئایین خۆی، لە نێوان شیعە و سوننە، هەروەها لە نێوان سوننە و سوننە، واتە ناسەقامگیرییەکی قووڵ لە ئارادایە کە ڕەنگە هاوشێوەی ئەورووپای سەرەتای بیست بێت، یاخود ئەورووپای ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەدا، کە ناسەقامگیرییەکی قووڵ لە ئارادا بوو. لەبەر ئەوە پێشبینییەکە ئەوەیە ئەم ناسەقامگیرییە –بەهۆی ئەوەی ئەوەندە ئاڵۆز و ئەوەندە قووڵە- بەردەوام بێت لە ئایندەی نزیکدا. ئەوەی دەکرێت ئومێدی بۆ بخوازرێت ئەوەیە کە بەلای کەمەوە هەندێ لە شەڕە ناوخۆییە گەورەکان کۆتاییان پێبهێنرێت، ئاشکرایە کە گەورەترین و سەرەکیترینیان سوریایە، ڕەنگە روسیا و ئەمەریکا هاوکاری بکەن بۆ ئەوەی کۆتایی پێبێنن و ئەمەش جیاوازییەکی گەورە دروست دەکات، هەروەها شەڕی ناوخۆیی لە لیبیا و یەمەنیش هەن کە دەبێت چارەسەر بکرێن. لەبەر ئەوە بەلای کەمەوە ئەگەر لە ماوەی ٤ ساڵی داهاتوودا بتوانین شەڕە ناوخۆییەکان خاو بکەینەوە کە ببێتەهۆی خاوکردنەوەی گرژییەکان و لاوازکردنی گروپە تیرۆریستییەکان و سنوردارکردنی شەپۆلی پەنابەران، ئەوا لەو کاتەدا ئەگەرچی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناسەقامگیر دەبێت، بەڵام بە چەشنی ئێستا ناسەقامگیر و مەترسیدار نابێت. ئەگەرنا ئەوا ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست چەندین ساڵی دیکەش بە دەست ناسەقامگیرییەوە دەناڵێنێت.

# لەم ساڵەدا موسڵ بۆ ئێمە هەڕەشەیە یان دەرفەتە؟

سەرەتا پێم باشە کە بەقسەیەکی پڕ لە حیکمەتی بەدیعوززەمانی کورد سەعیدی نوورسیی دەست پێبکەم کە دەڵێت: (لەوانەیە رابردوو بۆ ئێمە قەدەر بێت چونکە دەستمان لە دروستکردنیدا نەبووە، بەڵام ئایندەو داهاتوو بۆ ئێمە ئەرك و تەکلیفە چونکە لە ئێستاوە ئێمە دروستی دەکەین).

راستە هاوپەیمانان و وڵاتانی زلهێزو تورکیاو ئێران و هەندێك وڵاتانی عەرەبیی و عێراق پلانی خۆیان هەیە بۆ ئایندەی موسڵ، بەڵام دەبێت ئەوەش بزانین کە:

ئایا پلانی ئێمە چییە بۆ ئایندەی ئەم پارێزگا گەورەو کاریگەرەی دراوسێمان؟

یان کامە پلانی کامە دەوڵەت نزیکە لەبەرژەوەندییەکانی ئێمەی کوردەوە سەبارەت بەئایندەی موسڵ؟

سەرەتا ئەوە راستە کە ئێمەی کورد وەك کاریگەرییەکی ژینگەیی لەدێر زەمانەوە، سەردەمانێکی زۆر تەنها چیاکان دۆستمان بوون و، تاشەبەردەکانیش پەناگە و، کونە شاخەکانیش حەشارگەمان بوون، دیارە کە ئەم شتانەش شتی سروشتین و خۆمان بەدەستی خۆمان دروستمان نەکردوون، ئیدی لێرەوە لە ژینگەوە وەك هۆکاری سەرەکی بۆ دروستبوونی کەسایەتیمان، ئێمە فێر بووین زیاتر پشت بەدەرەوەی تواناکانی خۆمان ببەستین.

بۆیە مێژووشمان پێمان دەڵێت کە ئێمە زیاد لە پێویست هیوا و ئاواتی گەورەمان بەدەرەوە ی خۆمان و، دەرەوەی تواناکانمان دەبەستین، بە رادەیەك کە زۆبەی کات ئەم خەسڵەتە وای لێ کردووین کە وزە و توانا ناوخۆییەکانی خۆمان پشتگوێ بخەین .

فاکتەری دەرەکیی چەند گرنگە فاکتەری نێوخۆییش گرنگتر، بۆیە لەساڵی نوێدا پێویستە:

بیر لە کاری جیددی و، هەنگاوی وردبین و، بڕیاری دووربینانە بکەینەوە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانمان و، زیاد لە ئەگەرێك و، زیاتر لە بەدیلێکمان هەبێت بۆ چارەسەرکردنی هەر کێشەیەك و، رێگە بدەین تواناکانی ناوخۆی خۆمان کۆ بکەینەوە و پشت بە ئیرادەی خۆشمان ببەستین، پاشان سوود لە فاکتەری دەرەکی ببینین.

چونکە ئەنجامی کۆتایی ساڵی (٢٠١٧)و هەر ساڵێکی دیکەش هەر بریتی دەبێت لەو هەوڵە بەردەوام و، بچوکانەی کەخۆمان رۆژانە دەیدەین بە هەماهەنگیی تەواوی نێوان هەموو دام و دەزگا و رێکخراوەکانماندا و، بە گیانی کوردانە و بە نەفەسی نیشتمانیی و، بە پاڵپشتی جەماوەرو خەڵکی دڵخۆشکراو و مافپێدراوی خۆمان، هەر ئەوساش دەرەوەی نزیك و دوور حیسابی زیاتر بۆ قسە و بڕیارمان دەکەن .

بۆیە سەبارەت بەئایندەی موسڵ زۆر گرنگە ئاگاداری ئەم چەند خاڵەی لای خوارەوە بین :

یەکەم: ئاگاداربوون لەئەگەرەکانی هەڵپەساردن یان هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنی پارێزگای نەینەواو، دانانی پارێزگارێکی سەربازیی بۆ ماوەیەکی دیاریکراو.

دووەم: دیراسەکردنی باشترین حاڵەت بۆ کوردستان لەدابەشکردنی نەینەوا بۆ چەند پارێزگایەك.

سێیەم: دیراسەکردنی ئەگەرە نەخوازراوەکان لە حاڵەتی کەمبوونەوە یان رۆیشتنی هێزی هاوپەیمانان دوای نەمانی داعش.

چوارەم: هەوڵدان بۆ دامەزراندنی بنکەی سەربازیی ئەمریکا لە کوردستان.

پێنجەم: هەوڵدان بۆ ئاشتکردنەوەی عەشیرەتە کوردەکانی نێو پارێزگای نەینەواو یەکخستنی نێوماڵی کوردی لەو پارێزگایەدا.

شەشەم: کردنەوەی چەند خولێکی پێکەوەژیانی ئایینیی لەلایەن وەزارەتی ئەوقافەوە بۆ زانایانی ئایینە جیاوازەکانی ئەو ناوچانەو، باسکردنی تێگەیشتنی کوردانە لەئایین و، ئەزموونی زۆر جوانی پێکەوە ژیان و تەساموحی ئاینیی لەکوردستاندا.

حەوتەم: ئیلزامیکردنی خوێندنی منالآن و مێردمنالآن لەقوتابخانەکانی ئەو ناوچانەدا بۆ سڕینەوەی ئەو هەموو بیرە توندڕەوەی داعش لەمێشکیاندا چاندوویەتی لەو دوو ساڵەدا.

هەشتەم: گێڕانەوەی ئاوارەکان بۆ ناوچەکانی خۆیان.

نۆیەم: رێکخستنەوەی جۆری حوکمڕانیی لە پارێزگای نەینەوا بەجۆرێك کە رۆڵی گەورەو مەزنی کوردستان لەبەرچاو بگیرێت لەماوەی ئەم سێ ساڵەدا.

دەیەم: دیاریکردنی سنووری کوردستان بەڕەچاوکردنی خەباتی پێشمەرگەی کوردستان و، ویستیی نەتەوەو خاوەن ئایینەکانی ناوچەکە بۆ پێکەوەژیانێکی کوردستانیانەی نموونەیی کە خەڵکی کوردستانی پێ ناسراوە.



عەبدولڕەحمان سدیق
بۆ گوڵان دەینووسێت
asidiq1962@yahoo.com



# ئیدارەی دۆناڵد ترەمپ و وەرچەرخانێکی گەورە لە سیاسەتی جیهانیدا



ڕۆژی ١٩٨٩/١١/٩ بە ڕووخانی دیواری بەرلین جیهانی دووجەمسەریی شەڕی سارد کۆتایی هات و جیهانێکی تاك جەمسەری بە سەرکردایەتی ئەمریکا هاتەئاراوە، بەڵام دوای ١٢ ساڵ لەم ڕووداوە لە ڕۆژی ٢٠٠١/٩/١١ ئوسامە بن لادن بە تەقاندنەوەی هەردوو تاوەری سەنتەری بازرگانی جیهانی لە مەنهاتن، نەخشەی سیاسیی جیهانی گۆڕی و بەرەی دژەتیرۆری لەنێوان جیهانی ئازاد و تیرۆریستاندا ڕاگەیاند. سەبارەت بەم دوو ڕووداوە بەشێکی زۆری بیرمەندان دەڵێن، گەورەیی کارە تیرۆریستییەکەی بن لادن و ڕێکخراوی قاعیدە دژی سەنتەری بازرگانی جیهانی ئەوە بوو کە توانی (١١/٩) بگۆڕێت بۆ (٩/١١)، بەدیوێکی دیکە بەو مانایە دێت کە ١٩٨٩/١١/٩ چەند ڕووداوێکی گەورەو ئەرێنی بوو بۆ جیهانی ئازادو دیموکراتی بەهەمان ئاست ٢٠٠١/٩/١١ ڕووداو و کارەساتێکی تراژیدی بوو بۆ جیهانی ئازاد و دیموکراتی.

ئەوەی لەهەڵبژاردنی ئەمجارەی ترەمپ جێگەی سەرنجی بەشێك لە چاودێران و توێژەرانی جیهانە، ئەوەیە کە ترەمپ لە ٢٠١٦/١١/٩ بووە سەرۆکی هەڵبژێردراوی ئەمریکا، ئەم بەروارە ئەگەر لە گەڵ ١١/٩/ ١٩٨٩ و ٢٠٠١/٩/١١ بەراورد بکەین، ئایا دەکرێت بڵێین ئەو بەروارەی لە ٢٠٠١/٩/١١ ئوسامە بن لادن و ڕێکخراوی قاعیدە بۆ وەرچەرخانی جیهان دروستیان کرد، بە هەڵبژاردنی ترەمپ لە ٢٠١٦/١١/٩ هەمان بەراوری ١٩٨٩/١١/٩ دووبارە دەکاتەوە، یان هەڵبژاردنی ترەمپ دیوارێکی دیکەی بەرلین دەڕووخێنێت کە ئێستا لەبەردەم شکۆی ئەمریکا دروست بووەو ترەمپ دەڵێت: جارێکی دیکە ئەمریکای مەزن دروست دەکەینەوە؟

کاتێك ئەم دێڕانە دەنووسین هێشتا چەند ڕۆژێکی ماوە دۆناڵد ترەمپ لەسەرۆکی هەڵبژێردراوەوە بگۆڕێت بۆ سەرۆکی ئەمریکا لەکۆشکی سپی، جارێ نازانرێت لەگوتاری دانانی وەك سەرۆك چی ئاراستەی جیهان دەکات، بەڵام ئەوەی دەزانرێت و وەك خاڵێکی ئیجابی و سەرکەوتوو بۆ ئیدارەی ترەمپ دەخوێندرێتەوە، ئەوەیە کە سەرکەوتنی ترەمپ لە هەڵبژاردنەکاندا هاوکاتە لەگەڵ نەمانی ناسەقامگیریی سیاسی، یان ململانێی حزبی لەنێوان دیموکراتی و کۆمارییەکان لە کۆنگرێسدا، هەربۆیە پرۆسەی دروستکردنی بڕیار و وەرگرتنی بڕیار بۆ دۆناڵد ترەمپ و ئیدارەکەی زۆر ئاسانتر دەبێت، لەهەر سیستمێکی حوکمڕانیشدا کە ململانێی سیاسی نەبێتە ئاستەنگ بۆ وەرگرتنی بڕیاری سیاسی، ئەوا ئەدای ئەو حکومەتە لەوانی دیکە باشتر دەبێت. بۆیە لەوانەیە هیچ زیدەڕۆیی نەبێت، ئەگەر بڵێین هۆکاری سەرەکی کە ئیدارەی ئۆباما نەیتوانی وەك پێویست مامەڵە لەگەڵ کێشەکانی ناوخۆی ئەمریکاو کێشە جیهانییەکان بکات، قورسیی وەرگرتنی پرۆسەی دروستکردن و وەرگرتنی بڕیار بووە.

کۆمارییەکان لەوانەیە هەقی خۆیان بێت، شانازی بەمێژووی دوورو نزیکی خۆیان بکەن، بەتایبەتی کە توانیویانە هەم لەسەر ئاستی ئەمریکاو هەمیش لەسەر ئاستی جیهان شۆڕش و گۆڕانکاریی گەورە بەرپا بکەن، کە نەك هەر ئەو شۆڕشانە بوونەتە هۆکاری ئەوەی ئەمریکا زیاتر بەهێز و باڵادەست بێت، بەڵکو زەمینەی ئازادییان بۆ مرۆڤایەتی و جیهان فەراهەم کردووە، هەروەك چۆن ئەبراهام لنکۆڵن توانی شۆڕشی دژی کۆیلایەتی بەرپا بکات و خۆی بکاتە میراتی ئازادی بۆ ئەمریکییەکان، بەهەمان شێوە لە کۆتایی شەستەکانی سەدەی ڕابردووە تا کۆتاییهاتنی شەڕی ساردو لەبەریەك هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەتی پێشان لەماوەی شەش خولی سەرۆکایەتی ئەمریکادا، پێنجیان لەدەستی کۆمارییەکاندا بووە، بۆیە پارتێکی سیاسی وەك پارتی کۆمارییەکانی ئەمریکا کە لەمێژووی خۆیدا خاوەنی سیاسەتی شۆڕشی ئازادی دژی کۆیلایەتی بێت و خاوەنی سیاسەتی ڕووخانی یەکێتی سۆڤیەتی پێشان بێت بەشەڕی سەربازی، ئەوا چاوەڕێی ئەوەشی لێدەکرێت، ئەمجارەش لەمیانەی ئیدارەی داهاتووی ترەمپ-دا وەرچەرخان و گۆڕانکاریی گەورە لە سیاسەتی جیهانیدا دروست بکات.

**● لە پرۆسەی بونیادنانی دەوڵەت و سەپاندنی دیموکراتییەوە بۆ پۆلیسی جیهان و لێپرسینەوەی دەوڵەتان**

- لەدوای پرۆسەی ڕووخانی ڕژێمی پێشووی سەدام حوسێن، ئەو پلانەی جۆرج دەبلیو بوش

**لە چلەکانی سەدەی ڕابردوو لەمیانەی شەڕی دووەمی جیهانیدا هەموو نەتەوەکانی جیهان وەک نەتەوە شەڕی یەکتریان دەکرد، ئا لەو کاتەدا بارزانی مستەفا کە ڕێبەرایەتی شۆڕشی کوردستانی کردووە ڕایگەیاندووە کە شەڕی کوردستان لەگەڵ عەرەب نییە و لەگەڵ ئەو ڕژێمانەیە کە کوردو عەرەب پێکەوە دەچەوسێننەوە**

**بوونی کوردستان بە هاوپەیمانێکی بەهێز لەگەڵ ئەمریکا کە لەهەمانکاتدا پێوەندییەکی بەهێزیشی لەگەڵ هاوپەیمانەکانی دیکەی ئەمریکا لەناوچەکەدا هەیە، ئەوا جۆرە تێگەیشتنێک لەنێوان ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی دیکەی دروست دەکات**

**ئەگەر سیاسەتی ئیدارەی داهاتووی ئەمریکا ببێتە فاکتەرێک بۆ سەربەخۆیی کوردستان، ئەوا سەربەخۆیی کوردستان دەبێتە نموونەیەکی بەرجەستە بۆ ئەمریکا بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ هاوپەیمانەکانی لەسەرانسەری ناوچەکەدا**

بۆ بونیادنانەوەی عێراق دایڕشتبوو کە ناوی لێنرابوو (پلانی A) و بریتی بوو لەوەی عێراق وەك دەوڵەتێکی فیدڕاڵی و پەرلەمانی و فرەیی بونیاد بنرێتەوە، دوای ئەوەی ئەم پلانە سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا لەساڵی ٢٠٠٧ دیموکراتەکان لەسەر دەستی جۆزیف بایدن کە ئەوکات سەرۆکی لیژنەی پێوەندییەکانی دەرەوەی کۆنگرێس بوو، (پلانی B) راگەیەنرا. بەپێی ئەم پلانە پێشنیار کرابوو کە عێراق بەشێوەیەکی نەرم لەچوارچێوەی دەوڵەتی فیدڕاڵی عێراقدا بەسەر ٣ هەرێمی کوردستان و شیعەستان و سوننەستان دابەش بکرێت، بەڵام ئامانجی هەردوو پلانی A&B ئەوە بوو عێراق دەوڵەتێکی دیموکراتی و فیدڕاڵی بێت.

دوای بڵاوبوونەوەی پلانی B، ئەمیتا ئیتزایۆنی بیرمەندی ئەمریکی و خاوەنی تیۆری (کۆمەڵگەی چالاك) پلانی Zی راگەیاند، ئەمەش بەو مانایەی ئەمە کۆتاپلانە بۆ عێراق و پێویست نییە بیر لەپلانی دیکە بکرێتەوە. ئیتزایۆنی لەم پلانەدا ئەوەی پێشنیار کردووە، گرنگ نییە عێراق دیموکراتی بێت، یان خەڵکی عێراق بکرێنە دیموکراتخواز، گرنگ ئەوەیە خۆیان ئەو سیستمە دیاری بکەن کە دەیانەوێت و ئەو سیستمەی کە ئاسایش و سەقامگیری دابین دەکات، سەبارەت بەم لایەنە هەر لەساڵی ٢٠٠٧ گوڵان لەسەر پلانی Z وتویژێکی رۆژنامەوانی لەگەڵ ئەمیتا ئیتزایۆنی ئەنجامدا و لێمان پرسی: مەبەست لەوە چییە گرنگ نییە عێراق دیموکراتی بێت، یان عێراقییەکان دیموکراتخواز بن؟ لەوەڵامدا شاری (سەدر)ی لەناو بەغدا بە نموونە بۆ باسکردین و گوتی: ئێستا لە شاری سەدر لەناو بەغدا سەقامگیری هەیە، خەڵك کارو کاسبی خۆی دەکات، قوتابیان دەچن بۆ قوتابخانە، ئەوان خۆیان ئەو سیستمەیان دەوێت، بۆچی دەبێت ئەمریکا بە زۆر ئەم سیستمە بگۆڕێت و دیموکراتییان بەسەردا بسەپێنێت، لەکاتیکدا ئەمریکا باش دەزانێت ئەگەر ئەم کارە بکات، ئەوا سەقامگیری و ئاسایش لە شاری سەدر کۆتایی دێت؟

لەسەر ئەم بنەمایە کاتێك گوێ لە لێدوانەکانی ترەمپ و ستافەکەی بۆ ئیدارەی داهاتووی ئەمریکا دەگرین، هەست دەکەین پرۆسەی پشتگیریکردن لە بڵاوکردنەوەی دیموکراتی و رووخاندنی رژێمە دیکتاتۆرەکان و هەوڵدان بۆ بونیادنانەوەی دەوڵەت لەناو ئەو دەوڵەتە دیموکراتییانە، بە ئاستی شەڕی ڤێتنام وەك هەوڵێکی شکستخواردوو سەیری دەکەن، بۆیە ئەمریکا چۆن بە دۆڕاوی لەشەڕی ڤیتنیام هاتە دەرەوە و دانی بەشکستی خۆیدا هێنا، بەهەمان شێوە ئیدارەی ترەمپ دەیەوێت لە پرۆسەی پشتگیری لەبڵاوکردنەوەی دیموکراتی و پرۆسەی بونیادنانەوەی دەوڵەت و دامەزراوە بە شکستخواردوویی بێتەدەرەوە و دان بە شکستکەی خۆیدا بنێت.

لەوانەیە لە خوێندنەوەی ئەم دیڕانە ئەوە بەرجەستە بێت، ئەگەر ئیدارەی داهاتووی ئەمریکا پشتگیری بڵاوبوونەوەی دیموکراتی نەکات، ئایا ئەمە مانای ئەوە نییە زەمینە بۆ دیکتاتۆریەت خۆش دەبێت و لەوانەیە دەوڵەتانێکی زۆر لاسایی رووسیا و چین بکەنەوە، بەمەش جارێکی دیکە بلۆکێکی دیکە بەهاوشێوەی بلۆکی سۆشیالیستی سەردەمانی شەڕی سارد لەبەردەمی ئەمریکا دروست ببێتەوە؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەدا بیرمەندان و پسپۆڕان وای بۆی دەچن، جیهان جارێکی دیکە بە هاوشێوەی سەردەمانی دوای رووخانی دیواری بەرلین جیهانێکی تاکجەمسەری نابێت، هەروەها بەشێوازی سەردەمانی شەڕی ساردیش دووجەمسەری نابێت، بەڵکو جیهانێکی فرەجەمسەر دەبێت و ئیدارەی داهاتووی ئەمریکاش لەسەر بنەمای راگرتنی باڵانسی هێز لەناوچە جیاوازەکاندا مامەڵە دەکات، بەڵام لەنیوەی جیهانی رۆژئاوادا (new Hampshire) ئەمریکا سەرکردایەتی ئەو نیوەی گۆی زەوی بەتەنیا دەکات، ئەمەش مانای ئەوەیە بەتەنیا ئەمریکا سەرکردایەتی نیوەی گۆی زەوی دەکات و لە نیوەکەی تریشدا هێزی یەکەم و هاوبەش دەبێت لەگەڵ هێزەکانی دیکەدا، ئەمەش وەڵامدانەوەی ئەو لێدوانە تەمومژاوییەی ترەمپە کە دەڵێت: دەبێت ئەندامانی ناتۆ بەشێك لە بەرپرسیاریەتی خەرجییەکانی ناتۆ بگرنە ئەستۆ و تەنیا چاوەڕێی ئەوە نەبن بۆ پاراستنی هەموو دەوڵەتانی ناتۆ ئەمریکا تەواوی خەرجییەکان لەئەستۆ بگرێت.

ئەم بۆچوونەی ترەمپ مانای ئەوەیە

**ئەگەر پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان ببێتە بەشێک لە سیاسەتی داهاتووی ئەمریکا خزمەتێکی گەورە بە ستراتیژیەتی ئەمریکاو سەقامگیری تەواوی ناوچەکە دەکات و دەبێتە فاکتەرێکی گرنگ بۆ نفوزی جیۆپۆلیتکی ئەمریکا لەناوچەکە و بەشێک لە راگرتنی پرۆسەی باڵانسی هێز لە نێوان دەوڵەتانی ناوچەکە بە عێراقیشەوە**

**پێش ئەوەی بەرەی دژە تیرۆر لەدوای کارەساتی ١١ی سێپتەمبەر لەسەر ئاستی جیهان رابگەیەنرێت، کورد بەدرێژایی شۆڕشی رزگاریخوازی کوردستان دژی تیرۆر و کاری ترسنۆکانە بووە**

**ئەو ژینگە سیاسییەی ئیدارەی ئەمریکا وەسفی دەکات و خواستێتی راستەوخۆ مامەڵەی لەگەڵ بکات، ژینگەی سیاسی کوردستانە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە هەرێمی کوردستان کە نموونەیە بۆ هەر چوار پارچەی کوردستان بەشێوەی خۆڕسک بڕوای بە ریزگرتنی مافەکانی مرۆڤ و لێبووردەیی و پێکەوەژیان هەیە**

**دوای کۆتاییهاتنی داعش، ئەگەر حکومەتی بەغدا زەمینەیەک بۆ پێکەوەژیانی ئاشتییانە لەنێوان سوننە و شیعە دروست نەکات و بە پێچەوانەوە شەڕی ناوخۆ لەنێوان سوننە و شیعە دەست پێبکاتەوە، ئەوا لەم حاڵەتەدا شەڕی ناوخۆی شیعە و سوننە نابێتە ئەولەوییەتی سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بەعێراق، بەڵکو سزادان و بە پەرچدانەوەی حکومەتی عێراق دەبێتە ئەولەوییەتی سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بە عێراق و حکومەتی عێراق ناچار دەکات ڕەفتاری خۆی بگۆڕێت، یان ناچاری دەکات کەسانی وەک مالیکی لە پرۆسەی سیاسی دووربخاتەوە**

**ئەمریکا نەک هەر ڕۆڵی ئێران لە عێراق سنووردار دەکات، بەڵکو هەوڵیش دەدات ئەو هێز و لایەنانەش کە ڕاستەوخۆ لەژێر کاریگەری نفوزی ئێرانیدان لەناو عێراقدا وەک هێزەکانی حەشدی شەعبی لە ژێر نفوزی ئێران، یان لە پرۆسەی سیاسیی عێراق دووریان بخاتەوە**

چیدیکە جیهان وەك سەردەمانی شەڕی سارد دوو جەمسەری دژ بەیەك نییە، هەروەها چیدیکەش یەك جەمسەر نییە کە ئەمریکا بۆ ئەوەی سەرکردایەتی ئەو تاکجەمسەرییە بکات، تەواوی خەرجی ناتۆ بخاتە ئەستۆی خۆی. سەبارەت بە بەشی دووەمی پرسیارەکەش کە تایبەتە بە پشتگیری هاوپەیمانە دیموکراتییەکانی ئەمریکا لەجیهاندا، ترەمپ و ئیدارەکەی وای دەبینن ئەو نەتەوەو دەوڵەتانەی بڕوایان بە بەهاکانی دیموکراتی و مافی مرۆڤ هەیە و دەیانەوێت لەناو ژینگەی سیستمێکی لیبراڵ دیموکراتی بژین، ئەمە بڕوابوونی خۆیانە و دەبێت ڕێزی لێبگیرێت و وەك هاوپەیمان بەهێز بکرێن، هەروەك باڵیۆز جیمس جێفری و سونەر چەپەتای لە ئامۆژگای واشنتۆن و لە دیراسەتێکدا بە ناونیشانی (سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر تورکیا) ئاماژەیان پێکردووەو نووسیویانە، کاتێك تورکیا هەوڵبدات کێشە ناوخۆییەکانی چارەسەر بکات و پەرە بە سیستمی لیبراڵ دیموکراتی بدات، ئەمە قەت بەو مانایە نییە کە لەبەر خاتری ئەمریکا ئەو هەنگاوانە هەڵدەگرێت، بەڵکو ئەمە ئەو بنەمایانەیە کە لە ساڵی **١٩٢٣** ئەتاتورك تورکیای نوێی لەسەر دامەزراندووە. بۆیە دەکرێت تورکیا هەوڵبدات ڕێز لە بنەماکانی لیبراڵ دیموکراتی بگرێت و بەرەو پێشەوەیان ببات، لەبەرامبەردا ئەمریکاش پشتیوانی بکات و بەهێزی بکات و ڕۆڵی خۆی لە ناوچەکەدا بگێڕێت، ئەمەش مانای ئەوەیە ئیدارەی داهاتووی ئەمریکا هەوڵنادات بەزۆر هیچ نەتەوەو دەوڵەتێك بکاتە دیموکراتی، بەڵام ئەگەر نەتەوە، یان دەوڵەتێك خۆی بڕوای بە دیموکراتی هەبێت، ئەوا ئیدارەی داهاتوو وەك هاوپەیمانی خۆی سەیری دەکات و هەوڵیش دەدات هاوپەیمانەکەی بەهێز بێت.

دانپێدانانی ئیدارەی داهاتووی ئەمریکا بە کۆتاییهاتنی جیهانی تاکجەمسەری لە هەمانکاتدا کۆتاییهاتنیشە بە خەوبینین بە حکومەتێکی گلۆباڵییەوە کە حوکمڕانی هەموو جیهان بکات و ئەمریکا سەرکردایەتی بکات، بۆیە لەبری ئەم خەون و خەیاڵە کە ماوەی زیاتر لە ٢٨ ساڵە ئەمریکا هەوڵی بۆدەدات، ئیدارەی داهاتوو دەگەڕێتەوە بۆ سیاسەتێکی واقیعی و ئەوتۆ کە بتوانێت لەمیانەی گرێدانی سەقفەی سیاسی لەسەر ئاستی سیاسی، پێگە و نفوزی خۆی لەدەرەوەی نیوە گۆی ڕۆژئاوای زەوی پتەوتر بکات.

کەواتە کاتێك ترەمپ بانگەشە دەکات بۆ گەڕانەوەی گۆشەگیریی ئەمریکا، گۆشەگیری لەسیاسەتی ترەمپدا واتە ئەمریکا خۆی سەرکردایەتی نیوە گۆی ڕۆژئاوای زەوی بکات و لەسەر بنەمای ڕاگرتنی هاوسەنگیی هێز، یان ئەوەی پێی دەگوترێت پۆلیسی جیهان، مامەڵە لەگەڵ نیوە گۆیەکەی دیکەی زەوی بکات.

## ● ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست چاوەڕێی چی لە ئیدارەی داهاتووی ئەمریکا دەکات؟

یەکێك لەو دەرهاویشتە خراپانەی ماندێتی بەریتانی و فەرەنسی لە سەدەی بیستەمدا لەوڵاتانی عەرەبی دروستی کرد، دەرکەوتنی فیکری قەومی و شۆڤێنی عەرەبی بوو، وەك دژایەتییەك بۆ ماندێتی فەرەنسا و بەریتانیا کە وەك داگیرکار سەیریان دەکرد، ئەم فیکرە قەومی - شۆڤێنییە کە جەمال عەبدولناسر سەرکردایەتی دەکرد، لەساڵی ١٩٥٨ بە یەکگرتنی میسرو سووریا لە چوارچێوەی کۆماری عەرەبی یەکگرتوو بەرجەستە بوو، بەڵام ئەمەش تەنیا یەك دوو ساڵی خایاند، لەبەر ئەوەی دەبوو میسر براگەورە بێت و سووریا برابچووك، پاشتریش دوای کارەساتی ساڵی **١٩٦٧** کە ئیسرائیل بەسەر عەرەبی هێنا، ڕاستە فیکری قەومی شۆڤێنی عەرەبی زیاتر گەشەی کرد، بەڵام یەکێتی نێوان دەوڵەتانی عەرەبی دروست نەبوو.

دروستبوونی فیکری قەومیی شۆڤێنی عەرەبی لەدوای هاتنە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لەئێران و داگیرکردنی ئەفغانستان لەلایەن سۆڤیەتی پێشانەوە لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، گۆڕا بۆ فیکری عەرەبی ڕادیکاڵی ئیسلامی، لەگەڵ ئەوەی ئەم وەرچەرخانە بەهاوکاری ئاشکراو نهێنیی ئەمریکا دروست بوو، بەڵام لەگەڵ هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت، کەوتە قۆناخێکی دیکەو بەدژی ئەمریکا و ڕۆژئاوا تەواو بوو.

ئەم وەرچەرخانە ئەوەمان پێدەڵێت، ئەگەر دەرکەوتنی فیکری قەومی شۆڤێنی عەرەبی ڕەگ و ریشەکەی بگەڕێتەوە بۆ فاکتەری ماندێتی بەریتانیا و فەرەنسا، ئەوا وەرچەرخانی ئەم فیکرە

قەومییە بۆ فیکری عەرەبی رادیکاڵی ئیسلامی دەگەڕێتەوە بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردنی ئەمریکا لەماوەی **٣-٤** دەیەی رابردوودا لەگەڵ جیهانی عەرەبی و ئیسلامی و چۆنیەتی هاوکاریکردنی ئەو گروپانە بۆ دژایەتی کۆمونیزم، لەئێستاشدا چۆن لە روانگەی عەرەبی پەنجاکانی سەدەی رابردووەوە فەرەنسا و بەرتیانیا وەك داگیرکاری عەرەب سەیرکراون، ئەوا ئێستاش ئەمریکا و رۆژئاوا لەناو جیهانی عەرەبی و ئیسلامیدا وەك دوژمنی ئیسلام سەیردەکرێن و ئەم دوژمنەش هەرچییەك بۆ ئەو وڵاتانە بکات، ئەوا ئاکامی پێچەوانەی لێدەکەوێتەوە. وەك ئەو هەموو قوربانی و خەرجییەی بۆ عێراق و ئەفغانستان درا، بەڵام ئاکامی هەردوو هەوڵەکە ئەوەیە کە ئێستا دەیبینین کە عێراق و ئەفغانستان مەترسیدارترین دوو دەوڵەتن لە جیهاندا کە بوونەتە نەوایەکی ئارام بۆ بەرهەمهێنانی تیرۆریستان و بڵاوکردنەوەی بە هەموو جیهاندا.

کەواتە شێوازی مامەڵەی ترەمپ لەگەڵ دەوڵەتانی جیهانی عەرەبی و جیهانی ئیسلامی بەشێوەیەکی گشتی، مامەڵەیەکی جیاواز دەبێت و، ئەو دەوڵەتانە خۆیان چ دەوڵەتێك دادەمەزرێنن و چ سیستمێکی حوکمڕانی پیادە دەکەن، ئەمریکا بەئاستی ئەو سیستم و حوکمڕانییە مامەڵەیان لەگەڵ دەکات، ئەمەش بەو مانایەی ئەگەر ئێستا لە لیبیا، یەمەن، یان سووریا، خەڵکەکەی بەهەر حکومەت و دەوڵەتێك رازی بێت، بۆ ئەمریکا جێگەی کێشە نابێت، بەڵام ئەو حکومەتە دەبێت توانای ئەوەی هەبێت کە لەسەر بنەمای سیاسەتێکی تایبەتی و پیادەکراو سەقامگیری دروست بکات، لەکاتێکیشدا ئەگەر وەك دەوڵەتی کۆریای باکوور بووە هەڕەشە کە ئێستا هەڕەشەی بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمی دەکات، ئەوا ئەمریکا سیاسەتی پێشوەختەی بەرپەرچدانەوە پیادە دەکات و پێش ئەوەی کۆریای باکوور هەوڵبدات شەڕەکەی دەست پێبکات، توانا ئەتۆمییەکانی تێکدەشکێنێت، یان گریمان ئەگەر دەوڵەتێك وەك ئێستای ئێران کە خۆی راگەیاندووەو ئامانجی ئەوەیە شۆڕش هەناردە بکات بۆ دەرەوەی سنوورەکانی خۆی و وەك دەوڵەتێکی شیعە خۆی بە بەرپرسیار بزانێت بۆ پاراستنی شیعەو دەستتێوەردان بەمافی خۆی بزانێت، ئەوا بۆ ئەمەشیان لە میانەی دروستکردنی باڵانس لەلایەن دەوڵەتە گەورەکانی ناوچەکەوە، وەك سعودیەو تورکیا بەهەمان ئاست وەڵامی ئێران دەدرێتەوە. بۆ نموونە ئەگەر ئێران دەستتێوەردان لە سووریا بە مافی خۆی بزانێت، ئەوا تورکیاش وەك ئێستا دەیبینین ئەویش دەستێوەردان بەمافی خۆی دەزانیت. خۆ ئەگەر ئێران دەستتێوەردان لە سیاسەتی ناوخۆی تورکیا بەمافی خۆی بزانێت و پێیوابێت ئەرکی سەرشانیەتی بەرگری لە عەلەوییەکانی تورکیا بکات، ئەوا بەهەمان شێوە بۆ سعودیە و تورکیاش هەمان ماف دەبێت کە بەناوی بەرگریکردن لە سوننە، یان تورك و عەرەب لە ئێراندا دەستێوەردان بکەن. پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا ئێران دەتوانێت لەیەك کاتدا شەڕێکی گەورە لەگەڵ تورکیا و سعودیە بکات و دەستتێوەردانیش لە عێراق و سووریا و بەحرێن و یەمەن و باشووری لوبنانیش بکات؟ وەڵامی ئەم پرسیارە پەیوەستە بە لێکتێگەیشتنی داهاتووی نێوان رووسیا و ئەمریکا، هەروەها بەندە بەشێوازی سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر تورکیا و ئیسرائیل و سعودیە، بۆیە ئەگەر ئەمریکا لەسەر پرسی سووریا لەگەڵ رووسیا رێکبکەویت و کێشەکانی نیوان تورکیا و سعودیە و ئیسرائیل چارەسەر بکات، ئەوا پارسەنگی هێز بەلای ئێراندا لاسەنگ دەبێت و ئێرانیش ناتوانیت بەو ئاستە سەرەڕۆیی بکات کە بکەوێتە ناو شەڕیکی دۆڕاوەوە.

بۆ دروستکردنی ئەم هاوسەنگیی هێزە و سنووردارکردنی رۆڵی ئێران لە ناوچەکە، هەندێك لە پسپۆڕان بۆچوونیان بەو جۆرەیە، پرسی رووخاندنی ئەسەد نابێتە ئەولەوییەتی سیاسەتی ترەمپ لە ئیدارەی داهاتوودا، لەمەش زیاتر ئەو پسپۆڕانە پێیانوایە لەوانەیە لای ترەمپ کێشەیەکی گەورە نەبێت کە چارەسەرکردنی کێشەی سووریا رووبەڕووی رووسیا بکرێتەوە، لەم حاڵەتەشدا کە تورکیا بۆ رووسیا لە ئێران گرنگترە، نفوزی رووسیا لەچارەسەرکردنەکەدا رۆڵی ئێران لە ئایندەی سووریا سنووردار دەکات، سەبارەت بە عێراقیش کە ئەمریکا خۆی سەرکردایەتی پرۆسەکە دەکات، حەتمەن نەك هەر رۆڵی ئێران سنووردار دەکات، بەڵکو هەوڵیش دەدات ئەو هێز و لایەنانەشی کە راستەوخۆ لەژێر

**ئەگەر ئەمریکا لەسەر پرسی سووریا لەگەڵ رووسیا رێکبکەویت و کێشەکانی نیوان تورکیا و سعودیە و ئیسرائیل چارەسەر بکات، ئەوا پارسەنگی هێز بەلای ئێراندا لاسەنگ دەبێت و ئێرانیش ناتوانیت بەو ئاستە سەرەڕۆیی بکات کە بکەوێتە ناو شەڕیکی دۆڕاوەوە**

**ئەگەر ئێران دەستتێوەردان لە سیاسەتی ناوخۆی تورکیا بەمافی خۆی بزانێت و پێیوابێت ئەرکی سەرشانیەتی بەرگری لە عەلەوییەکانی تورکیا بکات، ئەوا بەهەمان شێوە بۆ سعودیە و تورکیاش هەمان ماف دەبێت کە بەناوی بەرگریکردن لە سوننە، یان تورك و عەرەب لە ئێراندا دەستتێوەردان بکەن**

**ئەو هەموو قوربانی و خەرجییەی بۆ عێراق و ئەفغانستان درا، بەڵام ئاکامی هەردوو هەوڵەکە ئەوەیە کە ئێستا دەیبینین کە عێراق و ئەفغانستان مەترسیدارترین دوو دەوڵەتن لە جیهاندا کە بوونەتە نەوایەکی ئارام بۆ بەرهەمهێنانی تیرۆریستان و بڵاوکردنەوەی بە هەموو جیهاندا**

**کاتێک ترەمپ بانگەشە دەکات بۆ گەڕانەوەی گۆشەگیریی ئەمریکا، گۆشەگیری لەسیاسەتی ترەمپدا واتە ئەمریکا خۆی سەرکردایەتی نیوە گۆی رۆژئاوای زەوی بکات و لەسەر بنەمای راگراتنی هاوسەنگیی هێز، یان ئەوەی پێی دەگوترێت پۆلیسی جیهان، مامەڵە لەگەڵ نیوە گۆیەکەی دیکەی زەوی بکات**

**دانپێدانانی ئیدارەی داهاتووی ئەمریکا بە کۆتاییهاتنی جیهانی تاکجەمسەری لە هەمانکاتدا کۆتاییهاتنیشە بە خەوبینین بە حکومەتێکی گلۆباڵیی‌یەوە کە حوکمڕانی هەموو جیهان بکات و ئەمریکا سەرکردایەتی بکات**

**ترەمپ و ئیدارەکەی وای دەبینن ئەو نەتەوەو دەوڵەتانەی بڕوایان بە بەهاکانی دیموکراتی و مافی مرۆڤ هەیە و دەیانەوێت لەناو ژینگەی سیستمێکی لیبڕاڵ دیموکراتی بژین، ئەمە بڕوابوونی خۆیانە و دەبێت رێزی لێبگیرێت و وەک هاوپەیمان بەهێز بکرێن**

کاریگـەری نفـوزی ئێرانیـدان لەنـاو عێراقـدا وەك هێزەکانـی حەشدی شـەعبی لـە ژێـر نفـوزی ئێـران، یـان لـە پرۆسـەی سیاسیی عێـراق دووریـان بخاتـەوە.

کەواتـە لـەم خوێندنەوەیـە دەگەینـە ئـەوەی ئیـدارەی داهاتـووی ئەمریـکا دەوڵەتانـی ناوچەکـە دەخاتـە بـەردەم بەرپرسیاریەتی و لێپرسینەوە، هەروەك چـۆن لـە کۆتایـی سـاڵی ٢٠١٦ کۆنگرێسـی ئەمریـکا یاسـای (عەدالـەت دژی ئـەو دەوڵەتانـەی سپۆنسـەری تیـرۆر دەکـەن — Justice Against Sponsors of Terrorism Act) دەرکـرد، بەپێـی ئـەم یاسایە ئـەو کەسـانەی کاری تیرۆریسـتی ئەنجـام دەدەن، سـەر بەهـەر دەوڵەتێکـن ئـەو دەوڵەتـە بەپرسـیار دەبێـت لـە قەرەبووکردنـەوەی زیانلێکەوتووانـی ئـەو کارە تیرۆریستییە، ئەم یاسایە پێش هەر دەوڵەتێك لەسـەر عەرەبسـتانی سـعودیە بـۆ قەرەبووکردنـەوەی قوربانییانـی ١١ی سـێپتەمبەری ٢٠٠١ جێبەجـێ کـراوەو دەبێـت سـعودیە لەپـارەی خـۆی قەرەبـووی ئەو زیانانـە بکاتـەوە، ئەمـە لەکاتێکدایـە کـە سعودیە هـەر لـە ٢٠٠١ ـەوە تـا ئێسـتا رایگەیاندووە، راسـتە ئـەو خەڵکانـەی کارەسـاتی ١١ی سـێپتەمبەریان ئەنجامـداوە، هەڵگـری رەگەزنامـەی سـعودیەن، بـەڵام سـعودیە ئەوانـە بەدوژمنـی خـۆی دەزانێـت، بـەڵام یاسـای جاسـتا فـەرزی کـرددووە کـە دەبێـت عەرەبسـتانی سـعودیە ئـەو قەرەبووانـە بکاتـەوە.

بـەڵام سـەبارەت بـەو دەوڵەتانـەی کـە خۆیـان بـە ئاشـکرا بوونەتـە نـەوای ئـارام بـۆ گەشـەی تیرۆریسـتان، بـۆ نموونـە وەك عێـراق، لەئێسـتادا و لەئیـدارەی داهاتـووی ئەمریکاشـدا، پرسـی تێکشـکاندنی داعـش لـە رووی سـەربازییەوە لـە ئەولەوییەتـی سیاسـەتی ئەمریـکا دەبێـت بەرامبـەر ناوچەکە، بەڵام دوای کۆتاییهاتنی داعش، ئەگەر حکومەتـی بەغـدا زەمینەیـەك بـۆ پێکەوەژیانـی ئاشـتییانە لەنێوان سـوننە و شـیعە دروسـت نـەکات و بەپێچەوانـەوە شـەڕی ناوخـۆ لەنێـوان سـوننە و شـیعە دەسـت پێبکاتـەوە، ئـەوا لـەم حاڵەتـەدا شـەڕی ناوخـۆی شـیعە و سـوننە نابێتـە ئەولەوییەتـی سیاسـەتی ئەمریـکا بەرامبـەر بەعێـراق، بەڵکـو سزادان و بەپەرچدانـەوەی حکومەتـی عێراق دەبێتـە ئەولەوییەتـی سیاسـەتی ئەمریـکا بەرامبـەر بـە عێراق و حکومەتی عێراق ناچار دەکات رەفتاری خۆی بگۆڕێت، یان ناچاری دەکات کەسانی وەك مالیکـی لـە پرۆسـەی سیاسـی دووربخاتـەوە.

**● بەرژەوەندیی هاوبەش لەنێوان کوردستان و ئیدارەی داهاتووی ترەمپدا**

ئـەو ژینگـە سیاسـییەی ئیـدارەی ئەمریـکا وەسـفی دەکات و خواسـتیێتی راسـتەوخۆ مامەڵـەی لەگـەڵ بـکات، ژینگـەی سیاسـی کوردسـتانە، ئەمـەش لەبـەر ئەوەیـە هەرێمـی کوردسـتان کـە نموونەیـە بـۆ هـەر چـوار پارچـەی کوردسـتان بەشـێوەی خۆڕسـك بـڕوای بـە ریزگرتنـی مافەکانـی مـرۆڤ و لێبووردەیـی و پێکەوەژیـان هەیـە، لـە هەمانکاتـدا پێـش ئـەوەی بـەرەی دژە تیرۆر لـەدوای کارەساتی ١١ی سێپتەمبەر لەسـەر ئاسـتی جیهـان رابگەیەنرێـت، کـورد بەدرێژایـی شۆڕشـی رزگاریخـوازی کوردسـتان دژی تیـرۆر و کاری ترسنۆکانە بووە، لە هەمووشی گرنگتر لەو کاتـەی لـە چلەکانـی سـەدەی رابـردوو لەمیانـەی شـەڕی دووەمـی جیهانیـدا هەمـوو نەتەوەکانـی جیهـان وەك نەتـەوە شـەڕی یەکتریـان دەکـرد، ئـا لـەو کاتـەدا بارزانیـی مسـتەفا کـە رێبەرایەتـی شۆڕشـی کوردسـتانی کـردووە رایگەیانـدووە کـە شـەڕی کوردسـتان لەگـەڵ عـەرەب نییـە و لەگـەڵ ئـەو رژێمانەیـە کـە کوردو عـەرەب پێکـەوە دەچەوسـێنێتەوە. لـە ئێستاشـدا کـە لـە تـەواوی جیهانـی عەرەبی و ئیسلامی و تـەواوی موسڵمانان لەسـەر ناسنامەی مەزهەبگەرایی و نەتەوەو ئایینە جیـاوازەکان لەسـەر ناسـنامەی نەتەوەیـی و ئایینـی یەکتـری دەکوژن، ئەوا لـە کوردستاندا نـە جیاوازی مەزهەبیـی نێـوان موسـڵمان هیـچ کێشـەیەکی دروسـت کـردووە، نـە جیـاوازی نەتەوەیـی و ئایینـی پێکهاتـە جیـاوازەکان هیـچ کێشـەیەکی دروسـت کـردووە. ئـەم تایبەتمەندییـە خۆڕسـکەی کـە ئێسـتا لـە کوردسـتاندا بوونـی هەیـە و هەمـوو ئەوانەشـی دێنـە کوردسـتان ئـەم راسـتییە دەبینـن، وایکـردووە ژینگـەی سیاسـیی کوردسـتان وەك ژینگەیـەك دوور لـە دەمارگیـری نەتەوەیـی و ئایینـی سـەیر بکرێـت، بۆیـە بەرژەوەنـدی وڵاتانـی جیهانـی ئـازاد بەگشـتی و ئەمریـکا وا دەخوازێـت، پارێزگاری لـەم ژینگـە پاکـە بکرێـت و وەك خـۆی بهێڵدرێتـەوەو تیکـەڵاو بـە ژینگـە ناتەندروسـت و خوێناوییەکـەی عێـراق نەکرێتـەوە، کـە هێشـتا مەترسـی گـەورەی لەسـەرە بـەوەی جارێکـی دیکـە شـەڕێکی گـەورەی خوێنـاوی لەنێـوان شـیعە و سـوننە هەڵبگیرسـێتەوە.

بۆیـە لـەم روانگەیـەوە وەك ئەوەشـی کـە رۆژ



لەدوای رۆژ پسپۆڕان و راوێژپێدەران لەسەر ئاستی ناوەندەکانی فیکر و لێکۆڵینەوە راسپاردەو راوێژی خۆیان دەدەنە ستافی ئیدارەی داهاتووی ئەمریکا، ئەوا هەموویان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، ئەگەر پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان ببێتە بەشێك لە سیاسەتی داهاتووی ئەمریکا خزمەتێکی گەورە بە ستراتیژیەتی ئەمریکاو سەقامگیری تەواوی ناوچەکە دەکات و دەبێتە فاکتەرێکی گرنگ بۆ نفوزی جیۆپۆلیتکی ئەمریکا لەناوچەکە و بەشێك لە راگرتنی پرۆسەی باڵانسی هێز لە نیوان دەوڵەتانی ناوچەکە بە عێراقیشەوە. بەدیوێکی دیکەشدا ئەگەر سیاسەتی ئیدارەی داهاتووی ئەمریکا ببێتە فاکتەرێك بۆ سەربەخۆیی کوردستان، ئەوا سەربەخۆیی کوردستان دەبێتە نموونەیەکی بەرجەستە بۆ ئەمریکا بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ هاوپەیمانەکانی لەسەرانسەری ناوچەکەدا، ئەمەش لەبەر ئەوەیە بوونی کوردستان بە هاوپەیمانێکی بەهێز لەگەڵ ئەمریکا کە لەهەمانکاتدا پێوەندییەکی بەهێزیشی لەگەڵ هاوپەیمانەکانی دیکەی ئەمریکا لەناوچەکەدا هەیە، ئەوا جۆرە تێگەیشتنێك لەنێوان ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی دیکەی دروست دەکات، ئەمەش بەو مانایەی دەبێت هاوپەیمانەکانی دیکەی ئەمریکاش لە ناوچەکە وەك سەرکردایەتی سیاسی لە کوردستاندا تێڕوانینی خۆیان بە سەلمێندراوی بۆ رێزگرتن لە بەهاکانی مرۆڤایەتی و لێبووردەیی و پێکەوەژیان پیشانی جیهان بدەن. لەم چوارچێوەیەدا پشتگیریی کوردستان بۆ دەوڵەتێکی هاوچەرخ کە بتوانیت وەڵامدانەوەی بۆ هەڕەشەی تیرۆر و رێگرتن لە فیکری توندڕۆیی و تیرۆریستی هەبێت، زۆر کەمتر لە هاوکاری مارشاڵی پێویستە کە دوای جەنگی دووەمی جیهان بۆ ١٦ دەوڵەتی ئەوروپای رۆژئاوا و ژاپۆن تەرخان کرا، بۆ ئەوەی ژینگەیەکی ئەتۆ دروست نەبێت، کە یەکێتی سۆڤیەت ئەو دەوڵەتانە بخاتە ژێر هەژموونی خۆیەوە.

ئێستا کە مەترسیی تیرۆریستی لەسەر هەژموون و باڵادەستیی ئەمریکا زۆر لەمەترسیی بڵاوبوونەوەی کۆمۆنیستی یەکێتی سۆڤیەت زیاترە، ئەوا بۆ ئەمریکا زۆر گرنگە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەوڵەتی کوردستان دۆست و هاوپەیمانی بێت بۆ پێکەوە کارکردن لەپێناوی تێکشکانی تیرۆریستان و وشککردنەوەی ژینگەی لەبار بۆ گەشەکردنی فیکری توندڕۆیی و تیرۆریستی .

**ئەوەی دەزانرێت و وەک خاڵێکی ئیجابی و سەرکەوتوو بۆ ئیدارەی ترەمپ دەخوێندرێتەوە، ئەوەیە کە سەرکەوتنی ترەمپ لە هەڵبژاردنەکاندا هاوکاتە لەگەڵ نەمانی ناسەقامگیری سیاسی، یان ململانێی حزبی لەنێوان دیموکراتی و کۆمارییەکان لە کۆنگرێسدا، هەربۆیە پرۆسەی دروستکردنی بڕیار و وەرگرتنی بڕیار بۆ دۆناڵد ترەمپ و ئیدارەکەی زۆر ئاسانتر دەبێت**



## جۆشوا لاندیز

بەڕێوەبەری سەنتەری دیراساتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی ئۆکلاهۆما بۆ گوڵان:

# دروستبوونی دەوڵەتی کوردستان هۆکارێک دەبێت بۆ هاتنەئارای سەقامگیری لەناوچەکە

**جۆشوا لاندیز تایبەتمەندە لە کاروباری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و شارەزای کاروباری سورریایە، بەڕێوەبەری سەنتەری دیراساتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە زانکۆی ئۆکلاهۆما، وانەبێژی چەند بوارێکی گرنگە، وەک کۆمەڵگە و کەلتوور لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ناکۆکی عەرەب ئیسرائیل. بۆ قسەکردن لە بارەی بارودۆخی ئێستای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پێشبینییەکانی پەیوەست بە سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی داهاتووی ئەمەریکا لە ئاست ئەم ناوچە گرنگەدا، گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسیارێکی ئاڕاستە کرد و ئەویش بەم شێوەیەی خوارەوە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

*** چۆن لە بارودۆخی ئێستای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەڕوانیت؟**

- پێم وایە بارودۆخەکە تا رادەیەك بەرەو سەقامگیری دەچێت، کە ئێستا ئەسەد سەرکەوتنی لە حەلەبدا بەدەست هێناوە و گفتوگۆ لە نێوان تورکیا و ئێران و روسیادا بەڕێوەدەچێت، هەروەها سەرۆك ترەمپیش رایگەیاندووە کە کار لەگەڵ رووسیادا دەکات. کەواتە هەندێ ئومێد هەیە بە هاتنەئارای سەقامگیری زیاتر لە ساڵانی داهاتوودا، بەتایبەتی کە ئێستا هێزە عێراقییەکانیش لە موسڵدا پێشڕەوی دەکەن.

*** ئاشکرایە کە تا ئێستا سیاسەتی ئیدارەی داهاتووی ئەمەریکا لە ئاست رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناڕوونە و جگە لەوەی —هەروەك ئێوەش ئاماژەتان پێکرد- کە بەڕێز ترەمپ باسی لە هاوکاری کردن**

**کردووە لەگەڵ ڕووسیادا، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا پێویستە ئیدارەی داهاتوو بە چ شێوەیەك مامەڵە لەگەڵ ناسەقامگیری و نادڵنیایی لەم ناوچەیەدا بکات؟**

- لە ڕاستیدا ئێمە نازانین ترەمپ چی دەکات، لە ئێستادا ئێمە ئەو مشت و مڕە لەبارەی روسیاوە بەدی دەکەین کە باس لە هەوڵەکانی روسیا دەکرێت بۆ دروستکردنی ناکۆکیەك لە نێوان دەزگای هەواڵگری ئەمەریکا و بەڕێز ترەمپدا. کەسانێکی زۆر هەن لە ئەمەریکا کە ناخوازن ترەمپ کار لەگەڵ ڕووسیادا بکات، لەبەر ئەوە زەحمەتە بزانین ئەم پرسە چۆن بەرەوپێش دەچێت، بەڵام تاوەکو کابینەکەی و تیمەکەی پەسەند نەکرێن، ئەوا هیچ لێدوانێکی گەورە لە بارەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نادرێت، جگە لە باسکردن لە تێکشکاندنی داعش و لێدوانی لەو چەشنە.

*** بە بەراورد بە ئیدارەی ئۆباما، ئایا پێت وایە ئیدارەی ترەمپ پتر کار لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەکات، یاخود کەمتر؟**

- من پێموایە پتر کار لەسەر شەڕی داعش دەکات، واتە هێزێکی سەربازی زیاتر تەرخان دەکات بۆ ئەو مەبەستە، بەڵام کەمتر کار لەسەر پشتیوانیکردنی یاخیبوان دەکات لە سوریا. ئایا ئەمە چی دەگەیەنێت بۆ حکومەتی عێراقی، ئەمە بە مانای ئەوە دێت حکومەتی عێراق پشتیوانی و هاوکاری دارایی زیاتر بەدەست دەهێنێت. ئایا چی دەگەیەنێت بۆ کورد، ئەمە هێشتا بە تەواوەتی ڕوون نییە، بەڵام پێدەچێت ئەو ڕێگایەی ئەمەریکا و سوپای ئەمەریکا گرتوویانەتە بەر، ئەوە بگەیەنێت کە هاوکاری زیاتری کورد دەکرێت لە سوریا، ئەمەش تورکیا نارەحەت دەکات، ئێمە بەم دواییە بینیمان کە روسیا — لە بری ئەمەریکا- لە ئەلباب هاوکاری تورکیای کرد، پێدەچێت ئەمەش ئاماژەیەك بێت بەوەی ئەمەریکا پابەند دەبێت بە هاوکاری کردنی دۆستە کوردەکانییەوە. بەڵام ئێمە نازانین ترەمپ چۆن ئەم کارە دەکات، من مەزەندەی ئەوە دەکەم کە ترەمپ ئەو کارە دەکات کە سوپا پێشنیاری دەکات.

*** پێت وایە ئەمەریکا چیتر کات و کۆشش و دارایی خەرج ناکات بۆ پرۆسەی بنیاتنانی دەوڵەت و بنیاتنانی نەتەوە لەم ناوچەیەدا، بەتایبەتی دۆناڵد ترەمپ لە سەروەختی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنەکان بە ئاشکرا ڕایگەیاند گە نابێت چیتر ئەمەریکا خۆی پابەند بکات بەم پرۆسانەوە؟**

- بەڵێ، بەتایبەتی لە پەیوەندیدا بە هەردوو حاڵەتی لیبیا و سوریاوە، ئەو زۆر بە ڕوونی ڕایگەیاندووە کە باوەڕی بە گۆڕینی رژێم نییە، لەبەر ئەوە پێم وانییە ئەو بە پەرۆش بێت بۆ خەرجکردنی دارایی لە پرسی پەرەپێدانی دیموکراسیدا. لەلایەکی دیکەوە بەڕێز ترەمپ زانیارییەکی زۆری نییە لەبارەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە و لەو باوەڕەشدا نیم تیمەکەی زۆر بایەخ بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بدات. چونکە بایەخدانی قووڵی ئەو پەیوەستە بە سیاسەت و ئابووری ناوخۆوە. لەبەر ئەوە مەزەندەی من ئەوەیە ئەگەرچی ئەو باسی گۆڕانکاری دەکات لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەڵام ئەو گۆڕانکارییە نییە کە خەڵکی ئومێد دەکەن بێتەدی.

*** ئایا سڵکردنەوەی ئیدارەی نوێی ئەمەریکا لە پرسی گۆڕینی رژێم لە ولاتانی ئەم ناوچەیەدا لەبەر ئەوەیە کە دەستتێوەردانەکانی پێشتری ئەمەریکا لەم ناوچەیەدا ناسەقامگیری و پشێوی لێکەوتەوە؟**

- زۆربەی ئەمەریکییەکان گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە دەستتێوەردانی ئەمەریکا لە عێراقدا باجێکی زۆری لەسەر ئەمەریکا لێکەوتەوە و عێراقییەکانیش باجێکی گەورەیاندا و لە هەمان کاتدا بووە هۆی ناسەقامگیریکردنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. چونکە ئەو سیاسەتەی سەرۆك بوش بانگەشەی بۆ دەکرد — لە عێراقدا- شکستی هێنا، بە دڵنیاییەوە لە لیبیاشدا ئەمەریکا شکستی هێنا، چونکە دۆخێکی باشتر نەهاتە ئاراوە. هەموو ئەمانە بوونە هۆی ئەوەی ترەمپ ڕەخنە لە بوش بگرێت و عێراق بە لانکەی تیرۆریزم دابنێت و دواتریش چەندین کەسایەتیی کۆماری دیکە هەمان قسەیان دووبارە کردەوە، ئەمەش ئاڵوگۆڕێکی گەورە بوو لە نێو پارتی کۆمارییەکاندا، لەبەر ئەوەی زۆربەی کۆمارییەکان پشتیوانیان لە سیاسەتەکانی بوش دەکرد و بە سیاسەتێکی باشیان لە قەڵەم دەدا و پێیان وابوو کەسانێکی کەم، وەك برێمەر، هەڵەیان کردووە. بەڵام لە ئێستادا زۆربەی ئەمەریکییەکان پێیان وایە ئەوە سیاسەتێکی هەڵە بووە و ئەمەریکاش هەڵەیەکی گەورەی کرد.

*** ئایا پێت وایە دۆناڵد ترەمپ هەوڵەکانی چڕدەکاتەوە بۆ زیاتر گۆشەگیرکردن و ئیحتیواکردنی ئێران، بەتایبەتی کە ڕێککەوتنە ناوەکیەکەی بە ڕێککەوتنێکی زۆر خراپ لە قەڵەمدا؟**

- من باوەڕم بەمە نییە، چونکە ئەمەریکا سیاسەتی دژبەیەکی لە بەرامبەر ئێراندا هەیە، بۆ ڕازیکردنی هاوپەیمانەکانی، وەك سعودیە و ئیسرائیل و تا ڕاددەیەك تورکیا، ئەمەریکا ڕایگەیاندووە کە ئێران هێزێکی شەڕانگێزە و دەیەوێت بە چەشنی ئەختەبوتێك دەستڕۆیشتوویی و نفوزی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا درێژە پێبدات و دەبێت باڵەکانی ئەو ئەختەبوتە ببڕدرێن و ئیحتیوای ئێران بکرێت، بەڵام لە هەمان کاتدا، ستراتیژیەتی سوپای ئەمەریکا دەقا و دەق پێچەوانەی ئەم کارە دەکات، چونکە ستراتیژیەتی سوپای ئەمەریکا ئەوەیە چەك بە سوپا ومیلیشیا

**ئەمەریکا سیاسەتی دژبەیەکی لە بەرامبەر ئێراندا هەیە، بۆ ڕازیکردنی هاوپەیمانەکانی، وەک سعودیە و ئیسرائیل و تا ڕاددەیەک تورکیا، ئەمەریکا ڕایگەیاندووە کە ئێران هێزێکی شەڕانگێزە و دەیەوێت بە چەشنی ئەختەبوتێک دەستڕۆیشتوویی و نفوزی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا درێژە پێبدات و دەبێت باڵەکانی ئەو ئەختەبوتە ببڕدرێن و ئیحتیوای ئێران بکرێت**

**لە دوای دروست بوونی عێراقەوە لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانەوە، کێشەی کورد لە عێراقدا کێشەیەکی بەردەوام بووە و —چارەسەرنەکردنی- هۆکاری ناسەقامگیری بووە لە عێراقدا، هەروەها هۆکاری ناسەقامگیری بووە لە سوریاشدا، لەبەر ئەوەی کورد سەرکوتکراون و نائاسودەبوون بەوەی ناچار کراون لە ولاتێکی عەرەبیدا بژین لە کاتێکدا کە ئەوان عەرەب نین، کە ڕەنگە بە بەدەستهێنانی دەوڵەتی خۆیان کورد ئاسودەتر بێت**

**عەرەبستانی سعودیە و وڵاتانی کەنداو و ئیسرائیل و تورکیاش زۆر تووڕە بوون لە ئیدارەی ئەمەریکا، هەموویان باوەڕیان وایە کە ئەمەریکا درۆیان لەگەڵدا دەکات، چونکە ئەمەریکا ڕایدەگەیەنێت کە سەرقاڵی ئیحتیواکردنی ئێرانە، بەڵام لە واقیعدا هاوکارە بۆ برەودان بە دەسەڵاتی ئێران**

**ستراتیژیەتی سوپای ئەمەریکا ئەوەیە چەک بە سوپا ومیلیشیا شیعەکان بدات و هێزێکی ئاسمانی خۆی – کە باشترین هێزی ئاسمانییە لە جیهاندا- بەکاردەهێنێت بۆ تێکشکاندنی یاخیبووە سوننەکان و هاوکارە لە بنیاتنانی هێزی شیعە کە هاوپەیمانی ئێرانە بۆ ئەوەی دەسەڵاتی خۆی بۆ عێراق و بۆ موسڵیش درێژە بکەنەوە. لە هەمان کاتدا ئەمەریکا هیچ کارێکی نەکرد بۆ ڕێگریکردن لە ڕوسیا لەوەی هەمان کار لە سوریادا ئەنجام بدات**

شیعەکان بدات و هێزێکی ئاسمانی خۆی – کە باشترین هێزی ئاسمانییە لە جیهاندا- بەکاردەهێنێت بۆ تێکشکاندنی یاخیبووە سوننەکان و هاوکارە لە بنیاتنانی هێزی شیعە کە هاوپەیمانی ئێرانە بۆ ئەوەی دەسەڵاتی خۆی بۆ عێراق و بۆ موسڵیش درێژە بکەنەوە. لە هەمان کاتدا ئەمەریکا هیچ کارێکی نەکرد بۆ ڕێگریکردن لە ڕوسیا لەوەی هەمان کار لە سوریادا ئەنجام بدات، مەبەستم هاوکاری کردنی ئەسەد بوو – کە هاوپەیمانی ئێرانە- بۆ ئەوەی یاخیبووانی سوننە تێکبشکێنێت و دەسەڵاتی خۆی بەسەر سوریادا درێژ بکاتەوە. تاکە سیاسەتێک کە ئەمەریکا گرتبیەتیەبەر و وا دەربکەوێت کە ئیحتیوای ئێران دەکات بریتییە لە هاوکاری کردنی کورد و پشتیوانی کردنی لە هێزەکانی سوریای دیموکرات کە زۆربەیان کوردن، بۆ ئەوەی خاکی ژێر دەستی داعش بگرنەوە، لەبەر ئەوەی ئەمە لە ڕووی تیورییەوە بەرفراوانبوونی میلیشیا شیعەکان سنووردار دەکات، بەڵام ئەمەش مەسەلەیەکی ناڕوونە، لەبەر ئەوەی کوردیش پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ ئێراندا هەیە. کەواتە سیاسەتی ئەمەریکا هاوکاری کردنی ئێرانە بۆ درێژکردنەوەی دەسەڵاتی خۆی. هەر ئەمەش هۆکاری ئەوە بوو کە عەرەبستانی سعودیە و وڵاتانی کەنداو و ئیسرائیل و تورکیاش زۆر تووڕە بوون لە ئیدارەی ئەمەریکا، هەموویان باوەڕیان وایە کە ئەمەریکا درۆیان لەگەڵدا دەکات، چونکە ئەمەریکا ڕایدەگەیەنێت کە سەرقاڵی ئیحتیواکردنی ئێرانە، بەڵام لە واقیعدا هاوکارە بۆ برەودان بە دەسەڵاتی ئێران. زۆر کەس باوەڕیان وایە ئەمە پیلانگێرییە و ئەمە ڕێککەوتنێکی نهێنییە لە نێوان ئەمەریکا و شیعەدا بۆ تێکشکاندنی ئیسلامی سوونە و بۆ دابەشکردنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و درێژەکردنەوەی دەسەڵاتی ئێران.

*** ئەگەر باس لە باروودۆخی سوریا بکەین، ئەوەی بەدی دەکرێت ئەوەیە کە ئەمەریکا نایەوێت دەست بۆ گۆڕینی ڕژێمی ئەم وڵاتە ببات، لە کاتێکدا مانەوەی دۆخەکە بەم شێوەیە هۆکارێکە بۆ بەردەوامبوونی ناسەقامگیری و توندوتیژی، ڕاوبۆچوونی ئێوە چییە لەم بارەیەوە؟**

- ئاشکرایە کە ئەمەریکا خوازیاری تێکشکاندنی ڕژێمی سوریا نییە، لە ساڵی ٢٠٠٣ەوە ڕوون بووە کە ئەمەریکا نایەوێت بە ڕادەیەکی گەورە ڕژێمی ئەسەد ناسەقامگیر بکات، لەبەر ئەوەی ترسی ئەوەی هەیە داعش دەسەڵات بگرێتە دەست.

*** بەڵام پێت وانییە مانەوەی ئەسەد لە دەسەڵاتدا هۆکارێک بێت بۆ درێژەکێشانی ناسەقامگیری و نائارامی؟**

- لە ڕاستیدا چەندین لایەن هەن کە ناسەقامگیری لە ناوچەکەدا دروست دەکەن، گومانی تێدانییە کە ئەسەدیش ناسەقامگیری دروست دەکات، بەڵام لای خەڵکانێک لە دیمەشق، ئەسەد بە سەرچاوەی سەقامگیری دادەنرێت. کەچی کەسانێکیش هەن خوازیاری لابردنی ئەسەد و هێشتنەوەی سوپای ئەو وڵاتەن، بەڵام کێشەکە ئەوەیە ناتوانن ڕێگەیەك بدۆزنەوە بۆ چۆنیەتی ئەنجامدانی ئەو کارە، چونکە نایانەوێت سوپای سوریا بڕوخێنن و بوار بۆ میلیشیاکان بکەنەوە بۆ ئەوەی دەست بەسەر دیمەشقدا بگرن. کەواتە ئەوانەی دەیانەوێت سەقامگیری بپارێزرێت ئەوا دەبێت باجێکی گران بدەن، چونکە نایانەوێت هەمان چارەنووسی حەلەبیان هەبێت.

*** ئەگەر بێینەسەر شەڕی موسڵ، ئایا پێت وایە تەنها تێکشکاندنی داعش بەس نییە و ئەگەر بمانەوێت سەقامگیرییەکی ڕاستەقینە لە عێراقدا بێتەدی، ئەوا پێویستە چارەسەرێکی سیاسی هەمەلایەن بێتەئاراوە؟**

- لە ڕاستیدا ئەگەرەکانی سەقامگیرییەکی ڕاستەقینە زۆر بەهێز نین، نە لە عێراق و نە لە سوریادا، پێم وایە ئەوەی لە ڕووی سەربازییەوە براوە دەبێت زۆرترین دەسەڵاتی دەبێت، لایەنی دۆڕاویش هەست بە تاڵاوی شکست دەکات و تووڕەیی دایدەگرێت. کەواتە سەقامگیریی ڕێژەیی دەبێت، بە دڵنیاییەوە ڕێکخراوێکی وەك داعش تێکدەشکێت، ئەمەش گرنگە.، بەڵام خەڵکانێك هەن بە نائاسودەیی دەمێننەوە، لەبەر ئەوەی گەندەڵییەکی زۆر و نایەکسانییەکی زۆر لە ئارادایە و سیستەمە سیاسیەکە گۆڕانکاری تێدا نەکراوە و حکومەت زۆر ناکارا بووە.

*** ئایا پێشبینی ئەوە دەکەین ئەگەر کوردستانی سەربەخۆ بێتەئاراوە ببێتە هۆکارێك بۆ سەقامگیری لە ناوچەکەدا؟!**

- بەڵێ من باوەڕم وایە. لە واقیعدا دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ هەیە لە باکووری عێراقدا، ڕاستە تەواو سەربەخۆ نییە، بەڵام لە زۆر ڕووەوە سەربەخۆیە و پێم وایە دەبێتە هۆکاری سەقامگیری، چونکە لە دوای دروست بوونی عێراقەوە لە دوای جەنگی یەکەم جیهانەوە، کێشەی کورد لە عێراقدا کێشەیەکی بەردەوام بووە و —چارەسەرنەکردنی- هۆکاری ناسەقامگیری بووە لە عێراقدا، هەروەها هۆکاری ناسەقامگیری بووە لە سوریاشدا، لەبەر ئەوەی کورد سەرکوتکراون و نائاسودەبوون بەوەی ناچار کراون لە وڵاتێکی عەرەبیدا بژین لە کاتێکدا کە ئەوان عەرەب نین، کە ڕەنگە بە بەدەستهێنانی دەوڵەتی خۆیان کورد ئاسودەتر بێت، قبوڵکردنی ئەم مەسەلەیە دژوارە بەلای عەرەبەوە، بەڵام ڕەنگە لە کۆتاییدا- لە مەودای دووردا- بۆ عەرەب باشتربێت، چونکە چیتر ناچار نابن کە ڕووبەڕووی ئەم کێشەیە ببنەوە.

پیتەر هەننە، پسپۆری زانستی سیاسی بۆ گوڵان:

# ئەمەریکا و رووسیا دەیانەوێت داعش تێکبشکێنن، بەڵام بەرژەوەندیی جیاوازییان هەیە لە پەیوەندیدا بە ئەسەدەوە

**پیتەر هەننە، پرۆفیسۆرە لە بەشی زانستی سیاسی، پرۆگرامی دیراساتی جیهانی و ئایینی لە زانکۆی ڤێرمۆنت، وانەبێژی چەند بوارێکی گرنگە، وەك پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. گوڵان دیمانەیەکی کورتی لەگەڵدا ئەنجامدا و ئەویش و بەم شێوەیە گوزارشتی لە بیروبۆچوونەکانی کرد.**

*** گرنگترین دۆسیە کە ئیدارەی ترەمپ رووبەرووی دەبێتەوە پرسی تیرۆریستانی داعش و رژێمی بەشار ئەسەدە لە سوریا، ئەم پرسە هەڕەشەیەکی گەورەی بۆ مرۆڤایەتی دروست کردووە، چارەسەرکردنی ئەم پرسە پێویستی بە لێکتێگەیشتنی نێوان روسیا و ئەمەریکا هەیە، ئایا تا چەند مەزندە دەکرێت ئەمەریکا بتوانێت لەگەڵ روسیا لەسەر پرسی سوریا ڕێکبکەوێت؟**

- بە لەبەرچاوگرتنی پەیوەندییەکانی رووسیاوە بە سوریاوە، ئەوا مامەڵەکردن لەگەڵ داعشدا زەحمەت دەبێت، ئەگەر بێتوو ئەمەریکا کار لەگەڵ روسیادا نەکات. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەمەریکا پشتیوانی لە یاخیبووانی دژ بە ئەسەد کردووە لە سوریا، لە کاتێکدا روسیا ئەو یاخیبووانەی کردۆتە ئامانج. ئەمەش ئەوە دەخاتەڕوو کە لە کاتێکدا ئەمەریکا و روسیا دەیانەوێت داعش تێکبشکێنن، بەڵام بەرژەوەندی جیاوازییان هەیە لە پەیوەندیدا بە ئەسەدەوە. ئەگەر ئەمەریکا خوازیاری ئەوەبێت چاکسازی سیاسی لە ئێراندا ڕووبدات، ئەوا ڕەنگە پێویست بکات نیگەران بین لەبارەی لە نزیکەوە کارکرد لەگەڵ روسیا لە دژی داعش.

*** هەندێك لە پسپۆران باس لەوە دەکەن سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا پشت بە بنەمای ڕاگرتنی هاوسەنگی لە دوورەوە (offshore balancing) ئەم پرەنسیپە بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست مانای ئەوەیە پێویستە سعودیە و دەوڵەتانی کەنداو لەو ئاستە بن کە باڵادەستی ئێران ڕابگرن، ناتۆ باڵانسی روسیا ڕابگرێت، هەروەها بە ڕێگەی دووبارە بایەخدانەوەی ئەمەریکا بە چەکی ئەتۆمی باڵانسی بڵاوبونەوەی ئەم چەکە ڕابگرێت، ئایا ئەم پرەنسیپە گەڕانەوەیە بۆ ئەو سیاسەتەی پێیان دەووت ئەمەریکا بۆتە پۆلیسی جیهان؟**

- بنەمای ڕاگرتنی هاوسەنگی لە دوورەوە (offshore balancing)ڕێگایەکە سەرنجڕاکێشە بۆ کەمکردنەوەی تێوەگلانی ئەمەریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا (هەروەها لە ناوچەکانی دیکەشدا) و برەودان بە سەربەخۆیی زیاتر بە دەوڵەتانی وەك عەرەبستانی سعودیە و وڵاتانی دیکەی ئەنجومەنی وڵاتانی کەنداو.



بەتایبەتی لە پەیوەندیدا بە ئێرانەوە، ئەمەش میسداقیەتێکی زیاتر بە هەوڵەکانی وڵاتانی کەنداو دەدات بۆ ئیحتیواکردنی دەستڕۆیشتویی ئێران، لەبەر ئەوە چیتر تەنها ئەمەریکا پاڵنەر و هاندەریان نابێت. بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی وترا، دەبێت وریا بین و بنەمای ڕاگرتنی هاوسەنگی لە دوورەوە (offshore balancing) تا مەودایەکی دوور نەبەین. ئەگەرچی ئەمەریکا و عەرەبستانی سعودیە دوو وڵاتی لێکنزیکن، بەڵام ئێمە لە چەند بوارێکدا بەرژەوەندی جیاوازمان هەیە، هەروەك لەو بگرە و بەردەیەی لەبارەی گورزە ئاسمانییەکانی سعودیە لە یەمەندا بەدی دەکەین. پاشەکشەی گەورە لە ناوچەکەدا ڕەنگە سەربکێشێت بۆ دەرئەنجامی ناخۆش لە هەندێ بواری دیاریکراودا ( ئەویش لە تێڕوانینی ئەمەریکاوە). هەروەها ڕەنگە عەرەبستانی سعودیە و وڵاتانی ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو خوازیاری ئەوە نەبن ئەمەریکا پەنا بباتەبەر ستراتیژیەتی ڕاگرتنی هاوسەنگی لە دوورەوە (off-shore balancing)، لەبەر ئەوەی بۆ پارێزگاریکردن لە خۆیان پشت بە ئەمەریکا دەبەستن. ڕەنگە بەدیلێکی باشتر ئەوە بێت کە هیلاری کلینتۆن لە وتارێکیدا لە ساڵی ٢٠٠٩ لەبەردەم ئەنجومەنی پەیوەندیەکانی دەرەوە ناوی لێنا «جیهانێکی فرە شەریك» (link- http://www.cfr.org/diplomacy-and-statecraft/conversation-us-secretary-state-hillary-rodham-clinton/p34589). ئەمەریکا دەتوانێت برەو بە سەربەخۆیی و بەرپرسارێتییەکی زیاتر بدات لە نێو عەرەبستانی سعودیە و وڵاتانی ئەنجومەنی هاریکاری کەنداودا لەبەرامبەر پرسی ئێراندا، بە بێ ئەوەی بە تەواوەتی لە ناوچەکە بکشێتەوە.



**ڤیكتۆر ئاساڵ** پرۆفسۆری زانستی سیاسی بۆ گوڵان:

# زەحمەتە بتوانین مەزندەی ئەوە بكەین ئیدارەی ترەمپ چۆن مامەڵە لەگەڵ رۆژهەڵاتی ناوەراست دەكات

**ڤیكتۆر ئاساڵ، سەرۆكی بەشی كارگێڕی گشتی و پرۆفسۆری زانستی سیاسییە لە زانكۆی ئەلبانی، وانەبێژی چەند بوارێكی گرنگە، وەك سیاسەتی بەراوردكاری، توندوتیژی سیاسی و سەركوتكاری و گفتوگۆكردن، بۆ تاوتوێكردنی ئەوەی پێویستە ئیدارەی داهاتووی ئەمەریكا چۆن مامەڵە لەگەڵ كێشەكانی رۆژهەڵاتی ناوەراستدا بكات و بۆ گفتوگۆكردن لەبارەی ئەگەری دابەشبوونی عێراق و دروست بوونی دەوڵەتی كوردییەوە، گوڵان دیمانەیەكی لەگەڵدا ئەنجامدا و ئەویش بەم شێوەیە بۆچونەكانی خستەڕوو.**

*** تێڕوانینتان چییە بۆ سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی داهاتووی ئەمەریكا بەتایبەتی لە پەیوەندیدا هەڵوێست و مامەڵەكردنی لەگەڵ وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، یاخود پێت وایە دەبێت چۆن مامەڵە لەگەڵ كێشەكانی ئەم ناوچەیەدا بكات؟**

- لە ڕاستیدا چەند كێشەیەكی گرنگ هەیە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا كە دەبێت مامەڵەی لەگەڵدا بكات. پێم وایە پێویستە ئەم ئیدارەیە بەردەوام بێت لە هاوكاری و پشتیوانیكردنی حكومەتی عێراقی، بەڵام لە هەمان كاتدا فشاری لەسەر دروست بكات بۆ ئەوە گرووپە كەمینەكان پتر ئاوێتە پرۆسەكە بن و كاری جددی بكرێت لەسەر نەهێشتنی جیاكاری. هەروەها هەوڵەكان چڕ بكرێتەوە بۆ شەڕكردن لە دژی داعش و ڕێكخراوە توندوتیژەكانی دیكە، هەروەها دەبێت ئیدارەی داهاتوو بیر لەو پشێوییەی سوریا بكاتەوە و بكەوێتە قسەكردن لەگەڵ روسیا و توركیا بۆ دۆزینەوەی ڕێگەیەك بۆ ئیدارەدانی ئەو دۆخە. هەروەها دەبێت كار لەسەر پرۆسەی ئاشتی

نێوان ئیسرائیل و فەلەستین بکات– کە بۆ ماوەی دە ساڵ و زیاترە ڕاوەستاوە-، چونکە مانەوەی دۆخەکە وەك خۆی دەبێتە هۆی ئەوەی جارێکی دیکە توندوتیژی لەو ناوچەیەدا بتەقێتەوە، ئەوەش مایەی کێشە دەبێت بۆ بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا. هەروەها لە یەمەندا کێشەکە بەردەوام دەبێت لە پەیوەندیدا بە حوسییەکانەوە کە پێم وانییە ئیدارەی ئێستا بایەخی تەواوی پێبدات، کە دەبێت ئیدارەی داهاتوو گرنگی پێبدات و لەوە بکۆڵێتەوە کە ئایا دەتوانێت چی بکات لەو ڕووەوە. بە هەمان شێوە پرسی سعودیە و کێشەی مافەکانی مرۆڤ لەو وڵاتە و دەستتێوەردانی سعودیە لە وڵاتانی دیکەدا لە ئارادایە. کەواتە چەندین کێشە هەن کە دەبێت ئیدارەی داهاتوو بایەخیان پێبدات، بەڵام زەحمەتە بزانین ئیدارەی داهاتوو چۆن مامەڵە دەکات.

*** ئێوە باسی ئەوەتان کرد کە پێویستە ئەمەریکا فشار لەسەر عێراق دروست بکات بۆ ئەوەی لە پرۆسە سیاسیەکەدا کەس پەراوێز نەخرێت، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا پێتان وایە کاردانەوەی حکومەتی عێراق چی دەبێت؟**

- حکومەتی عێراق بەم کارە خۆشحاڵ نابێت.

*** ئایا پێت وانییە ڕووبەڕووبوونەوەی کێشەکانی ناوچەکە پێویستی بە ئیحتیواکردنی ڕۆڵی ئێران هەیە؟**

- بە دڵنیاییەوە پێویستە قسە لەگەڵ ئێراندا بکرێت لەبارەی ئەو کێشانەوە، بەتایبەتی لە پەیوەندیدا بە عێراقەوە، چونکە ئاشکرایە ئێران دەستڕۆیشتوییەکی زۆر هەیە لە سەر هەندێ لایەنی عێراقی. کەواتە دەبێت ئێرانیش بەشێك بێت لەم مەسەلەیە. بەڵام ئایا ئەمەریکا دەستی بەم گفتوگۆیە کردووە لەگەڵ ئێراندا یاخود ئەم کارە دەکات لە داهاتوودا، ئەوا ئەمە وەك پرسیارێکی کراوە ماوەتەوە.

*** بەڵام پێت وانییە سیاسەتێکی توندتر لە بەرامبەر ئێراندا دەگرێتەبەر؟**

- لە ڕاستیدا ئێمە نازانین، ڕەنگە مەسەلەکە لە مانگی ئازار یان نیساندا زیاتر ڕوون بێتەوە، هەرچەندە من پێم وایە سیاسەتێکی توندتر لە ئاست ئێراندا دەگرێتەبەر، بەڵام لەوەش دڵنیانین، تاوەکو نەبینین کە وەزیری دەرەوە چۆن ئەو لێدوانانە دەکاتە سیاسەت- ئەمە ئەگەر هاتوو بوونە سیاسەت-.

*** ئەگەر باسی سوریا بکەین، ئایا پێت وانییە دۆخی سوریا بە هاوکاری نێوان ئەمەریکا و روسیا چارەسەر دەبێت یاخود پێت وایە دەبێت چۆن ئەو دۆخە چارەسەر بکرێت؟**

- لە ڕاستیدا من پێم وایە ئەگەر ئیدارەی داهاتووی ئەمەریکا دۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست فەرامۆش بکات و کار نەکات بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ئەوا هەلومەرجەکە خراپتر دەبێت.

*** ئایا پێت وایە ئیدارەی داهاتووی ئەمەریکا زیاتر لە کاروباری ئەم ناوچەیەوە تێوەدەگلێت یاخود پتر خۆی بە دوور دەگرێت لە کێشەکانی؟**

- لە ڕاستیدا ئێمە نازانین و ناتوانین پێشبینی بکەین تا ئەو کاتەی کە خۆی و وەزیری دەرەوە دەست بە کارەکانیان دەکەن.

*** ئەی لەو باوەڕەدایت کە بەرژەوەندی ئابوورییەکان بەکاربهێنێت بۆ درێژەدان بە باڵادەستی جیپۆلەتیکی ئەمەریکا؟**

- ئەگەر بە ڕاشکاوی بدوێین ئێمە نازانین، چونکە ئەوەی لە سەروبەندی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا دەوترێت شتێکە و ئەوەی لە سەردەمی سەرۆکایەتیدا جێبەجێ دەکرێت شتێکی دیکەیە – ئەمە بۆ هەموو ئیدارەکان ڕاستە-. بەڵام ئەگەری ئەوە هەیە ئەو گۆڕانکارییەی لە ماوەی ئەم ئیدارەیەدا دروست بێت گۆڕانکاری گەورە بن.

*** ئایا لەو باوەڕەدایت عێراق بە سەقامگیری یاخود بە یەکگرتویی بمێنێتەوە لە دوای تەواوبونی ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنەوەی موسڵ؟**

- هەرچەندە من خوازیاری ئەوەم عێراق سەقامگیر بێت، بەڵام لەم باوەڕەدانیم ئەمە بێتەدی، هەروەها بۆی هەیە عێراق دابەش بێت، بەڵام هێشتا دۆخەکە نەگەیشتۆتە ئەو ڕاددەیە.

*** ئایا سەرهەڵدانی دەوڵەتێکی سەربەخۆیی کوردی دەبینێت کە لە نێو ئاژاوە و ناسەقامگیریی عێراقەوە دروست بێت؟**

- پێم وایە ئەوە ئەگەرێکە، بەڵام هێشتا هەلومەرجەکە نەگەیشتۆتە ئەو ڕاددەیە، لەبەر ئەوە ناتوانین شتێکی یەکلاکەرەوە بڵێین لە ئێستادا و لە ڕاستیدا ئەمە مەسەلەیە بە ڕاددەیەکی گەورە بەندە بەوەی ئایا ئیدارەی داهاتوو چۆن هەڵسوکەوت دەکات.

*** بەڵام لە حاڵەتی دروست بوونی ئەم دەوڵەتەدا، ئایا دەبێتە فاکتەری سەقامگیری لە ناوچەکەدا؟**

لە ڕاستیدا –سەربەخۆیی- مایەی سەقامگیری دەبێت بۆ کورد، نەك بۆ عێراق، هەروەها ئەگەرێکی بەهێزیش هەیە کە مایەی ناسەقامگیری بێت بۆ ئێران.

**مانەوەی دۆخەکە وەک خۆی دەبێتە هۆی ئەوەی جارێکی دیکە توندوتیژی لەو ناوچەیەدا بتەقێتەوە، ئەوەش مایەی کێشە دەبێت بۆ بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا، چونکە چەندین کێشە هەن کە دەبێت ئیدارەی داهاتوو بایەخیان پێبدات، بەڵام زەحمەتە بزانین ئیدارەی داهاتوو چۆن مامەڵە دەکات**

**ئەوەی لە سەروبەندی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا دەوترێت شتێکە و ئەوەی لە سەردەمی سەرۆکایەتیدا جێبەجێ دەکرێت شتێکی دیکەیە – ئەمە بۆ هەموو ئیدارەکان ڕاستە-. بەڵام ئەگەری ئەوە هەیە ئەو گۆڕانکارییەی لە ماوەی ئەم ئیدارەیەدا دروست بێت گۆڕانکاری گەورە بن**



## فەریق جەمال محەمەد

## سەرۆک ئەرکانی هێزی پێشمەرگە بۆ گوڵان:

# قسەکانی مالیکی دژ بە کوردو پێشمەرگە بۆ شاردنەوەی شکستەکانێتی و هیچ کاریگەریی لەسەر پێشمەرگە نییە

سەنگەری پێشمەرگە بۆتە کۆشکی پێشوازی لەو سەرۆك و شاندانەی دەوڵەتانی جیهان کە سەردانی کوردستان دەکەن، سەردانی ئەوانیش بۆ سەنگەرەکانی پێشمەرگە بۆ بینینی ئەو ئیرادەیەیە کە پێشمەرگە تیرۆریستانی داعشی پێ تێکشکاندووە. لەم چوارچێوەیەدا سەردانی فرانسۆ ئۆلاند سەرۆکی فەرەنسا و بینالی یەڵدرم سەرۆك وەزیرانی تورکیاو چەندین لە وەزیرانی دەرەوە و بەرگریی وڵاتانی گەورەی جیهان بۆ کوردستان لە سەرەتای ساڵی تازەوە گەشبینییەکی ئەوتۆی دروست کردووە کە بڵێین ساڵی ٢٠١٧ ساڵی کوردستان و پێشمەرگە دەبێت. بۆ قسەکردن لەسەر ئەم وەرچەرخانانەو رۆڵی پێشمەرگە لەشەڕی دژی داعش، هەروەها ئەو کاردانەوانەی کە ناحەزان و دوژمنانی کوردستانی تووڕەو بێزار کردووە، ئەم دیمانەیەمان لەگەڵ فەریق جەمال محەمەد سوپاسالاری هێزی پێشمەرگەی کوردستان ئەنجامداو بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.

# دوای ڕزگارکردنی کۆبانێ و تەواو بوونی ئەرکەکانمان پێشمەرگە کۆبانێی جێهیشت پێویستە پەکەکەش هەمان شت لە شنگال دووبارە بکاتەوە

*** لەسەرەتای ساڵی نوێوە شاندی گەورەی وڵاتان روو دەکەنە کوردستان و دوای ئەوەی لەگەڵ سەرۆك بارزانی و حکومەت کۆدەبنەوە، سەردانی سەنگەرەکانی پێشمەرگە دەکەن، وەك سوپاسالاری پێشمەرگە کە لەسەنگەرەکانی پێشەوە پێشوازییان دەکەیت، ئایا ئەو شاندانە چۆن سەیری قارەمانێتی پێشمەرگەو تێکشکانی داعش دەکەن و بەتایبەتی هاتنی فرانسوا ئۆلاند سەرۆکی فەرەنسا بۆ کوردستان و بەسەرکردنەوەی سەنگەرەکانی پێشمەرگە چۆن دەخوێننەوە؟**

- فەرەنسا ئەندامێکی هەمیشەیی و گرنگی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتییەو لەشەڕی داعشدا رۆڵ و پێگەی تایبەتی خۆی هەیە، لەدەستپێکی هاتنی تیرۆریستانی داعشەوە کاتێك پەلاماری کوردستانیان دا لەساڵی ٢٠١٤ پشتگیری و هاوکاری زۆر باشی هێزی پێشمەرگەو سەرۆك بارزانی بوون و بە فڕۆکە جەنگییەکانیان راستەوخۆ یارمەتییان داوین و بەبەردەوام بۆردومانی بنکەو بارەگاکانی داعشیان کردووە، لەمێژووشدا رۆڵی وڵاتی فەرەنسا لە یارمەتیدانی گەلی کورد دیارو لەبەرچاو بووە، هەربۆیە دووەمین سەردانی فرانسوا ئۆلاند بۆ کوردستان و کۆبوونەوەی لەگەڵ جەنابی بارزانی و دواتر سەردانیکردنی سەنگەرەکانی پێشەوەی پێشمەرگە بۆ ئێمە جێگای خۆشحاڵی بوو، ئەم سەردانەش دووپاتکردنەوەو جەختکردنە لە پشتیوانی و هاوکاریی بارزانی و هێزی پێشمەرگەی قارەمان بوو. سەردانەکەی بۆ ئەوە بوو لەنزیکەوە قارەمانێتی و خۆڕاگریی هێزی پێشمەرگە ببینێت کە بەحیکمەتی سەرۆك بارزانی و قارەمانێتی پێشمەرگە و خوێنی شەهیدان توانرا داعشی تیرۆریست تێکبشکێنرێت و سەدان کیلۆمەتر خاك لەتیرۆریستان پاکبکرێتەوە، لەم دواییەشدا لەدەستپێکی ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنەوەی موسڵدا پێشمەرگە سەنگەرەکانی تیرۆریستانی داعش و هێڵەکانی یەکەمی شکاند. لەم سەردانەی فرانسوا ئۆلاندا، جەنابی سەرۆك بارزانی لەسەر نەخشە ئەو پلانەی بۆیان باسکرد کە چۆن ئازایانە هێزی پێشمەرگە ئەو میحوەرو ناوچانەی بۆی دەستنیشان کرابوو، پێش هاتنی سوپای عێراق هەر هەمووی ئازادکردو رێڕەوی بۆ سوپای عێراق کردەوە، تاوەکو لەناو بازگەو شوێنە رزگارکراوەکاندا پێشڕەوی بەرەو موسڵ بکات، بەتایبەتی میحوەری باکوورو رۆژهەڵاتی موسڵ کە پانتاییەکەی زیاتر لە ٥٠٠ کیلۆمەتری چوارگۆشەیەو لەم ناوچانەوە سوپای عێراق دەستی بەهێرشەکانی کرد بەرەو شاری موسڵ. لەسەر راسپاردەو بەچاودێریی راستەوخۆی جەنابی بارزانی هێزی پێشمەرگە سەرکەوتووانە توانی تەنیا لەماوەی کەمتر لەیەك هەفتەدا تەواوی پلانە سەربازییەکەی جێبەجێ بکات. ئەوە بوو لە ٢٠١٦/١٠/١٧ تەواوی ناوچەکانی میحوەری خازر رزگار کران و لە ٢٠-٢٠١٦/١٠/٢٣ میحوەری ناوەران و باشیك و باتمایێ رزگار کران، تەواوی وردەکاری ئەو پلان و بەرنامە سەربازییانەمان بۆ سەرۆکی فەرەنسا باسکرد، سەرۆکی فەرەنسا لە سەنگەری پێشەوەی هێزی پێشمەرگە سەیری خۆڕاگری و قارەمانێتی و فیداکاری پێشمەرگەی کردو هەر لەوێشەوە بەناوی گەل و حکومەتی فەرەنساوە سوپاسی هێزی پێشمەرگەی کرد لەتێکشکاندنی ئەفسانەی داعشدا، هاوکات سوپاسی سەرۆك بارزانی کرد کە سەرپەرشتیارو پلاندانەری هێرشەکان بووەو راستەوخۆ جەنگی دژی تیرۆریستان کردووە، ئەمە نەك تەنیا سەرۆکی فەرەنساو سەرۆك وەزیرانی تورکیا، بەڵکو هەموو سەرۆك و بەرپرسانی حکوومی و سەربازی وڵاتانی دنیا بۆیان ئاشکرا بووە کە جەنابی سەرۆك بارزانی رۆڵی راستەوخۆی لەشەڕی دژ بەتیرۆریستان هەیە.

*** ئایا سەرۆکی فەرەنسا لەکاتی ئەم بەسەرکردنەوەیەدا تاچەند بەگرنگی زانی پێداویستییەکانی هێزی پێشمەرگە دابین بکرێت؟ ئایا ئەو هاوکارییانەی فەرەنسا بۆ شەڕی دژی داعش لە ئایندەشدا بەردەوام دەبێت؟**

- وەکو ئاماژەم پێدا لەسەرەتای پەلاماردانی داعش بۆ هەرێمی کوردستان فەرەنسا هاوکاری هێزی پێشمەرگەی کردووەو لەگەڵ هێزی هاوپەیمانان هێرشی

**سەرۆک بارزانی وەکو پێشمەرگەیەک شانبەشانی برا پێشمەرگەکان بەو دۆخە سەختەی کە لەناوخۆی کوردستان دروستکرا، کۆڵی نەداو گەلەکەی لەگەورەترین هێرش رزگار کرد، ئەمەشە وایکرد سەرۆک و بەرپرسان و سوپا گەورەکانی جیهان پێی سەرسام بن**

**خوێنی ١٦٠٠ شەهیدی پێشمەرگە سازشی لەسەر ناکرێت لەگەڵ مالیکی و هەر هەنگاوێک دژ بەکوردستان و پێشمەرگە بهاوێت، چارەنووسی لەتیرۆریستانی داعش باشتر نابێت**

**لەشکری مالیکی و هەڵسوکەوتە خراپەکانی داعشی دروست کردو تا ئەمڕۆش ئەو تیرۆریستانە بەتانک و چەک و زرێپۆش و تەقەمەنیی ئەو سوپایە شەڕدەکەن**

**نەک تەنیا سەرۆکی فەرەنساو سەرۆک وەزیرانی تورکیا، بەڵکو هەموو سەرۆک و بەرپرسانی حکوومی و سەربازی وڵاتانی دنیا بۆیان ئاشکرا بووە کە جەنابی سەرۆک بارزانی رۆڵی راستەوخۆی لەشەڕی دژ بەتیرۆریستان هەیە**

**هۆکاری هاتنی داعش و ماڵوێرانی عێراق مالیکی و سیاسەتی دەست و تاقمەکەی بووە، بەتایبەتی ئەو پلەدارە سەربازییە شۆڤێنییانەی سەر بە مالیکی بوون، هەڵسوکەوتی خراپ و هەڵەکانیان وایکرد خەڵکی موسڵ و تەواوی پارێزگاکە لێیان بێزار بن**

**مەزندەکانی سەرۆک بارزانی و هێزی پێشمەرگەش وا بوو کە شەڕی موسڵ ماوەیەک دەخایەنێت، چونکە دوو ساڵ زیاترە تیرۆریستان لەو شارەدا خۆیان قایم دەکەن و شارەکەش شارێکی گەورەیەو چەندین سەنگەر و تونێل لەناو جەرگەی کۆڵان و گەڕەکەکان لێدراوەو بۆمب و تەقەمەنی زۆر دانراوە**

ئاسمانی بۆ سەر داعش ئەنجام داوە، چەك و تەقەمەنی دابینکردووەو مەشقی سەربازیشی بەهێزەکانمان کردووە، لەئایندەشدا هاوکارییەکانی فەرەنسا بۆ هێزی پێشمەرگە بەردەوام دەبێت، بەڵام لەم سەردانە بۆ لای ئێمە باسی چەك و تەقەمەنی و پێداویستی نەکراوە، بەڵام تەنیا هاتنی سەرۆکی وڵاتێکی وا گەورەی وەکو فەرەنسا بۆ سەنگەرەکانی پێشمەرگە، ماناو گرنگیی گەورەی مەعنەوی و دەروونی بۆ هێزی پێشمەرگەو گەلی کوردستان هەیە، فرانسوا ئۆلاند لەقسەکانیدا جەختی لەوە کردەوە کە پشتیوانی گەلی کوردو کوردستان و هێزی پێشمەرگە دەکات لەدژی داعش و هەر پەلامارێکی دیکە بۆ سەر هەرێمی کوردستان.

*** هاتنی بینالی یڵدرم سەرۆك وەزیرانی تورکیا بو کوردستان و پاشانیش هاتنی لەگەڵ سەرۆك بارزانی بۆ سەنگەرەکانی پێشمەرگە مانایەکی تایبەتی هەبوو. ئایا گرنگیی هاتنی سەرۆك وەزیرانی تورکیا بو سەنگەرەکانی پێشمەرگە چی بوو؟ ئایا باس لەوەکراوە سەربازانی تورکیا لە باشیك بکشێنەوە؟**

- یڵدرم باسی کشانەوەی هێزو لەشکری تورکیای لەگەڵ ئێمە نەکرد، بۆی هەیە لەگەڵ سەرکردە سیاسییە پایەبەرزەکانی کوردستان ئەم مەسەلەیە باسکرابێت، بەڵام ئەم بابەتە زیاتر لەگەڵ حکومەتی عێراق باسکراوە، هاتنی زیاتر بۆ پاڵپشتی و پشتگیری هێزی پێشمەرگە بوو، بۆ ئەوەی لەنزیکەوە سەرۆك وەزیرانی تورکیا وەکو وڵاتێکی دراوسێ و کاریگەر لەناوچەکەدا ئەو قارەمانێتی و دەستکەوتانە ببینێت کە لەسەر دەستی پێشمەرگە بەدیهاتووە، کە توانیوێتی دڕندەترین گروپی تیرۆریستی (داعش) لەجیهاندا تێکبشکێنێت. یڵدرم جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە هێزی پێشمەرگە لەهەر شوێنێکدا بوونی هەبێت، هێمن و پارێزراوە، پێشمەرگە پەناگەی لێقەوماوان و ئاوارەیە، هاوکات لەم سەردانەدا سوپاسی سەرۆك بارزانی کرد کە لەهەموو میحوەرەکانی جەنگ جگە لەوەی پلانی دارشتووە شانبەشانی هێزی پێشمەرگە بەشدار بووە لەرزگارکردنی خاك و تێکشکاندنی داعش .

*** پرسێکی دیکە مەسەلەی بوونی پەکەکەیە لەشنگال کە رێگرە لەبەردەم ئاوەدانکردنەوەو گەڕانەوەی دانیشتووانەکەی، ئایا مەسەلەی کشانەوەی پەکەکە بەکوێ گەیشتووەو تاچەند ئومێد هەیە پەکەکە بە ئاشتی خاکەکەمان لە شنگال چۆڵ بکات؟**

- ئێمە پێمان باشە پەکەکە بە ئاشتییانە لەشنگال برۆن، شنگال پێشترو ئێستاش بەشێکە لەخاکی هەرێمی کوردستان، ئەو بارودۆخەی لە ٢٠١٤/٨/٣ بەسەر شنگال هات و بە شەهیدبوونی ٥٠٠ پێشمەرگەی قارەمان شنگال ئازاد کرا. پەکەکە دەبێت پەندو وانە لەپێشمەرگەوە وەرگرێت، کاتێك کۆبانێ پێویستی پێمان بوو، فریایان کەوتین و کە ئازادکرا هاتینەوەو خاکەکەو شارەکەمان رادەستی هێزەکانی ئەوێ کرد، هەربۆیە ئێستا نابێت موزایەدە بکەن و بڵێن ئێمە شنگالمان ئازادکرد، ئەمرۆ هەرێمی کوردستان و شنگال و خەڵکی ئێزیدی پێویستی بەوان نییە، ئەوان پێویستیان بە ئاوەدانکردنەوەو گەڕانەوەیان بۆ سەر ماڵی خۆیان هەیە کە بە بوونی پەکەکە ئەو ٣٪ی ئێزیدییەی گەڕاویشەتەوە، دووبارە ناچاردەبن شنگال چۆڵ بکەن. ئێزیدی و خەڵکی شنگال دەزانن کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان رزگارکەرو پارێزەری ئەوانەو کوردستان ٥٠٠ رۆڵەی شەهیدی بەخشییە ئازادکردنی ئەو شارەو جارێکی دیکە ناهێڵێت کۆمەڵکوژی تێدا بکرێت، لەلایەکی ترەوە ئێمە وەکو هێزی پێشمەرگە دژی ئەو هەموو چەکدارو گروپە نەناسراوەین کە بەناوی جۆراوجۆرەوە لەناوچەکەدا کاری کوشتن و خراپەکاری دەرهەق بەخەڵکی سڤیل ئەنجام دەدەن، شنگال خاك و ناوچەی پەکەکە نییەو پێویستە بەئاشتی چۆڵی بکەن و هەموو کارئاسانییەکیشیان پێشکەش دەکەین، ئێمە دژی ئەوەین گەنج و کچی ناوچەکە ببەن لە سووریا بەکوشتی بدەن.

*** شەڕی ئازادکردنەوەی موسڵ درێژەی کێشا، زۆر لەوە زیاتری خایاند کە مەزندە دەکرا، حەزدەکەین باسی دواگۆڕانکارییەکانی شەڕی موسڵمان بۆ بکەن، بەڕای ئێوە چەندی دی دەخایەنێت؟**

- لە راستیدا مەزندەکانی سەرۆك بارزانی و هێزی پێشمەرگەش وا بوو کە شەڕی موسڵ ماوەیەك دەخایەنێت، چونکە دوو ساڵ زیاترە تیرۆریستان لەو شارەدا خۆیان قایم دەکەن و شارەکەش شارێکی گەورەیەو چەندین سەنگەر و تونێل لەناو جەرگەی کۆڵان و گەڕەکەکان لێدراوەو بۆمب و تەقەمەنی زۆر دانراوە، بوونی خەڵکی سڤیلیش ئەوەندەی دیکە کارەکەی قورس کردووە، بەتایبەتی کە داعش ئەو خەڵکە سڤیلەی وەکو قەڵغانی مرۆیی داناوە. راستە پلانەکە وەکو خۆی بەرێوەدەچێت، بەڵام کات و ساتی رزگارکردنی تەواوی شارەکە دیار نییە، بەڵام بەم نزیکانە تەواوی لایەنی چەپی شارەکە ئازاد دەکرێت.

*** لەنێوان هێزی پێشمەرگەو سوپای عێراق رێککەوتن و هاوکات هاوکاری باشیش هەیە، بەڵام ماوەیەکە چەند جارێك نوری مالیکی هەڕەشە لە پێشمەرگە دەکات و دەڵێت دەبێت بکشێنەوە بۆ سنوورەکانی ساڵی ٢٠٠٣ پرسیاری ئێمە ئەوەیە کاتێك**

**لەنێوان هەولێرو بەغداو پێشمەرگەو سوپای عێراق ڕێککەوتن هەبێت، قسەکانی مالیکی چ قیمەتی هەیە، ئێوە وەکو وەزارەتی پێشمەرگە هەڵوێست و ڕوونکردنەوەتان لەسەر ئەو قسانە چییە؟**

- هۆکاری هاتنی داعش و ماڵوێرانی عێراق مالیکی و سیاسەتی دەست و تاقمەکەی بووە، بەتایبەتی ئەو پلەدارە سەربازییە شۆڤێنییانەی سەر بە مالیکی بوون، هەڵسوکەوتی خراپ و هەڵەکانیان وایکرد خەڵکی موسڵ و تەواوی پارێزگاکە لێیان بێزار بن و لەسەرەتادا ئەو خەڵکە بەرگری نەکردو بگرە پێشوازییان لەداعش کرد، لەشکری مالیکی و هەڵسوکەوتە خراپەکانی داعشی دروست کردو تا ئەمڕۆش ئەو تیرۆریستانە بەتانك و چەك و زرێپۆش و تەقەمەنی ئەو سوپایە شەڕدەکەن. شکستی مالیکی بوو کە ٣ فرقەی تەسلیمی داعش کردو ئەو هەموو کوردو عەرەبی سوننەو شیعەیە شەهید بوون، قسەکانی ئێستاشی دژ بەگەلی کوردو هێزی پێشمەرگە بۆ شاردنەوەی فەشەلەکان و تاوانەکانێتی و هیچ کاریگەری لەسەر هێزی پێشمەرگە نییە. ئێمە خاوەنی سەرۆك بارزانی و هێزی پێشمەرگەو پاڵپشتی گەلەکەمان و دنیای هاوچەرخین، گرنگی بەم جۆرە قسانە نادەین و هەر شوێن و ناوچەیەك خوێنی شەهیدی لێکەوتبێت، سازشی لەسەر ناکەین و کوردستانییە تەنانەت پێش ڕزگارکردنیشی ئەو ناوچانە کوردستانی بوون. خوێنی ١٦٠٠ شەهیدی پێشمەرگە سازشی لەسەر ناکرێت لەگەڵ مالیکی و هەر هەنگاوێك دژ بەکوردستان و پێشمەرگە بهاوێت، چارەنووسی لەتیرۆریستانی داعش باشتر نابێت.

*** زۆر کەس باسی مەترسیی حەشدی شەعبی دەکات. ئایا بەڕاستی ئەمە مەترسییە بۆ سەر هەرێمی کوردستان، یا تەنیا موزایەدەی ڕاگەیاندنەو بۆ هەڵبژاردنەکانی پارێزگاکانی عێراق بەکار دەهێنرێت کە ئەمساڵ بڕیارە بەڕێوەبچێت؟**

- تا ئێستا حەشدی شەعبی هیچ کێشەیەکیان لەگەڵ ئێمە نییە. ئێمە تەنیا هەماهەنگیمان لەگەڵ سوپای عێراق هەیە. ڕاو بڕیاری سەرۆك بارزانی ئەوە بووە کە تەنیا سوپای عێراقی فیدراڵ بەشدار بێت لە ڕزگارکردنی ناو موسڵ و پێی باش نەبوو حەشدی شەعبی بەشدار بێت، بۆ ئەوەی کێشەی سیاسی و تائیفی و تۆڵەسەندنەوە لەشارەکە ڕوونەدات. من وەکو پێشتر ئاماژەم پێدا تا سەرۆك بارزانی و پاڵپشتی گەلی کوردستانمان هەبێت، هێزی پێشمەرگە پارێزەری کوردستانە نەك تەنیا لەدژی تیرۆریستان، بەڵکو لەدژی هەر هێرشێك کە ئەگەر خوانەخواستە لەداوڕۆژدا بکرێتەسەرمان.

*** ئەو پرسیارەمان سەبارەت بەساترو خەندەقەکانی پێشمەرگەیە، ئایا ئەمە دوایین سەنگەری پێشمەرگەیە؟ ئایا مەبەست لەخەتی ١٧ی ئۆکتۆبەر ئەو سنوورەیە کە لەگەڵ پرۆسەی ئازادکردنی موسڵ دەستی پێکردووە؟**

- زۆر کەس لێرەو لەوێ وا مەزندە دەکەن کە ئەو سەنگەرانەی لێدراوە، سنووری کوردستانە، بەڵام سنووری کوردستان زۆر لەمە زیاترو فراوانترە، هەر شوێن و گوندێك کوردنشین بێت کوردستانەو پێشمەرگە پارێزگاری و بەرگری لێدەکات، مەرج نییە سەنگەرەکانی ئێستا سنووری کۆتایی بێت، بەڵکو شوێنی زۆر زیاتر لەدوای ئەو سەنگەرانەوە ماون کە کوردستانیین. بۆ نموونە باشووری شنگال کە چەندین کۆمەڵگەو گوندی لێماوە کە دوای ئازادکردنی سەنگەر لەوێش لێدەدرێت، لەمەدا چاوەڕوانی بڕیارو پلانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانین، بەڵام لای ئێمە تائێستا باسی دەستنیشانکردنی سنوور نەکراوە، هەر شوێنێکیش پێشمەرگەی لێبێت و خوێنمان ڕشتبێت، کوردستانییە و چۆڵی ناکەین.

*** لە کۆتاییدا وەکو سوپاسالاری پێشمەرگە چ پەیامێکت بۆ خوێنەرانی گوڵان و گەلی کوردستان هەیە؟**

- ئازایەتی و قارەمانێتی پێشمەرگە بۆ پاڵپشتیی گەلی کوردستان و پشتیوانیی سەرۆك بارزانی دەگەڕێتەوە کە لەیەکەم ڕۆژی بەرەنگاربوونەوە بڕیاری کوردستان یا نەمانی داو ڕووی کردە سەنگەرەکانی پێشمەرگەو پلاندانەرو سەرپەرشتیار بووەو هاوکاریی دەرەکی بۆ زامن کردین، سەرۆك بارزانی وەکو پێشمەرگەیەك شانبەشانی برا پێشمەرگەکان بەو دۆخە سەختەی کە لەناوخۆی کوردستان دروستکرا، کۆڵی نەداو گەلەکەی لەگەورەترین هێرش ڕزگار کرد، ئەمەش وایکرد سەرۆك و بەرپرسان و سوپا گەورەکانی جیهان پێی سەرسام بن. ئەوەتا هەڵوێستی هاوپەیمانەکان زۆر ڕوون و دیارو ئاشکرایەو بەبەردەوام سەردانی جەنابی بارزانی و هێزی پێشمەرگە دەکەن. ئەمڕۆ ناوی پێشمەرگە بووەتە ڕەمزی ئازایەتی و گیانفیدایی و پارێزەری لێقەوماوان، دڵنیاشم تا خاوەنی ئەو سەرۆکە بین، هاوپەیمانەکان و دنیای هاوچەرخ بەردەوام دەبن لە پاڵپشتی و هاوکاریکردنی پێشمەرگە لەبەرامبەریشدا هیچ هێزو چەتەو لایەنێك ناتوانێت زیان بەهەرێمی کوردستان بگەیەنێت.

**شنگال خاك و ناوچەی یەکەکە نییەو پێویستە بەئاشتی چۆڵی بکەن و هەموو کارئاسانییەکیشیان پێشکەش دەکەین، ئێمە دژی ئەوەین گەنج و کچی ناوچەکە ببەن لە سووریا بەکوشتی بدەن**

**وەکو هێزی پێشمەرگە دژی ئەو هەموو چەکدارو گروپە نەناسراوەین کە بەناوی جۆراوجۆرەوە لەناوچەکەدا کاری کوشتن و خراپەکاری دەرهەق بەخەڵکی سڤیل ئەنجام دەدەن**

**لەسەرەتای پەلاماردانی داعش بۆ هەرێمی کوردستان فەرەنسا هاوکاری هێزی پێشمەرگەی کردووەو لەگەڵ هێزی هاوپەیمانان هێرشی ئاسمانی بۆ سەر داعش ئەنجام داوە، چەك و تەقەمەنی دابینکردووەو مەشقی سەربازیشی بەهێزەکانمان کردووە، لەئایندەشدا هاوکارییەکانی فەرەنسا بۆ هێزی پێشمەرگە بەردەوام دەبێت**

# قاعیدەو داعش دوو رووی دراوێکن..

## ناکۆکییەکانیان لەسەر دەسەڵاتە نەک فیکرو بیروباوەڕ



د.عەرەفات کەرەم ستونی*

بۆ گوڵان نووسیویەتی

کاتێ لە ساڵی ٢٠١١ ئوسامە بن لادن لە پاکستان لەلایەن هەواڵگریی ئەمریکاوە کوژرا، وەك پسپۆرێك لە کەناڵێکی ئاسمانیی کوردستان پرسیاریان لێکردم دەربارەی قۆناخی دوای بن لادن، من لە وەڵامدا پێمگوتن قۆناغێکی مەترسیدارەو ئاڵۆزتریش دەبێت، رووبەڕووی فیکرێکی زیاتر پەڕگیرو توندڕۆ دەبینەوە، بۆیە لە راستیدا بینیمان دوای ماوەیەك چی روویدا، کاتێ داعش پەیدا بوو، ئەو رێکخراوەی کە لە مێژوودا لە دڕندەیی و توندوتیژییەوە وێنەی نەبووە، بە شێوەیەك کە قاعیدە خۆی لە کردارەکانی ئەو بێبەری کرد، ئەیمەن زەواهیری سەرۆکی قاعیدەش بە دڕندە وەسفی کردن.

هەڵەیە ئەگەر هەندێ کەس وا بزانن کە داعش دوای رزگارکردنی موسل لە عێراق کۆتایی دێت، یان لە سووریا دوای رزگارکردنی رەقە، ئەو فیکرانە هەمیشە لە کۆمەڵگە ئایینییەکان رەگیان داکوتاوە، دەبنە شانەی نووستوو، ئەو کۆمەڵگەیانەش بوونەتە لانکەی لەخۆگرتن، بەمەش یارمەتیی بڵاوبوونەوەیان دەدەن، ئەگەر وا نەبێت ئەو رێکخراوە چۆن توانی بڵاوببێتەوەو بەم خێراییە دەسەڵات بسەپێنێت؟ دووەم شت ئەو ژینگە دژەی کە یەکدی قبوڵ ناکات، لە عێراق ژینگەی شیعە دوای ساڵی ٢٠٠٤ کەلتوورێکی ئایدیۆلۆژیی سەقەتی هێنایەئاراوە کە بریتییە لە رق و کینە بەرامبەر ئەوی دی، تەنانەت تەکفیرکردنی و بەهەدەردانی خوێن، لە لێدوانەکانی هەندێ لە سەرانی حەشدی شەعبی کە ناکۆکە لەگەڵ دەستوور ئەم کەلتوورە مەترسیدارە دەبینرێت، دواترینیان لێدوانی قەیس خەزعەلی سەرۆکی عەسائبی ئەهلی حەقە کاتێ گوتی: دەچینە موسڵ تاکو تۆڵە لە بکوژانی حوسێن و نەوەکانی یەزید بکەینەوە! ئەم عەقڵییەتە ئایدیۆلۆژییە ئایینییە پەڕگیرە وێنایەك دەبەخشێتە سوننە کە گوایە مەبەست ئەوانن، بۆیە دەبێ داکۆکی لە خۆیان بکەن، پەنا بۆ هەر یەکێك ببەن تا بەرگری بکەن، بەتایبەتیش ئەگەر هەندێ شتی هاوبەشی فیکری و بیروباوەڕییان هەبێت، رەفسنجانی دانی بەوەدا ناوە کاتێ گوتی ئێمە هۆکاری سەرهەڵدانی داعش بووین، لەمەدا رەخنەی لە سیاسەتی چینی سیاسەتمەداری شیعە گرت کە نەیتوانی بە شێوەیەکی دروست ئەوی دی قبوڵ بکات، بێ گومان سوننە کە بایکۆتی پرۆسەی سیاسییان کرد کەمترخەمییان نەکرد لە وەسفکردنی شیعە بە ئاگرپەرست و سەفەوی و بەکرێگیراوانی

ئێران، تەنانەت هەندێ سەرانی سوننە کە بەشداریی پرۆسەکە بوون لێدوانی تایفەگەرییان بە نهێنی رادەگەیاند و هەندێ جاریش وەك پەرچەکردار، لە راستیدا هەردوو لا نەیانتوانی دەوڵەتی هاووڵاتی دابمەزرێنن، بەڵکو هەوڵیاندا دەوڵەت بە مۆرکی مەزهەبی رەنگڕێژبکەن.

کەس وا لێکناداتەوە کە داعش و قاعیدەش پێش ئەو، دروستکراوی ئەمریکین، ئەمە رایەکی ناماقووڵە لە ناوەندەکانی ئەکادیمی و زانستیدا، بەڵکو داعش و قاعیدە و هەموو رێکخراوە سوننە تیرۆریستییەکان دروستکراوی کۆمەڵگەن کە لە فیکری فەقیهانی ئیسلامەوە هەڵقوڵاون، ئەمانە خوێندنەوەیەکی کەسێتیی و حزبییە بۆ دەقەکانی ئایین لە قورئان و سوننەت، لێکدانەوەی تاکە کەسییە کە گەڵاڵە بووەو دواتر بووە بە بیروباوەڕێکی بەکۆمەڵی رێکخراو تا بەسەر کۆمەڵگەکاندا بیسەپێنن لە رێی شێوازی رازیکردنی ئارەزوومەندانە، یان بە زۆرەملێیی و توندوتیژی، ئەوەی داعش ئەنجامیدا لە سەپاندنی بیروباوەڕ بەسەر خەڵکدا لە رێی توندوتیژییەوە، سەرەتا سەرکەوتن بەدەست دێنێت لە زوو بڵاوبوونەوە و قبوڵکردن، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات ئەم راستییانە روون دەبنەوەو لایەنگرانیان کەم دەبنەوە و لێیان بێزار دەبن، تەنانەت دەگاتە قۆناخی کودەتا و یاخیبوونیش دژی داعش هەروەك چۆن لە چەند شارێکدا روویدا، ئێستاش لە موسڵ روودەدات، ئەگەر لێدوانەکانی هەندێ لە سەرانی حەشدی شەعبی نەبێت و لە ترسی دانیشتووانی موسڵ نەبێت بە هاتنی حەشدی شەعبی بۆ ناو شارەکە، چونکە پێمویە کە خەڵکی شارەکە کە بڕبڕەی تایفەی سوننەن لەگەڵ داعش بەیەکەوە شەڕدەکەن دژی حەشدی شەعبی ئەگەر بێنە ناو شارەکەوە، هەروەها یاخیبوون زیاتر دەبێت دژی داعش ئەگەر بە پێچەوانەوە بوو.

موسڵ نزیك یان دوور رزگاردەکرێت و شەڕێکی زۆر سەخت لە ئارادایە، بۆ داعشیش سەختتر دەبێت ئەگەر هەموو دەروازەکان بە روویدا دابخرێن، ئەمەش پلانی ئێران و سووریاو رووسیایە، واتا رێگەگرتن لە دەرچوونی داعش لە موسڵ و لەناوبردنیان، تاکو چەکدارانیان بەرەو سووریا رانەکەن بە تایبەتیش بۆ رەقەی پایتەختی خەلافەت، چونکە ئەگەر لەناونەبرێن و پلانی رزگارکردنی موسڵ ئەنجام نەدرێت یان دوابکەوێت ئەوا روودەکەنە رەقە، بەڵام هۆکاری دواخستنی ئۆپەراسیۆنەکان بۆ چەند فاکتەرێك دەگەڕێتەوە، رەنگە گرنگترینیان رازیکردنی شەقامی عێراقی بێت کە پێویستە حەشدی شەعبی بەشداری بکات بۆ یەکلاییکردنەوەی شەڕەکە، بۆیە دەبینین شاندێکی رژێمی ئەسەد سەردانی بەغدای کرد و بە ئامادەبوونی ئێران بۆ تەئکید کردنەوە لە دوو خاڵ: یەکەمیان جەختکردنەوە لەسەر رێگەنەدان بە راکردنی چەکدارانی داعش لە عێراق، بەڵکو دەبێ لەناوببرێن، ئەویش بە داخستنی هەموو دەروازەکان، لەو حاڵەتەدا هێزەکانی عێراق زیانێکی زۆری لێ دەکەوێت، داعشیش تا دوا هەناسە بەرگری لە موسڵ دەکات، دووەمیان: بەشداریکردنی حەشدی شەعبی لە سووریا، لەگەڵ دووپاتکردنەوەی سەرۆك وەزیران و ئیبراهیم جەعفەری وەزیری دەرەوە کە حکومەتی بەغدا رێگەنادات حەشدی شەعبی لە سووریا شەڕبکات، حەیدەر عەبادیش لەمەدا هیچ دەسەڵاتێکی نییە، ئێمەش لە عێراقێکی پڕ ئاژاوە دەژین و میلیشیا چەکدارە بەهێزەکان هەڕەشە لە دامەزراوە سەربازییەکان دەکەن.

بەڵام پرسیارێك دێتەپێشەوە، داهاتووی داعش چۆن دەبێت و چارەنووسی بەکوێ دەگات؟ ئەم جارە لەکوێ دەگیرسێتەوە؟ بێگومان زۆر کۆمەڵگەی عەرەبی و موسڵمان هاوسۆزن لەگەڵ داعش و پشتگیریدەکەن و دەیحەوێننەوە، چونکە ئەو کۆمەڵگەیانە پێیانوایە بە قەناعەتی خۆیان کە داعش بەرگریی لە پێکهاتەی سوننە دەکات، زانراویشە کە داعش سوننەی لە تایفەکانی دیکە زیاتر کوشتووە، دووەم شت داعش دژی مەددی شیعە لە ناوچەکە شەڕدەکات، ئەمەش راست نییە، سێیەم شت داعش دژی کافرەکان واتا هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی شەڕدەکات، ئەم لێکدانەوانە هەموویان وایان لەو کۆمەڵگەیانە کردووە کە لەگەڵ داعش هاوسۆزبن، بۆیە هاتنە نێو داعش لە هەموو وڵاتانەوە درێژەی هەیە و بەردەوامە، هەتا لە کۆمەڵگە موسڵمانەکانی رۆژئاوا.

دیارە ئێمە دوای داعش کۆپییەکی دیکەی ئەو رێکخراوە توندڕۆیانە بەو شێوە دڕندانەو خوێناوییە نابینین، پێموایە کە کۆپییەکی دیکەی جیاواز لە قاعیدەو داعش دەبینین، ئەم کۆپییەش لەنێو کۆمەڵگە بڕوادارەکاندا پەسندە، هۆکارەکەش لەبەر ئەوەیە کە داعش چی بۆ دوای خۆی نەهێشتەوە،

**هەڵەیە ئەگەر هەندێ کەس وا بزانن کە داعش دوای رزگارکردنی موسڵ لە عێراق کۆتایی دێت، یان لە سووریا دوای رزگارکردنی رەقە، ئەو فیکرانە هەمیشە لە کۆمەڵگە ئایینییەکان رەگیان داکوتاوە، دەبنە شانەی نووستوو، ئەو کۆمەڵگەیانەش بوونەتە لانکەی لەخۆگرتن**

**قەیس خەزعەلی سەرۆکی عەسائیبی ئەهلی حەق گوتی: دەچینە موسڵ تاکو تۆڵە لە بکوژانی حوسێن و نەوەکانی یەزید بکەینەوە! ئەم عەقڵییەتە ئایدیۆلۆژییە ئاینییە پەرگیرە وێنایەک دەبەخشێتە سوننە کە گوایە مەبەست ئەوانن**

هەموو شێوازو زاراوەکانی فەرهەنگی توندوتیژی و تیرۆر و پەڕگیری جێبەجێکرد، دوا قۆناغی دەوڵەتیشی راگەیاند کە بریتی بوو لە دەوڵەتی خەلافەت، لەگەڵ ئەوەشدا تەنیا کاولکاری و رق و کینەی بۆ مایەوە، کەواتە ئەو دوای ئەوە دەبێ چی بکات؟

نموونەی ئەم رێکخراوە پەڕگیرانە وەك مارە ئەگەر پێستەکەی نەگۆڕێت دەمرێت، سەرچاوەی فیکریان یەکە، بەڵام بە شێوازی جیاواز، کاتێ رێکخستنی نهێنیی ئیخوان موسلمین لە ساڵی ١٩٤٠ سەریهەڵدا ئامانجی درووستبوونی بە نهێنی لەناوبردنی دوژمنانی ئیخوان موسلمین بوو لە میسر، بۆیە لە سەردەمی ئەواندا کوشتن زۆر بوو، هەر لە سەرۆك وەزیران مەحمود فەهمی نەقراشی لە ١٩٤٨ تا شێخی ئەزهەر دکتۆر محەمەد حوسێن زەهەبی وەزیری ئەوقاف ساڵی ١٩٧٧، دوتر کۆمەڵەی تەکفیرو کۆچ بە سەرۆکایەتیی شوکری مستەفا لە کۆتایی شەستەکان پەیدابوو، هەروەها کۆمەڵەی جیهاد کە لە ساڵی ١٩٨١ ئەنوەر ساداتی سەرۆکی میسری کوشت بە هۆی رێکەوتننامەی کامپ دەیڤید لەگەڵ ئیسرائیلدا، ئەیمەن زەواهیریش ئەندام بوو لەو کۆمەڵەیە، لە ساڵی ١٩٨٨ ئوسامە بن لادن لەگەڵ جێگرەکەی ئەیمەن زەواهیری بەرەی ئیسلامیی جیهانی بۆ جیهادی جوو و سەلیبییەکان دامەزراند، لە ساڵی ٢٠٠١ کۆمەڵەی ئیسلامیی میسری و رێکخراوی قاعیدەی جیهاد یەکیان گرت، کە بە رێکخراوی قاعیدە ناسران لە هەمان ساڵدا و بە دیاریکراویش لە رۆژی ١١ی ئەیلول سەنتەری بازرگانیی جیهانییان لە مەنهاتن و بارەگای وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا(پینتاگۆن) یان کردە ئامانج، بە قاعیدە ناوی دەرکرد، چونکە بنکەیەك یان شوێنێکیان تەرخانکرد بۆ تۆمارکردنی ناوی ئەو کەسەی لە دەرەوەی ئەفغانستان دێت و شەڕ دژی رووس دەکات، ئەمەش جیل کیبل توێژەری ئەمریکا دووپاتی کردۆتەوە و چەندین راوبۆچوونی دیکە هەن دەربارەی هۆکاری ئەم ناوە، ئوسامە بن لادن قەناعەتی وا بوو کە ئەفغانستان شوێنێکی گونجاوی سەرهەڵدان و پەرەسەندنی رێکخراوەکە نییە، بۆیە دوای ساڵی ٢٠٠٣ عێراقی بە شوێنێکی بەپیت زانی، عێراق هێزی ئەمریکای لێبوو، بۆیە لە ساڵی ٢٠٠٤ لقێکیان بە ناوی رێکخراوی قاعیدە لە وڵاتی رافیدەین بە سەرۆکایەتی موسعەب زەرقاوی دامەزراند، واتا دوای ساڵێك لە کەوتنی بەغدا، لە ساڵی ٢٠٠٦ زەرقاوی کوژرا، چەندین گروپی دیکەی چەکداری لە عێراق شەڕیان دەکرد، رێککەوتن لەسەر دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق بە سەرۆکایەتیی ئەبو عومەر بەغدادی، کە دواتر بە (داع) ناسرا، ئەمە لەسێ بەرە شەڕی دەکرد: بەرەی ئەمریکییەکان، بەرەی شیعە، بەرەی سوننە ئەوانەی کە نەچوونە پاڵ دەوڵەتەکەیانەوە، بەڵام لە ساڵی ٢٠١٠ ئەبوحەمزە موهاجیر و ئەبو عومەر بەغدادی لە بۆردومانی ئەمریکا کوژران، قاعیدە بڕیاری دا ئەبوبەکر بەغدادی بکاتە بەرپرسی قاعیدە لە عێراق، لە ساڵی ٢٠١١ شۆڕشی سووریا هەڵگیرسا، دوای ساڵێك واتا لە ٢٠١٢ بەرەی نوسرە بە سەرۆکایەتیی مەمەد جۆلانی سوری پەیدابوو، ئەم بەرەیە بەیعەتی بە رێکخراوی قاعیدە دا، بەرەی نوسرە بوو بە نوێنەری شەرعیی قاعیدە لە سووریا، لەبەر ئەوەی قاعیدە بڕوای بە سنووری دەستکرد نییە کە رۆژئاوا درووستی کردووە، بۆیە ئەبوبەکر بەغدادی نامەیەکی بۆ ئەبو محەمەد جۆلانی نارد تا بێتە نێو جەماعەتەکەیەوە و دواتر یەکبگرن، بەڵام جۆلانی نامەکەی رەتکردەوە و پەنای بردە بەر زەواهیری و داواکەی بەغدادی پێڕاگەیاند، زەواهیری نامەیەکی لە رێی کەناڵی جەزیرەوە نارد، بە توندی هەوڵی یەکگرتنی نێوان بەرەی نوسرە بە سەرۆکایەتیی جۆلانی و دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق بە سەرۆکایەتیی بەغدادی رەتکردەوە، بەمەش بەغدادی داواکەی زەواهیری رەتکردەوە و لێرەوەش سەرەتاکانی نیازی بەغدادی بەدەرکەوتن کە مافی خۆیەتی سەرۆکایەتیی قاعیدە بکات لە ناوچەکە، بە تایبەتیش ئەگەر بزانین کە بەغدادی گونجاوترە بۆ سەرکردایەتیکردن بەپێی رێکخراوی فیکریی خۆیان، چونکە ئەو پسپۆڕ بوو لە زانستە شەرعییەکاندا، لەکاتێکدا کە زەواهیری پزیشکی نەشتەرگەرە، بەغدادی لە قورەیشەو زەواهیریش میسرییە، دیارە فەقیهەکان رێککەوتوون کە قورەیشی لەپێشترە بۆ خەلافەت، بەغدادی لە ساڵی ٢٠١٣ دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام دامەزراند، کە دواتر بە(داعش) ناسرا، زەواهیری و جۆلانی ئەم هەنگاوەی (بەغدادی)یان رەتکردەوە، بەو ناوەی کە یاخیبوون و دەرچوونە لە کۆمەڵەی دایك، دواتر زیاتر لە ٧٠٠کەس لە هەردوولا کوژران،

**کەس وای لێکنەداتەوە کە داعش و قاعیدەی پێش ئەویش دروستکراوی ئەمریکین، ئەمە رایەکی ناماقووڵە لە ناوەندەکانی ئەکادیمی و زانستیدا، بەڵکو داعش و قاعیدە و هەموو رێکخراوە سوننە تیرۆریستییەکان دروستکراوی کۆمەڵگەن کە لە فیکری فەقیهانی ئیسلامەوە هەڵقوڵاون**

**لە ساڵی ٢٠٠١ کۆمەڵەی ئیسلامیی میسری و رێکخراوی قاعیدەی جیهاد یەکیان گرت، کە بە رێکخراوی قاعیدە ناسران لە هەمان ساڵدا و بە دیاریکراویش لە رۆژی ١١ی ئەیلوول سەنتەری بازرگانیی جیهانییان لە مەنهاتن و بارەگای وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا(پینتاگۆن)یان کردە ئامانج**

ئینجا بەغدادی خەلافەتی ئیسلامی ڕاگەیاند کە زەواهیری و جۆلانی چاوەڕوانیان نەدەکردو بەمەش تووشی شۆك بوون.

ڕاگەیاندنی خەلافەت لەلایەن بەغدادییەوە کۆتایی قۆناغەکە بوو، هیچ شتێکی دیکەی بەدوادا نایەت تەنیا بەردەوامبوون نەبێ لە شەڕکردن دژی ئەو کەسەی بەرامبەری دەوەستێتەوە، تاکو خەلافەت سەربکەوێت و هەمووان بەیعەتی پێبدەن، لە ڕاستیدا ئەو خەلافەتە خەلافەتێکی دڕندەیە و فیکری وەهمیی ئەو کەسانە درووستیکردووە، چونکە لە قورئانی پیرۆزو سوننەتی دروستی پێغەمبەر(دخ) ئاماژە و قسە نییە لەسەر ئەو شێوە فیکرە خەیاڵییانە، فەلسەفەی ئیسلام لەسەر بنەمای دادپەروەری دامەزراوە، خوای گەورەش پشتیوانیی دەوڵەتی کافر دەکات ئەگەر دادپەروەر بوو، پشتیوانیی دەوڵەتی موسڵمانیش ناکات ئەگەر ستەمکار بوو بە گوتەی زانایانی موسڵمان، خەلافەتی بەغدادی لەسەر ڕشتنی خوێن و سەبیکردنی ئافرەت و کوشتنی بێتاوانان بە هەموو شێوازێکی دڕندانە دامەزراوە.

لەناوبردنی داعش و کۆتاییهێنانی ڕۆڵی لە جیهاندا خەونی قاعیدەیە، چونکە زۆربەی چەکدارانی قاعیدە چوونەتە نێو ئەو ڕێکخراوە، بەمەش ڕۆڵی قاعیدە شکستی هێناوە و خەریکە ئاسەواری نامێنێت، ڕەنگە فاکتەرەکانی دواکەوتنی قاعیدە ئەوە بێت کە ئەو زیاتر جەختی کردۆتە سەر بڵاوبوونەوەو ڕەواجدانی بیرو هزر، لەکاتێکدا داعش زیاتر جەخت لە بنیادنانی دەوڵەت دەکاتەوە هەتا ئەگەر وەهمیش بێت، داعش توانی دەوڵەت و خەلافەتەکەی بنیادبنێت، هەروەها توانی ئەو دەوڵەتە سامانێکی داریی دەوڵەمەند و ئابوورییەکی بەهێزی هەبێت لە ڕێی ئەو بیرە نەوتییانەی کە داعش دەستی بەسەردا گرتن، ئەمەش وایکرد کە لایەنگرانی قاعیدە بچنە نێو داعشەوە، بۆیە ئوسامە بن لادن حەزی نەدەکرد کە بارەگای قاعیدە لە ئەفغانستانی هەژار بێت، بەڵکو حەزی دەکرد لە دەوڵەتێکی دەوڵەمەند بێت وەك دەوڵەتانی کەنداو یان عێراق یان لیبیا، ئەم بیرۆکەیەش هەمان بیرۆکەی کارل مارکس بوو، کاتێ هیوای دەخواست شۆڕشی شیوعییەت لە بەریتانیای دەوڵەمەند بێت نەك لە ڕووسیای هەژار، بۆیە پێموایە کە قاعیدە دەیەوێت سەرلەنوێ ڕۆڵی خۆی زیندووبکاتەوە، بەڵام دیارە زۆر زەحمەتە، چونکە داعش ڕێگە بە قاعیدە نادات شوێنی بگرێتەوە و جڵەوی کاروباری لەدەستدا بێت، هەرچەندە قاعیدە زیاتر لە جیهاندا بڵاوبۆتەوە، چونکە لقی زۆر بەهێزو کاریگەر لە وڵاتانی مەغریب و سووریاو سۆماڵ و دوورگەی عەرەب و بەتایبەتیش لە یەمەن و نیمچە کیشوەری هیندی و باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و شوێنی دیکە هەن، لەکاتێکدا داعش وەك قاعیدە لقی زۆری نییە، بەڵام بەهۆی لێکترازانی ڕیزەکانی قاعیدە لقەکانی داعش زۆر بوون، بۆ نموونە لێکترازانی ئەندامان لە قاعیدەی ئەفغانستان و پاکستان و بەیعەتدانیان بە بەغدادی، هەروەها ویلایەتی خوراسانیان سەر بە خەلافەتی داعش ڕاگەیاند، بۆیە پێموایە داعش شوێنێکی دیکەی حەوانەوە لە باکووری ئەفریقیا بۆ خۆی دەدۆزێتەوە، بە تایبەتیش لە لیبیا، چونکە مەترسیدارترین لقی داعش لەوێیە، ململانێی نێوان قاعیدەو داعش دوای شکستیان لە عێراق و سووریا توندتر دەبێت، چونکە شکستی داعش خەونی قاعیدەیە، لەبەر ئەوەی سەرانی قاعیدە پێیانوایە کە داعش هۆکاری پووکانەوەی قاعیدەیە، هەروەها هۆکاری ئەم کاولکاری و وێرانکارییەیە، وەك بڵێی قاعیدە دەستی لەو کردەوە تیرۆریستیانەدا نەبێت، ئەندامانی قاعیدە خۆیان لە ئێستادا لەنێو ڕێکخستنەکانی داعشدان و تاوان ئەنجامدەدەن، ئەگەر قاعیدە پشت بە کتێبەکانی سەید قوتب و محەمەد قوتب و عەبدوڵا عەزام و ئەبو مەحەمەد مەقدیسی و بە کتێبی (العمدة لإعداد العدة في الجهاد في سبيل الله)ی عەبدولقادر بن عەبدولعزیز ببەستێت، ئەوا داعش جگە لەو کتێبانە بە تەواوی کتێبی (إدارە التوحش)ی ئەبوبەکر ناجی جێبەجێ دەکات، ناتوانین وا دابنێین کە کێ لە کۆتاییدا سەردەکەوێت، ناکۆکییەکە فیکری و بیروباوەڕ نییە، بەڵکو ناکۆکییەکە دەربارەی ئەوەیە کێ نوێنەرایەتیی خەلافەت، یان دەوڵەتی ئیسلامی دەکات، ڕەنگە کۆپییەکی دیکەی ئەو ڕێکخراوانە لە ئایندەدا ببینین، بەڵام دیار نییە ئەم کۆپییە چۆن دەبێت، زۆربەی مەزندەش ئەوەیە کە دوای نەمانی خەلافەتی بەغدادی، زەواهیری دەوڵەتی ئیسلامی، یان خەلافەتی ئیسلامی ڕابگەیەنێت.

---

*** پەرلەمانتاری فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق**

**ڕاگەیاندنی خەلافەت لەلایەن بەغدادییەوە کۆتایی قۆناغەکە بوو، هیچ شتێکی دیکەی بەدوادا نایەت تەنیا بەردەوامبوون نەبێ لە شەڕکردن دژی ئەو کەسەی بەرامبەری دەوەستێتەوە، تاکو خەلافەت سەربکەوێت و هەمووان بەیعەتی پێبدەن، لە ڕاستیدا ئەو خەلافەتە خەلافەتێکی دڕندەیە**

**موسڵ نزیک یان دوور ڕزگاردەکرێت و شەڕێکی زۆر سەخت لە ئارادایە، بۆ داعشیش سەختتر دەبێت ئەگەر هەموو دەروازەکان بە ڕوویدا دابخرێن، ئەمەش پلانی ئێران و سووریاو ڕووسیایە، واتا ڕێگەگرتن لە دەرچوونی داعش لە موسڵ و لەناوبردنیان، تاکو چەکدارانیان بەرەو سووریا ڕانەکەن**



مامۆستا عیرفان شارەزووری
وتاربێژو پێشنوێژی مزگەوتی کورد-سات لەسلێمانی:

# دەوڵەت مافێکی شەرعیی گەلی کوردەو هەر کەسێک دژی بوەستێتەوە ئیمانی لاوازە

تێکەڵبوونی پەیامی جوانی تەریقەتەکان و سروشتی خەڵکی کوردستان ئاینی پیرۆزی ئیسلامی بە رەسەنایەتی هێشتۆتەوە

**مـەلا عیرفـان شـارەزووری وتاربێـژو پێشـنوێژە لەمزگەوتی )کورد- سـات( لەسـلێمانی و بەرپرسـی رێکخراوی رۆشنبیران و لاوانی تەسەوف و سەرنووسەری گۆڤاری (پەیامی تصوف)ـەو هاوکات شارەزایە لەبواری شەریعەتی ئیسـلامی و لـە خانەقـای بیـارە خوێندوویەتـی. لـەم دیمانەیـەدا لەگەڵ گۆڤـاری گوڵان باس لـەو رۆڵە گرنگەی مامۆستایانی ئایینی دەکات لەدژایەتیکردنی فیکری ئیرهابی و توندڕۆیی و دژایەتیکردنی دەوڵەتی کوردستانیش بە لاوازیی ئیمان لەقەڵەم دەدات.**

*** هەمـوو کات لەمێـژوودا پیاوانـی ئاییـن و زاناکانمـان رۆڵـی کاریگەریـان بینیـوە لـە پاراسـتنی میانڕۆیـی و پێکەوەژیانـی نێوان ئاییـن و ئایینـزاکان و بەرگریکـردن لەمافـە رەواکانـی گەلـی کوردسـتان، زۆریـش دژی بڵاوبوونـەوەی فیکـری توندڕۆیـی و توندوتیـژی بـوون، ئایـا ئێـوەی مامۆسـتایانی ئایینـی تـاچ رادەیـەك توانیوتانـە لـە پەیڕەوکردنـی ئـەم پەیامـە پیـرۆزە بـەردەوام بـن؟**

- هەمـوو کات سروشـتی خەڵکـی کوردسـتان دژ بەتوندڕۆیـی ئایینـی بـووە، هـەروەك چـۆن ناسـنامەی ئایینـی پیـرۆزی ئیسـلام بریتـی بـووە لـە میانڕۆیـی و لێبوردەیـی، هـەرواش تێکەڵبوونـی پەیامـی جوانـی تەریقەتـی نەقشـبەندی و تەریقەتەکانـی دیکـەو سروشـتی خەڵکـی کوردسـتان وایکـردووە ئایینـی پیـرۆزی ئیسـلام لەنـاو ئـەم کۆمەڵگەیـەدا بـە رەسـەنایەتی بمێنێتـەوە. بـۆ نموونـە تەریقەتـی نەقشـبەندی لەسـەرچاوەی ئایینـەوە هەڵقـوڵاوەو گرنگـی بـە مەقاسـیدی شـەریعە دەدات و گوشـراوی دەلالات و مەعریفـەی رێبـازی پێغەمبـەران و پیاوانـی گـەورەو زانایانـە، ئەمـەش لـەو روانگەیـەوە هاتـووە کـە زیاتـر گرنگـی بـە نـاوەڕۆك و مانـا بدرێـت، نـەك بەشـێوەو رووکـەش، هـەر ئەمەشـە وایکـردووە گرنگیـی تەریقەتـەکان زیاتـر بێـت لەفیکـرو تەوژمـی جۆراوجـۆری ئیسـلامییەکان، کـە زۆربـەی جـار فیکـری ئـەو تەوژمانـە لـە سـنوورەکانی دەرەوەی وڵات هاتـوون و زیاتـر هـۆکاری لاخسـتنی جانبـی رۆحیـن لەدینداریـدا، بگـرە هـۆکارن بـۆ لەدەسـتدانی شـکۆ و جوانیـی ئایینمـان. بەپێچەوانـەی تەریقەتـەکان کـە لەشـۆڕش و بزووتنـەوەی ئازادیخـوازی گەلـی کوردسـتان رۆڵـی گەورەیـان گێـڕاوەو خۆیـان بەبەرپـرس زانیـوە لەدیـن و دنیـای خەڵـك و بەرژەوەندییەکانیـان، رابەرانـی وڵات و مـەلاو مامۆسـتایانی ئایینـی پارێـزەری کەرامەتـی میللەتـی کوردسـتان بـوون. ئەهلـی تەریقـەت و مامۆسـتایانی ئایینـی و رابـەران و شـێخانی تەریقـەت پاڵپشـتی شـۆڕشـەکانی شـێخ سـەعیدی پیـران و شـێخ مەحمـودو پێشـەوا قـازی محەمـەد و مەلامسـتەفا بارزانـی بـوون، کـە جگـە لـەوەی رابـەرو پێشـەواو سـیمبول بـوون، هـاوکات ئەهلـی تەکـێ و خانەقـا و حوجـرە بـوون و رابەرایەتـی خەڵکیـان کـردووە، زۆر جێـگای داخـە ئێسـتا کەسـانی وا تونـدڕۆ پەیدابـوون لەنـاو حزبـە ئیسـلامییەکان کـە تەنانـەت بەرامبـەر دڵسـۆزیی ئـەو سـەرکردانەی گەلەکەمـان و پیاوانـی ئایینـی بەویژدانانـە مامەڵـە ناکـەن، هـەر ئەوانیـش بەرپرسـیار دەبـن بەرامبـەر خـواو خەڵـك و مێـژوو، چونکـە توندوتیـژی هـۆکاری لێکتـرازان و جودایـی نێوموسـڵمانان و خەڵکـن.

*** بۆ دژایەتیکردنی فیکری توندڕۆیی پێویستە مامۆستایانی ئایینی و مـەلای سـەرمینبەرەکان کاری هەمەلایەنـەو دەسـتەجەمعی بکـەن، ئـەم دەسـتەجەمعی و هەماهەنگییـە چـۆن لەنـاو زانایـان و مەلاکانـی کوردسـتان دروسـت دەبێـت؟**

- زانـاو مامۆسـتایانی ئایینـی جێداری پێغەمبەرانن سـەلامی خوایـان لێبێـت، پەیامـی پێغەمبەرانیـش ئـەوە بـوو کـە لـە قورئانـی پیـرۆزدا هاتـووە:(إِنْ أُرِيـدُ إِلاَّ الإِصْـلاَحَ مَـا اسْـتَطَعْتُ) واتـا رۆڵیـان چاکسـازیی بـووە لەنـاو کۆمەڵگـە، تاوەکـو ژیـان و کاروبـاری مرۆڤـەکان رێکبخرێـت، ئـەم بەرپرسـیارێتیە قورسـەش کەوتۆتـە سەرشـانی زانایـان و مامۆسـتایان هەروەکـو چـۆن لەفەرمـوودەی پێغەمبەرمـان (د.خ) هاتـووە: (الْعُلَـمَاءَ هُـمْ وَرَثَـةُ الأَنْبِيَـاء، إِنَّ الأَنْبِيَـاءَ لَـمْ يُوَرِّثُـوا دِينَـارًا وَلاَ دِرْهَـمًا، إِنَّمَـا وَرَّثُـوا الْعِلْـمَ )، هەربۆیـە دەبێـت گرنگـی بـە نـاخ و ناوەڕۆکـی مـرۆڤ بدرێـت، نـەك بـە رووکـەش و موڵـك و سـامان و بەدەسـتهێنانی پایـە و پۆسـت، کاتـی ئـەوە هاتـووە ئـەم رەسـانایەتییە بگەڕێندرێتـەوەو مامۆسـتایانی مینبـەر کار بـۆ چاکسـازی لەنـاخ و دەروونـی مرۆڤـەکان بکـەن، ئەوەتـا پێغەمبـەر( د.خ) دەفەرموێـت: (لـئن يهـدي اللـه بـك رجـلاً واحـداً خـير لـك مـن دنيـا ومـا فيهـا) واتـا تـۆ بتوانـی نـاخ و دەروونـی یـەك مـرۆڤ چاکبکەیـت، باشـترە لەتـەواوی موڵـك و سـامانی دنیـا، هەربۆیـە ئەرکـی سەرشـانی مامۆسـتایانە کـە لـە وتـارو قسـەکانیاندا جێگادەسـتیان دیـار بێـت بـۆ چاکسـازی و قسـەی بـاش و دوورکەوتنـەوە لەتوندوتیـژی و بگـرە پاڵپشـتیکردنی ئـەو سـەرۆك و رابەرانـەی کـە کار بـۆ بەدەسـتهێنانی مافـی خەڵـك دەکـەن. مامۆسـتایانی ئایینـی دەبێـت

**فیکرو تەوژمی جۆراوجۆری ئیسلامییەکان زۆربەی جار لەسنوورەکانی دەرەوەی وڵات هاتوون و زیاتر هۆکاری لاخستنی جانبی رۆحین لەدینداریدا، بگرە هۆکارن بۆ لەدەستدانی شکۆ و جوانیی ئایینمان**

**تەریقەتەکان لەشۆڕش و بزووتنەوەی ئازادیخوازی گەلی کوردستان رۆڵی گەورەیان گێڕاوەو لە دین و دنیای خەڵک و بەرژەوەندییەکانیان خۆیان بە بەرپرس زانیوە**

**هەموو فکرێکی توندڕۆی ئیسلامی لەلایەن تیرۆریستانەوە سوودی لێوەردەگیرێت و داعشی لێ بەرهەم دەهێنرێت کە بەناوی قورئان و سوننەتەوە قسەدەکەن و بە رووکەش نوێژو باوەڕداریی دەکەن و لەرووی فیکرەوە تێنەگەیشتوون و بڕیاری هەڵە دەدەن**

ڕێنمایی و ڕێپیشاندەری خەڵك و سەركردەكان بن بۆ یەكگرتنی هەموو تواناكان بۆ ئەوەی بە وریایی و ژیرییەوە لەگەڵ گۆڕانكاری و ڕووداوەكان مامەڵە بكەن، تاوەكو گەلی كوردی موسڵمان بە ئامانجەكەی بگات كە دەوڵەتی كوردستانە، هەربۆیە زیاتر پێویستیمان بە مامۆستایانی ئایینی هەیە بۆ یەكڕیزیی نێوماڵی كورد، دەبێت خۆمان لەخیتابێك بپارێزین كە ئاسایشی نەتەوەییمان دەخاتە مەترسییەوەو دەبێتە مایەی پارچەپارچە بوون و لێكترازان هەروەكو چۆن لەقورئانی پیرۆزدا هاتووە: (وَلَا تَنَازَعُوا فَتَفْشَلُوا وَتَذْهَبَ رِيحُكُمْ).

*** مامۆستایانی ئایینی توانییان لەشەڕی تیرۆرستانی داعش بەرگری گەورە لە پێشمەرگە بكەن، بەمەش تا ڕادەیەكی باش ئەو ڕۆڵە نیشتمانی و نەتەوەییەیان گەڕایەوە كە لەقۆناغە مێژووییەكاندا هەیانبوو، ئایا تا چ ڕادەیەك دەتوانن هەمان ڕۆڵ بگێڕن لەگەڕانەوەی مافی بەدەوڵەتبوون كە ئێستا سەرۆك بارزانی سەرقاڵی بەدەستهێنانیەتی؟**

- ئایینی پیرۆزی ئیسلام لەسەر عەدالەت كار دەكات، هەروەكو خوای گەورەو میهرەبان لە قورئاندا دەفەرموێت: (لَقَدْ أَرْسَلْنَا رُسُلَنَا بِالْبَيِّنَاتِ وَأَنْزَلْنَا مَعَهُمُ الْكِتَابَ وَالْمِيزَانَ لِيَقُومَ النَّاسُ بِالْقِسْطِ) واتا هەموو ئەو پێغەمبەرانەمان ناردووە بۆ ئەوەی مرۆڤەكان دادپەروەر بن، ئا بەم پێوەرە چۆن خەڵكانێك دەوڵەتیان بۆ خۆیان بە ڕەوا دەزانن، هەرواش دەبێت بۆ ئێمەش پێیان ڕەوا بێت. هیچ شەرع و یاسایەكیش نییە ڕاگەیاندنی دەوڵەتی كوردستان ڕەت بكاتەوە. ئەوەتا ٢٤ دەوڵەتی عەرەبی موسڵمان هەیە و دەوڵەتانی توركی و فارسی و دەیان دەوڵەتی ئیسلامی دیكە هەیە تەنانەت سەدان دەوڵەتی دیكە لەدنیادا بەناوی ئایینی ترەوە هەیە، ئیتر بۆ دەوڵەتی كوردی نەبێت؟ ئایینمان هانمان دەدات ئێمەی كوردیش ئایین و نیشتمان و ئابووری و پارەو بەیداخ و ئاڵاو سوپای خۆمان هەبێت، هەروەكو چۆن ڕێز لەویست و كەرامەتی نەتەوەكانی تر دەگرین، هەروا ئەوانیش ئەركی سەرشانیانە ڕێز لە ویست و كەرامەتی تاكی كورد بگرن. هەركەسێك لەژێر هەر پاساوێكی ناوخۆو هەرێمی و نێودەوڵەتیدا دەڵێت كورد نابێت دەوڵەتی بێت، كەموكورتی لەئیمانی هەیە، ئیسلام بەدروستبوونی دەوڵەتی كوردستان پارچە پارچە نابێت و بیانووی پشێوی و ناتەبایی نێوماڵی كورد نابێت هۆكارێك بێت بۆ دواخستنی ئەو مافە شەرعییەی گەلی كورد، زیاد لە ١٠٠ ساڵە گەلی كورد خەبات بۆ سەربەخۆیی دەكات.

*** لەسیاقی قسەكانتان باسی ئەو فیكرو تەیارە ئیسلامییانەت كرد كە لەدەرەوەی سنوورەكانی كوردستان بەمەبەست هێنراوەتە كوردستان، پرسیار ئەوەیە ئایا چۆن ڕووبەڕووی ئەو فیكرە توندڕۆ و نامۆ بە كۆمەڵگەی كوردستانە ببینەوە؟**

- هەر كە فیتنەو ئاشوب لەوڵاتدا سەرهەڵدەدات و فیكری توندڕۆیی نامۆ تێكەڵ بەكۆمەڵگە بڵاودەبێتەوە، ڕاستەوخۆ پیاوانی ئایینی و زاناو مامۆستایان و سەركردەكان هەستی پێ دەكەن، چونكە شارەزاییان لە فقهی ئیسلام و شەریعەتدا هەیە، هەربۆیە پێویستە ڕێگەی لێبگیرێت، هەروەكو چۆن خوای گەورە لەقورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت: (وَاتَّقُوا فِتْنَةً لَا تُصِيبَنَّ الَّذِينَ ظَلَمُوا مِنْكُمْ خَاصَّةً وَاعْلَمُوا أَنَّ اللَّهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ). بەمشێوەیە پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی بۆ ئێمەی كورد بایەخی گەورەی هەیەو لەئەركە سەرەكییەكانی دینە هەروەكو چۆن لە تەواوی نوێژ و نزاكانماندا یەكێك لەدوعاكانمان ئەوەیە دەڵێین: (السلام علينا وعلى عباد الله الصالحين) واتا داوای ئاشتەوایی بۆ هەموو مرۆڤەكان دەكەین، ، كاتێكیش خوای گەورە دەفەرموێت: (وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِي آدَمَ وَحَمَلْنَاهُمْ فِي الْبَرِّ وَالْبَحْرِ وَرَزَقْنَاهُمْ مِنَ الطَّيِّبَاتِ وَفَضَّلْنَاهُمْ عَلَى كَثِيرٍ مِمَّنْ خَلَقْنَا تَفْضِيلًا) واتا خوای گەورە ڕێزی لەمرۆڤ گرتووەو پەیامی بۆ مرۆڤ ئاوەدانییە لەسەر زەوی بۆ بەدیهێنانی ئەم داواكارییەی خوای گەورەش موسڵمانان پێویستیان بە ژینگەیەكی ئارامە، بەو پێیەی لەسایەی ئەم فیكرە توندڕۆیەدا هەزاران كەس بەناڕەوا خوێن و ماڵیان كەوتۆتە مەترسییەوە، هەربۆیە بەهەموو شێوەیەك ئیرهابی فیكری و بیروبۆچوون و فیكری توندوتیژی حەرامە، بەتایبەتی خەڵكێك بەناوی بانگخواز و دینەوە بەرگی دینیان پۆشیوەو بوونەتە هۆی كارەسات و ئاژاوە و لێكترازان و دووبەرەكی و سەرئێشە بۆ كۆمەڵگە، ئەمە لەدوا گوتاری پێغەمبەر (د.خ) لە (حجة الوداع) فەرمویەتی: دروست نییە كەس خوێنی كەس بڕێژێت، لەقورئانیش ناوی مرۆڤ بە (مسلم – مۆمن) هاتووە واتا ئاشتیخوازو كەسێكی ئەمین و ئەمان، هەربۆیە ئەركی سەرشانی مامۆستایانی ئایینییە بەبەردەوام جەخت لەسەر ئەم پەیامە بكەنەوە، بەتایبەتی لەگەڵ هەڵكردنی ڕەشەبای فیتنەو دووبەرەكی كە زۆربەی بەهۆی تەیارو فیكری نامۆ بە ئیسلام دەكەوێتەوە، ئەوەی ئێستاش لەناوچەكەو دەوروبەرو ناوخۆی هەرێمی كوردستان ڕوودەدات، جۆرێكە لەو ئیرهابە فیكری و توندڕۆیی و توندوتیژییەی كە بەداخەوە بەناوی

**لەغیابی تەسەوفدا فیكری توندڕۆ و بیروباوەڕی تەیاراتی وڵاتانی كەنداو پەیدابوو، كە حزبە ئیسلامییەكانی كوردستان و جەماوەرەكانیان كەوتوونەتە ژێر كاریگەری ڕووكەشی دەقەكانەوە**

**تەنیا گوتاری ئایینی نییە كە پێویستی بە چاوپێداخشاندنەوە هەیە، بەڵكو گوتاری سیاسی و كۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنیشمان هەر بەو جۆرەیەو هەست بەلێپرسراوێتی ناكرێت**

**بەهەموو شێوەیەك ئیرهابی فیكری و بیروبۆچوون و فیكری توندوتیژی حەرامە، بەتایبەتی خەڵكێك بەناوی بانگخواز و دینەوە بەرگی دینیان پۆشیوەو بوونەتە هۆی كارەسات و ئاژاوە و لێكترازان و دووبەرەكی و سەرئێشە بۆ كۆمەڵگە**

ئایینی پیرۆزی ئیسلام دەکرێت، کە زۆر مەترسیدارە بۆ میللەتی کورد، چونکە لەناوچەکەدا کورد میللەتێکی موسڵمانی زوڵم لێکراوی قوربانییەو بە نانەوەی پشێوی و ئاشوب زیانمەندی سەرەکی ئێمە دەبین.

*** بەڵام زۆر لەگوتاری ئایینی و مینبەرەکانی مامۆستایانی ئایینی هەست بەو لێپرسراوێتییە ناکەن و بەردەوامن لەسەر وتاری توندڕۆیی و توندوتیژی؟**

- ئەوە تەنیا گوتاری ئایینی نییە کە پێویستی بە چاوپێداخشاندنەوە هەیە، بەڵکو گوتاری سیاسی و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و راگەیاندنیشمان هەر بەو جۆرەیەو هەست بەلێپرسراوێتی ناکرێت، پێویستە جەخت لەسەر گوتاری میانڕۆیی ئایینی و نەتەوەیی و نیشتمانی بکرێت کە هەڵقوڵاوی فقهی ئیسلامی رەسەنەو ئومێدو ئامانجی خەڵکییە، لەمەشدا مامۆستایانی ئایینی رۆڵی گرنگ و سەرەکییان هەیە بەوەی هەموان لەسەر سفرەو خوانێك کۆبکەنەوەو گرنگی بەپێکەوەژیان و لێبووردەیی بدەن و دەستبەرداری رق و کین و یەکترسڕینەوە بن.

*** هەر سەبارەت بەو فیتنەو ئاژاوەیەی باستان کرد، کە ئەرکی هەموانە بە حزبە کوردستانییەکانەوە بۆ ئەوەی رۆڵی رەوانەوەی فیتنەو ئاژاوە بگێڕن، کەچی حزبی ئیسلامی هەیە بەئاشکرا هەست بەو گوتارە زبرو توندەی دەکەیت، ئایا ئەمە هۆکارەکەی چییە؟**

- ئاشتی و ئاشتەوایی ئەسڵی ئیسلامەو توندڕۆیی و توندوتیژی رەتکراوەتەوە. خوای گەورە لەقورئانی پیرۆزدا بەپێغەمبەرمان دەفەرموێت: (وَلَوْ كُنْتَ فَظًّا غَلِيظَ الْقَلْبِ لَانْفَضُّوا مِنْ حَوْلِكَ * فَاعْفُ عَنْهُمْ وَاسْتَغْفِرْ لَهُمْ وَشَاوِرْهُمْ فِي الْأَمْرِ) واتا ئەگەر پیاوێکی توندو زبر بیت، خەڵك لەدەورت کۆنابنەوە. سروشتی خەڵکی دژی توندڕۆییە و سیفەتێکی ناشیرینە بەتایبەت لەئایینی پیرۆزی ئیسلامدا، کە تۆ هەڵگری پەیامێکی ئاسمانی و پیرۆزی بۆ بەشەرییەت و بەناوی خواوە بڵاوی دەکەیتەوە. هۆکاری ئەو توندوتیژییەی لەناو هەندێك لە تەیارو فیکرە ئیسلامییەکانی نامۆ بەکۆمەڵگەی کوردستان و رەسەنایەتی ئایینی پیرۆزی ئیسلام هەیە، بۆ ئەو بەرژەوەندییە تەسکەی تاکەکان یاخود لایەنەکان دەگەڕێتەوە کە تێکەڵ بووە بە ئایینی ئیسلام، خوای گەورەو میهرەبان بە پێغەمبەری فەرموو : ﴿ فَبِمَا رَحْمَةٍ مِنَ اللَّهِ لِنْتَ لَهُمْ) واتا تۆ پاڵپشتییەکی خواییت لەپشتە کە دەبێت نەرم بیت لەگەڵ خەڵکداو لەگەڵ نارەحەتیەکاندا بەسەبر و تەحەمول بیت، پێویستە ئەو ئازارو مەینەتییانەی ئەمڕۆ خەڵك بەدەستییەوە دەناڵێنێت، ئیسلام چارەسەری بۆ بدۆزێتەوە، نەك لەلایەن حزبەکانەوە زیاتر بورووژێنرێت و بەرگێکی دینی بکرێتەبەر.

*** ئەمڕۆ هێزی پێشمەرگە پارێزەری کوردستانەو توانی رووبەڕووی گەورەترین هێزی چەکداری تیرۆرستی ببێتەوە، هەر بۆیە لەعێراق و وڵاتانی دەوروبەر دەنگی دژایەتیکردنی پێشمەرگە دەبیسترێت، بەتایبەتی لەلایەن تەیاری ئیسلامی توندڕۆ و فیکری مەزهەبییەوە، ئایا مامۆستایانی ئایینی چۆن رووبەڕووی ئەو تەیارو فیکرە مەزهەبی و توندڕۆیانە دەبنەوە؟**

- پێشمەرگە پارێزەری گەلی کوردی موسڵمان و هەموو ئایین و ئایینزاو نەتەوەکانی کوردستانە، بەخوێنی ئەوان سنوورەکانی کوردستان دیاریکرا، مامۆستای ئایینی لە مزگەوت و کۆڕو کۆبوونەوەکاندا دوعای خێریان بۆ پێشمەرگەو فەرماندەو سەرۆکەکەیان کرد، ئەم هەڵوێستەش بۆ تەسەوف لەناو کورد دەگەڕێتەوە، لەغیابی تەسەوفدا فیکری توندڕۆ و بیروباوەڕی تەیاراتی وڵاتانی کەنداو پەیدابوو، کە حزبە ئیسلامییەکانی کوردستان و جەماوەرەکانیان کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی رووکەشی دەقەکانەوە، هەر ئەوەش بووە هۆی ئەوەی لەجیهانی عەرەبی و ئیسلامیدا چەندین حزبی ئیسلامی توندڕۆی وەکو قاعیدەو تاڵیبان و جوندولئیسلام و داعش دروست بێت، هەربۆیە دەبێت ئێمە بگەڕێینەوە بۆ سەرچاوە ئیسلامی و گەورەو جوانەکانی خۆمان وەکو مەلا گەورەی کۆیێ و مەلا عەبدولکەریم مودەرس و ئیبن قەرەداخی و شێخانی بیارەو شێخانی بریفکانی و پیاوانی تەریقەتی قادری و دەیان فیکرو تەریقەتی دیکە کە هەڵگری پەیامی مرۆڤایەتی و میانڕۆیی و نەتەوەیی و نیشتمانین، هەموو فکرێکی توندڕۆی ئیسلامی لەلایەن تیرۆریستانەوە سوودی لێوەردەگیرێت و داعشی لێ بەرهەم دەهێنرێت کە بەناوی قورئان و سوننەتەوە قسەدەکەن و بە رووکەش نوێژو باوەڕداری دەکەن و لەرووی فیکرەوە تێنەگەیشتوون و بڕیاری هەڵە دەدەن. ئەوانە وەکو ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەر وان کە دەفەرموێت ئەوانەی لەدین دەرچوون، وەکو تیر لە کەوان دەردەچن، واتا پێوەندییان بەدین نەماوەو کافرن، ئەم گروپە لەسەردەمی ئیمامی عەلی رەزای خوای لێبێت پێیان دەگوترا خواریج و گەورەترین فیتنەو ئاشوبیان لەناو موسڵمانان نایەوە و زوڵمیان لەموسڵمانان و جامیعەی ئیسلامی کرد.

**ئیسلام بەدروستبوونی دەوڵەتی کوردستان پارچە پارچە نابێت و بیانووی پشێوی و ناتەبایی نێومالّی کورد نابێت هۆکارێک بێت بۆ دواخستنی ئەو مافە شەرعییەی گەلی کورد**

**چۆن خەڵکانێک دەوڵەتیان بۆ خۆیان بە رەوا دەزانن، هەرواش دەبێت بۆ ئێمەش پێیان رەوا بێت. هیچ شەرع و یاسایەکیش نییە راگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان رەت بکاتەوە**

**مامۆستایانی ئایینی دەبێت رێنمایی و رێپێشاندەری خەڵک و سەرکردەکان بن بۆ یەکگرتنی هەموو تواناکان بۆ ئەوەی بە وریایی و ژیرییەوە لەگەڵ گۆڕانکاری و رووداوەکان مامەڵە بکەن، تاوەکو گەلی کوردی موسڵمان بە ئامانجەکەی بگات کە دەوڵەتی کوردستانە**